


chalakmuhamad@gmail.com

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری
وسەرنووسەر

مصلح جەلالی

دەستەی نووسەران

اکرم محمود سمین

سکرتێری نووسین

دکتور احسان فؤاد
دکتور کاوس قفتان
دکتور عزالدین مصطفی رسول
مصطفی نریمان
محمد مصطفی حمه بۆر
محمود زامدار
صلاح شوان
سگڤان عبدالحکیم
محمد سلیم سواری

سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان
هناء صباح
مونتیف وخۆش نووس: نزار بەزاز

## لەم ژمارەیەدا

● تۆماری جەنگ:
- بۆ چاڤینە کەکێ صدام ............ هەوار بابکر ٢
- سەرکردەو شەهید ............ جمال احمد ٤
- شەهادەت بەرزترین پلەی قارەمانێتیە و ............ باوکی ئازاد ٧
- شەهید ............ رەنج ٩
- نەخشە ............ حمید علی ١١
- شەهیدی خاك ............ مکرم رشید ١٤
- دایکی خواست ............ شفیق محمود جاف ١٦
- شەهید ............ ئاهەنجەر ١٨
● لێکۆڵینەوە...
- شاعیری گەورە [مەولەوی] ............ محمد صالح دیلان ١٩
- کەلەپوری کۆکردنەوەش شارەزایی دەوێ ............ محمد علی قەرەداغی ٢٣
- درامای رامیاری ............ حیدر عبدالرحمن ٣٢
● چیرۆك
- پالی بەرز ............ و ـ احمد کریم ٣٨
- گرەو ............ و ـ سرگوڵ ابراهیم ٤٠
- کە دڵ لەبێتە فرمێسکی شادی ............ د. هیوا عمر احمد ٤٤
رەخنە:
- هەندێ تێبینی ............ هاشم کاکەیی ٤٦
- شەوێکی مەیخانە نەمرەکەی ئۆرۆك ............ خالد مویکار ٥١
● شیعر:
- وەسەجادەیە لە ئامێزی فرمێسك و ئاگردا ............ قوبادی جەلی زادە ٥٤
- بۆ حەسیب قەرەداغی شاعیر ............ محمد أمین پێنجوینی ٥٥
- ئەمان جانێ ............ صبری هەکاری ٥٦
- وەنەوز ............ فریدون سامان ٥٧
- سەما ـ هەنگوین.. برین ............ بکر حسن ٥٨
● کەلەپور:
- گەوهەرێك ............ غفور میرزا کریم ٦٦
- خوێنەری خۆشەویست ............ مصلح جەلالی ٦٩
- دەربارەی دەرچوونی بەیان ............ د. اکرم فاضل ٧٠
- گۆشەیەکی بیرەوەریم ............ کاکەی فەلاح ٧١
- سەقدە مۆم بۆ جەژنی بەیان ............ طاهر صالح ٧٢
- بەراوردێك نێوان ............ مصطفی نریمان ٧٤
- ووشەی پیرۆز ............ یاسین طه ٧٦
- یادی بەیان ............ صلاح محمد ٧٨
بەرهەمی لاوان
● راپۆرتی رۆشنبیری:
- راپۆرتی هەولێر ............ شیرزاد عبدالرحمن ٧٩
- راپۆرتی سلێمانی ............ باوکی شنە ٨٣
- راپۆرتی بەغدا ............ سعید زەنگنە ٨٤
- بانگەوازێك ............ ع.و. نوری ٩٢
● پانەی بەیان ............ ئاسۆ ٦٤
● دوا ووشە ............

دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی

مەیدانی خەلانی ـ بەغدا ـ

ت 8875795 (5) خەت

**تکاوگلەیی: ـ**

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.

بەرگی یەکەم: کچە کوردێکی خنجیلانە.. جوانە فاضل

بەرگی دووەم: دیمەنێك لە کوردستان

ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار


chalakmuhamad@gmail.com

# بۆ چاڤێتە کەکێ صدام

هەوار بابکر

بۆ چاڤێتە کەکێ صەدام
دلێت تیرن یێ ڤەدگیرن

چاڤێت زەلال پر هنێرن
ل هەمی گاڤا ئەو دلێرن
گولێت ژینێ دگەل ڤیانە

رەوشەنا خو بو تنێرن

ڤا ئەستێرا دگەل دیلانە
کوڤانێت خو ناڤدا دهێرن
ئەوا چاڤا وەلات حەباند
رەها ژینێ ل چاڤا جڤاند

نەهێلا بێ یار ببیت
ب هزار هیڤیا ئالاند

ئەوا چاڤا تارێ رەڤاند

لەو وەلاتی خەمل هەلاند
کەفتە رێکا مرادا

وەك سیارا خو لێ دادا
ڤی وەلاتی پشت نە چەماند
هوزانا خو سەربەست ڤەهاند

لیسێ قەلا جانێ دڕاند
کوترا ڤینێ ل سەر فڕاند
چاڤێت تەنە چاڤێت چیا
ب جانی تینت باریت خوزیا

بۆ هیلینا دانی دچینن
داگوڕ نەبنە دەڤێت کیڤیا
سپێدەنە ب روژێ دخوڕن
خوش ل نەخوشیا دویر کرن

ژوا چاڤا ئەم تەژی بۆین
هندی مە ژێ فەخار ڤیان
هندی مە ژێ خار ژیان
گەشبۆن گەشبۆن ئەستێرێت جان

کەڤی کەهشتەف بەفرا خو
شالیل زڤری بو لاتا خو
بلند بون بەژنێت چیا

چیکێت ڤینێ روبیار رژیان
کەوا وەلاتی سەر بلندکر
ب شانازی هێلین چێکر

رێکا نارینا ئاڤا کر
گوڕبون ئاوازو ستران
بروناهیا ئەوا چاڤا

هەر بوهارە ل هەمی گاڤا

شەمالێت مە جان هەلکرن
بوونە چیمەن گولێت ساڤا

مەڤیانە دگەل وا چاڤا

پێگڤە دژین بیك و زاڤا
وەلات وەلاتە ب چاڤێتە
روژ لێ روژە ناچیت ئاڤا

خەملاندینە چەپەریت تە
بجەرگێ شێرا و خورت و لاوا

نازدارێمە بابێ واری
تە جان خەملاند دلێ ژاری

ژوا چاڤا ژینا دیاری
برس رژیا بۆ نەیاری
چاڤێت خڕا زلن و زلن

ل هیڤیا تەنە ب ئەڤینداری
ل هەمی چاڤا تەژی کلن

بۆ دیتناتە بابێ واری
کاروانێ تە دێ ب رێ کەڤیت کەکێ
صەدام

دەنگێ مرادا ب سەر دکەڤیت
ژیان بارانە بو دکەڤیت

چەند دریژبیت شەرێ ژینێ
چەند برێژین چیکێت خینێ
کاروانێ‌تە هەر دێ هەبیت

ناڤێ کاروانی نا کەڤیت

دێ رێ کەڤیت دێ رێ کەڤیت

کاروانێ تە روژا ژینێ

شێرە ل وەلاتی نا رەڤیت
دەنگێ کاروانی خڕن

ژعڤتاکاروانی دپڕن
سوزو سویندو باوەرن
بو کاروانی پێگڤە ب مرن

کاروانێ تە هو نازدارو
هزار هزار هزاران

سینگێ کاروانی وەلاتە
چیاو دەشت ونزارن

هیڤیا کاروانی مللەتە
پالەو ورێنجبەرو جوتیارن
هۆ سەرکێشۆ هۆ تاز دارۆ
سەرڤرازە کاروانێ‌تە ل هەمی رِیا
یێت درینت بێ د حەلینت
دەحل و قولاچکێت تاریا

چەپەرێت دوژمنا سستن
ل رِیاکاروانی ناراوەستن

کاروانێ تە هەر بوپێشە
دبوریتن د بوریتن
ناراوەستیت چوو قوناغا
مرادێت خو دڤەهینێت
هو شڤانو بەردە پەزی
بلا ب چێریت بوهار جانە
شەنگە بیری بوتە بەزی
ئەف وەلاتە بێ ب خودانە
هو رێنجبەرۆ بژی‌تەنا
بابێ مەیە کەکێ صەدام پشت و پەنا

ئەو خوها ل ئەنیا تە دێت
نازك خوناڤە ل سەر گەردەنا
بن سیەرا ڤی هوگری
گوڤەندە دایکێت رەبەنا

# سەرکردەو.. شەهید

- جمال احمد -

ڕۆژی شەهید، گەلێك مانایەکی قووڵی هەیە، ئەو ڕۆژەی کە دەستەی تاوانکاری ئێران لە یەکی کانوونی یەکەمی 1981 بەبێ ڕەچاوکردنی هەموو مانایەکی مرۆڤایەتی هەڵسان بە تیر باران - کردنی چەندان بە دیل گیراوی عیراقی، ئەم تاوانە مێژووییەش بە روون و ئاشکرا دەری دەخات کە ڕژێمە بوگەنەکەی خومەینی، کە داوای ئیسلام و دروشمی ئیسلام دەکات، تاچ ڕادەیەك پڕ رق و کینەیەو چەندە بە بوگەنی هەڵس و کەوت دەکات و ئەم کارەساتەش باشترین بەڵگەیەکە ڕادەی چەپەڵیەتی ڕژێمەکە دەنوێنێ بەرامبەر بە عیراقی سەرکەوتن.

شەهیدان ئەو مرۆڤە بە جەرگەنە کە گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ بیرو باوەڕو هەمیشە لە لاپەرەکانی مێژوودا بە نەمری‌ی دەمێننەوە، چونکە لە پێناوی وڵات و خاك و بیرو باوەڕ خوێنیان ڕژا..

شەهید لەلای هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە تەماشاکراوە، بۆیە هەمیشە خێزان و کەس و کاری شەهیدانی بەسەر کردۆتەوە هەموو هۆیەکی حەسانەوەی بۆ مسوگەر کردوون، ئەم راستی‌یەش لە زۆر لاوە دەرئەکەوێت.. سەرۆکی فەرماندە هەمیشە کەس و کارو خێزانی شەهیدانی بەسەر کردۆتەوە، چ بە هۆی سەردانی بەردەوام بۆیان، چ بە پێشوازی کردنیان لە بارەگای تایبەتی‌دا. هەروەها لێ کۆڵینەوەی کاروبارەکانیان و زامن کردنی هەموو پێویستی ژیانیان و ئەمەش راستی ئەوە دەنوێنێ کە سەرەکی فەرماندە هەموو دەم بە چاوەدێری باوکانەوە تەماشای خێزانی شەهیدانی کردووە.

سەرکردەی گەل لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی خێزانی شەهیدان بووە، بۆ نموونەو بەڵگە ئەم چەند خاڵە دەهێنینەوە یاد کە دڵسۆزی سەرکردە بەرامبەر بە گەل بە گشتی‌و شەهیدان بەتایبەتی دەنوێنێ..

سەرەکی پێشەوا، دوای ئەوەی کە سوپای دلێرمان لە - 28ی - ئەیلوولی 1980 دوژمنی شکاند، ووتەیەکی پێش کەش کردو تیایدا دەست نیشانی بایەخی گەورەی «شەهید»ی کردو فەرمووی:

«خوا رەحم بە شەهیدان بکات کە لە جەنگی شەرەفمەندی‌و سەربەرزی‌دا شەهید بوون... گەلەکەمان بە شانازی یادیان دەکاتەوە... خوێنی گەشیان شکۆمەندییەکی تازە دەبێ بۆ رووناك کردنەوەی ڕێگا».

● بەڵام بەبوونەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە ووتەیەکی خوێندەوە لە ڕۆژی 1980/10/18 دیسانەوە بەوەفادارییەکی گەورەوە یادی شەهیدانی کردەوەو فەرمووی:

«نەمری بۆ ئەو شەهیدانەی کە مێژوو بەو پەڕی شەرەفمەندییەوە بۆیان تۆمار دەکات کە عیراقیان ڕزگار کردو لەگەڵی‌دا نەتەوەو پارێزگاری مافی رەوایان کردو پارێزگاری ئەمانەتیان کرد لە پێناوی ئەوەی رۆڵەکانمان و ئەوانەی دوای ئێمە بە هێمنی‌و ئاسایش و بەنەمری‌و سەربڵندی بژین».

● لەکاتی سەردانی سەرەکی فەرماندە بۆ خێزانی یەکێ لە شەهیدە نەمرەکان لە ڕۆژی 1980/11/10 فەرمووی: «بەڕاستی قوربانی‌دانی شەهیدانمان جێگای شانازی عیراقیەکانەو جێگای شانازی عەرەبە، مەدالیای شانازی پێوەکردنە».

● لە سەردانێکی تری سەرەکی فەرماندە بۆ کەس وکاری شەهیدان لە ڕۆژی 1980/11/10 فەرمووی:



«شەهیدانی نەمر شەرەفمەندییەکی گەورەیان پێ برا لە لایەن خواو گەلەکەیانەوە، ئێمە هەموومان پلەیەك لە ئەوان نزمترین، چونکە قوربانیان بە خۆشەویسترین شتێك دا لە ژیان، شەهیدانمان زیندوون لە ویژدانی گەلدا، چونکە قوربانیان بە گیانی خۆیان دا بۆ ئەوەی ژیانی سەربەستیو سەربلندی بۆ گەل زامن بکەن.. بۆ نیشتمان شکۆمەندی.. شۆرش چاوەدێری کەس وکاری شەهیدان دەکات و لە باوەشیان دەگرێت بە شێوەیەکی تایبەتی کە لەگەڵ قوربانیدانیان یەکتر بگرێتەوە کە لە پێناوی وولاتەکەیان و شکۆمەندیو بەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب بۆ بنیاکردنی ئەمرۆو پاشەرۆژی رووناك».

● لە رۆژی 1980/12/24 لە سەردانێکی خێزانی شەهیدێکی تردا فەرمووی:

«شەهید بوون شەرەف و جێگای شانازیو سەربلندی هەموو هاوولاتیانە».

● لە ووتەیەکی مێژوویی دا کە بەبۆنەی جەژنی سوپاوە لە 6ی کانوونی دووەمی 1981 خوێندیەوە زۆر بە درێژی باسی گەورەی شەهیدی کرد کە لە مێژوودا تۆمار دەکرێت و گەلێك واتای قووڵی نیشتمانی هەڵدەگرێت و فەرمووی:

«ئێوەش، ئەی شەهیدە نەمرەکان، سلاوی گەورەیتان لێ بێ، ئەی نەمرەکان، کە نموونەیەکی بەرزتان لە قوربانیدان پێش کەش کردو رۆڵەی بەوەفا بوون بۆ باوو باپیرانتان، کە نامەی پیرۆزی ئیسلامیان بلاو کردەوە، نامەی هەق پەرستیو دادوەری لە هەموو جیهاندا.

ناوتان بەڵگەی مەزنی وولاتەکەتانەو رووناکیەکی ئەوتۆیە کە رێ رووناك دەکاتەوە لە بەردەم گەل لە رێگای بیناکاریو سەربلندی».

● لە ووتارێك دا کە سەرکردە بەبۆنەی سیانزەمین ساڵەی شۆرشی تەممووزەوە لە 17 ی تەمووزی 1981 خوێندیەوە، فەرمووی:

«ئەی شەهیدانی نەمر، ئێمە قسەتان لەگەڵ ناکەین وەکو ئەو کەسانەی کە لە نێوانماندا کۆچیان کردووە، بەڵکو وەکو پیاوانی زیندوو کە لە نێوان رۆڵەکانی گەلەکەتاندان و لە نێوان براکانتان لە هێزی سوپایی دا، سەرو گیانتان لە پێناوی هەق بەخشیو بوونە قوربانی عیراق و نموونەیەکی بەرزتان دایە ژیان.

کەس و کارتان سەریان بە ئێوە بلندە لە نێوان خەڵك داو هاورێکانتان خواستی ئەوەیانە بگەنە پایەی ئێوەو ئەمە سەربەرزی لە دوای سەربەرزییەو نەمری دوای نەمرییە».

● هەر لەو ووتەیەدا رووی قسەی کردە کەس وکاری

شەهیدان و پێی وتن:
«ئێوەش، ئەی کەس وکاری شەهیدان، ئەی عیراقیە نەمرەکان، شتێکتان دایە نیشتمان کە لە هەموو شتێك بەنرخترە، ئێوە بۆ عیراق پیاوی مەزنتان هێنایە کایەوە».

● بەڵام لە وتاری سەرکردەی مەزن بە بۆنەی جەژنی سوپاوە لە 6ی کانوونی دووەمی 1982 فەرمووی:
«لەم جەژنە نەمرەدا پیاوە نەمرەکان بەرامبەرمان دەوەستن، ئەو شەهیدە نەمرانەی کە سەریان بەرزکردینەوەو نموونەیەکی بەرزی ئازایەتیو قوربانی دانیان پێش کەش کرد.
کەوابێ سلاویان لێ بێو بەڵێن بێ لە هەموو- عیراقیەکان کە لە کاروان بەردەوام بن و بەڵێن بپارێزن.
سلاو لە کەس وکاریان، کەسەر بڵندن... بۆ ئافرەتیان کە بە نەمری دەرازێنەوە...
سوپاس بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە باشترین رۆڵەیان بەرهەم هێناوەو سوپاس بۆ خوا کە ئەم هێزەی داوە پێمان لە رێگای بیرو باوەرو شەرەفمەندیدا».

● پایەی شەهید لای سەرکردەی گەل صدام حسین لەوەدایە کە هەرگیز نەمریو سەر بڵندی دەبێتە مایەی ئەو کەسەی لە پێناوی گەلەکەیدا دەبێتە قوربانی.
لە رۆژی 17ی تەممووزی 1982 فەرمووی:
«هەرچی دەربارەی شەهید بڵێین لە قسەو رێز، شایانیانە، بەڵکو پێویستمان بە بارێکی گونجاوتر هەیە بۆ دەربرین و نرخ دان بەو نەمرانەی کە دەوری دیاریان هەبوو لە بەرزبوونەوەی ئالای عیراق و پارێزگاری کردن لە خاك و ئاسایش منداڵان و شەرەفی ئافرەتان و پیرۆزیی کە لەپوورو بیروباوەر. ئەی عیراقیەکان... شەهیدان، جێگایەکی تایبەتی لە ویژدانمان دەگرنەوە، هەروەها لە ئەقڵمان.. ئەوەندە بەسە کە شەهیدان میوانی خوای مەزنن و ئەوان بە شێوەیەکی تایبەتی خاوەنی شەرەفی راستەقینەن لە مانەوەی ئالای بەرزی عیراق...».

● لە وتارێك دا کە سەرکردەی قارەمان لە رۆژی 6ی کانوونی 1983دا خوێندیەوە فەرمووی:
«هەموو سلاو شانازییەك و وەفایەك بۆ شەهیدانی نەمرو ئەوانەی کە خوێنی خۆیان بە عیراق و خەڵکی عیراق بەخشیو بوونە چراو رێمان بۆ رووناك دەکاتەوەو بوونە نیشانەیەکی دیاری شانازیمان، ئەوان لە ئێمە هەموومان شکۆدارترن».

● لە یادی پانزە ساڵەی شۆرشی 17ی تەممووزی 1983 فەرمووی:
«ئێوەش ئەی شەهیدانی خۆشەویست، ئەی ئەوانەی لە ئێمە شکۆدارترن، ئەوەی کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین و خۆمانی پێ هەڵئەدەین، لە ئەنجامی خوێنی ئێوەیە لە ئەنجامی توانای بە هێزتانە کە رووبەرووی مردن بوٚوە، بۆ ئەوەی ژیان دروست بکات بۆ نیشتمان و خەڵك و مێژووی پرشنگدار بگەرێتەوە...».
لە پاڵ ئەمانەدا کە نموونەی زیندوو بوون، سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین منداڵی شەهیدانی لە باوەش گرتووە، چونکە سەرکردە باوکی هەموو عیراقیەکە بە کوردو عەرەبەوە.. نەخوازەڵلا بۆ شەهیدان کە گیانی خۆیان کردە قوربانی خاك و نیشتمان و نەیان ویست ئەم وڵاتە سەربەرزە رۆژی رووناکی لێ ئاوابێت.
بەرێزی لە چاو پێکەوتنیدا لەگەڵ سەرکردەکانی رێکخراوی فەلەستین فەرمووی:
«ئامادەین پێنج هەزار شەهیدی تر بدەین لە پێناو بیروباوەر» کە ئەو بیرو باوەرەی کە عیراقیەکان لە پێناویدا خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ پاراستنی خاك و هەق و لە پێناوی سەربەرزی ئەم وڵاتە سەربڵندەی عیراق.

به بونەی رۆژی شەهیدی نەمرەوە..

پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتن شیوەن و گرین.

نامرن ئەوانەی والە دڵی میللەتا ئەژین..



# شەهادەت بەرزترین پلەی قارەمانێتی و شای قارەمانەکانە

لەم رۆژەدا . گەلی مەزنمان لە سەرانسەری نیشتمانی عیراقی پیرۆز و خۆشەویست و سەرکەوتوومانداا، بەبۆنەی یادی پیرۆزی رۆژی شەهیدی نەمرەوە. رۆژی لە هەموومان شکۆمەند و بەرێزتر و خاوەنی پەیمانی بە هێنەری بەڵێن و وەفاداری و خۆبەخت کردن لە پێناوی پارێزی کردنی شەرەفمەندیو و ئاسایشی گەل و ئێستا و پاشەرۆژەوە، کە بە خوێنی ئاڵ و بێگەردی جوانترین نەقشەی پاراستنی سنوری رازاندۆتەوە.. بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆز و نەمرەوە ـ ئاهەنگ ئەگێرێ.. ئاهەنگی ئەو نەمرانە کە هەمیشە لە دڵ و دەروونی گەلدا ژیاون..

لە. سەر لاپەرە زێرینەکانی مێژوودا تۆمار کراون کە نیشانە ونمونەی خۆبەخت کردن و چرای رۆشن گەری رێگەی قارەمانێتی و سەربەرزی و بڵندین لەم رۆژەدا.. گوڵی باغی بەهەشتی پێبەخشراون لە لایەن خواوەندی مەزن و بەخشێنەر و میهرەبانەوە..

لەم رۆژەدا لەرێکەوتی بەرواری 1982/12/1 ـ دا ـ پێشی سێ ساڵی لەمەو بەر، دار و دەستەی تاقمە خوێن رێژەکەی رژێمی ئێرانی چەپەڵ و بوگەنی و بەکرێ گیراوی و بێگانە پەرست و دوژمن و کینە لەدڵ بە چەپەڵترین کارێکی نامرۆڤانێتی و درندەی هەستاوە کە هەتاکو ئێستا لەژیانی مێژوودا رووی نەداوە، بەتایبەت لە مێژووی جەنگدا، کە ئەو تاوانبار و خوێن رێژانە هەستان بە کوشتنی دیلە عیراقیەکان لە جەنگی بستێندا، ئەم رژێمە بو گەنیوە بەم کردەوەیە دوپاتی بەرزترین پلەی درندەیی خۆی دەکات و دەرچوونی لە چوارچێوەی پەیمانەکانی نێو دەوڵەتان دەربارەی دیلەکانی جەنگ. بێگومان رژێمی تاوانبار لەم کار و کردارە درندەییەیدا دەربڕینێکی بێسنوری دەربڕبوە لە کینە بازیدا کە بە درێژای مێژووی رابردوو لە دڵیدا کوێ بەستوە دژی گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەبی کە زۆر بە ئاسانی خۆی دەرخستوە لە رووی ناخ و سروشتی دوژمنکاری و درندەیی، بەڵکو ئەوەش ـ وەك گومانی نیە ـ نیشانە و نمونەیێکە کە ئەم رژێمە پێی هەستاوە لە



چەپەڵترین کاری تاوانباری و نامرۆڤایەتی و دوور گرتنی لە هەموو ڕێنمایـیـەکـانی ئاینی ئیسلامی و بیرو باوەڕەکانی مرۆڤایەتی، بێگومان ئەم کار و کردارە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە ڕژێمی تاوانبـاری ئێرانی لەسـەرویـدا ـ مام خومێنی ـ بەناوی ئیسلام و ئیسلامەتیەوە بازرگانی دەکات، ئەم ناوەی کردوتە تارا و سەرپۆشێکی ئاسان. . بەڵام ئاینی ئیسلامی و ناوی ئیسلام زۆر زۆر لەو بیرو باوەڕەی ئەم تاقمە تاوانبارە بەرز و بڵـنـد و پیـرۆز ترە. . چونکـە تارا و شەرپـوشیـەکەی خومێنی و تاقمی ڕژێمە پووچەڵەکەی بەئاسنی مەبەست و ئامانجە فراوانخوازیەکەی پیشان دا بەرێگەی دوژمنکاری و دەستدرێژیەکانی بۆ سەر خاکی پیرۆزی عیراق.
کە لە هەموو ڕوویەکی ئاینی و مرۆڤایەتیەوە دوورە. .

بەڵێ هەتـاکـو ئێستـاش ئەو ڕژێمە تاوانبارە بەردەوامە لە ڕەوشتی نامـرۆڤـایـتی خۆیـدا بەرانـبـەر بەدیلە عیـراقیەکان و دوور گرتنی لە پەیمانەکانی «جنیف» بەپێچەوانەی عیراق لە پەیرەوی/ڕاپەراندنی ئەو پەیمانانە دەرهەقی دیلەکانی جەنگ کە عیراق بە باشترین و جوانترین شێوەی ڕەوشت لە گەڵ دیلە ئێرانیەکاندا دەجوڵێتەوە، ئەوەش کە بۆ هەموو گەلان و ڕێکخراوەکانی جیهانی ئاشکراو و ڕوون بووەتەوە لە نێو ئەو سەردانـە هەمیشـەییە کە لەلایەن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی جیهانیەوە بڵاو کراوەتەوە لە کاتی سەردانی بە ئۆردوگاکانی دیلەکان.

لەگـەڵ ئەوەشـدا. . سەرەڕای ئەم هەمـوو دوژمنکاری و دەسـتـدرێـژی کردنـەی ڕژێمی پوچـەڵی ئێرانی خومێنی بۆ سەر خاك و گەلی عیـراق و تێپـەڕ بوونی پێنج ساڵ و سێ مانگ بەسەر ئەم جەنگە کە بەسەر گەلی عیراقدا سەپاوە. .
گەل و سوپای عیراقی هەموو ڕۆژێك سەرکەوتنی نوێ تۆمار دەکات لە هەموو بەرەکانی جەنگدا بەسەر سوپای شکست هێنەری ئێراندا.

گەلی عیراقی سەرکەوتوومان لەژێر ئاڵای حزبەکەیدا ـ حزبی بەعـسی عەرەبی سۆشیـالـست، بەرابـەری و سەرۆکـایەتی شۆڕە سواری گەل و نەتـەوە هەڤـاڵ تێکۆشـەر

صدام حسین پرۆژەیێکی هەمیشە بەردەوامە لە خۆبەخت کردندا لە پێناوی نیشتمانە پیرۆزەکەی - نیشتمانی عیراق و بەرگری کردن لە سەربەستی و سەربەخۆیی و بیرو باوەڕوکانی شۆڕشە مەزنەکەی، شۆڕشی «17 - 30»تەمموزی مەزن و دەستکەوتەکانی، کە رۆح و گیانی پاکی شەهیدانی بووەتە بناغەی سەرەکی راگرتنی داری ئالآی بەرز و شەکاوەی عیراق لە سەر چیاوو هەرد و دەشتەکانی بەرەکانی جەنگدا کە بەربەستێکی توند و قایمە دژی سوپای تاوانباران بەڵی. . رۆحی شەهیدان ئەو رۆحەن. . ئەو هەستەن. . ئەو نمونەیەن ئەو بناغە سەرەکیەن وەك سەرەك پێشەوا هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین فەرمویتی لەکاتی بەخشین و هەڵواسینی نیشانەی «وسام» رافدەین بەسەر سنگی دایك و باوکانی شەهیدان و خێزانانی شەهیدان. . فەرمویتی. . «ئێمە ئەو رۆژانە بەرچاو ئەخەین لەم رۆژەدا بە هەموو واتاییکی پیرۆزەوە کە لە پێناویدا رۆڵەکانتان - رۆڵەکانی عیراق خۆیان بەخت کردوە بۆ بەرگری کردن لە عیراقی مەزن و نە تەوەی عەرەبی و بەرگری کردنە لە بەرزترین نمونەی رەوشت کە رێبازی شۆڕشی تەمموزی مەزن و پیرۆز ئالآکەی هەڵکردوە»

- سەلاوێکی رێزو شکۆمەندی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی. . . عیراق . . ئەوانەی لە هەموومان شکۆمەند و بەڕێز ترن

- سەلاوێکی بەرز و بەر رێزی بۆ دایك و باوك و خێزانانی ئەوانەی کە هەمیشە لە دڵ و دەرونی گەلدا ژیاون. .

- هەمیشە سەرکەوتوو بێت ئالآی سەرکەوتنەکانمان بەرابەری و پێشەوایتی سەرکردەی دلێرمان هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین. .

- مردن و سەر شۆڕی ر سوایی بۆ دوژمنانی گەلی عیراق و نەتەوە، لە رژێمی چەپەڵ و بوگەنی و بەکری گیراری. . ئێرانی خومێنی. .

# شەهید

رەنج

ب راستی نرخێ گیانی ناهێتە کرین و بازارکرن. . چونکی گیان ژهەمی تشتا مەزنترەو بەرزترەو مروڤ گیانێ خو ب چ نادەت و بەرامبەر چ تشتا نافروشیت. . لێ گەلەك جارا دەمێ هندەك تشتەك رویددەن، مەزاختن یان نەمانا گیانی بەرامبەر ڤان رویدانا دبیتە کارەکێ فەرو پێویست. . ئەڤجا راستەو سەد جارا راستە گیان فەوتاندن لە پێناوی وەلاتێ و شەرەف و پاراستنا ئاخا وەلاتی کارەکێ هەژییەو پیروزە، چنکو گیان و ژیان ئەوە مروڤ بژیت لسەر ئاخا خوب شەرەف و کەرامەت و سەربلندی. . . شەرەف و مێرخاسی ئەوە مروڤ ستەمێ و دەست درێژیێ و تەعدایێ ژ کەسێ قەبویل نەکەت، بەلکو دژی ب راوەستیت و بەرگریا وێ بکەت.

دەمێ رژێما خومەینی ل بەری شەش سالا هێرش کریە لسەر ئاخا عیراقا پیروز، ئەوان چ حیساب بو کەرامەت و مێرخاسیا عیراقیا نەکر. . لێ حسابا وان خەیالانە چوو کورێت عیراقی ژ کوردو عەرەباو کێماتیا گورەپانێت شەری پڕکرن ژ کەلەخێت فارساو گورەپا کرنە مەزنترین گورستان

بو عەجەمێت توخم پەرێس ئەوێت پێل هەمی سەخلەت و رەوشتێت مروڤـایـەتیو ئاینی نایو سەدا تاوان کری وەك تەحریفا قورئانا پیروزو وەرگرتنا چەکی ژ بنگەهێ زایونیو بکار ئینانا وی دژی عیراقیێت بوسلمان!!! ئو. . . هتد.

هەتا روژا 1 ـ 12 ـ 1982 تاوانەکا دیا مەزن کری دەمێ رابوی چەند ئێخسیرێت عیراقی لبەرا شەری گولله بارانکری!!!

ب راستی لدویڤ هەمی ئاینێت ئاسمـانیو هەمی یاسایێت دەولـەتیو مروڤـایـەتی گوللەبـارانکرنا ئێخسیرێت عیـراقیێ گەورەتـرین تاوانـە لچـەرخێ بیستێ. ئەڤ تاوانە و ئەڤ کارە بێ گومان دویرە ژ هەمی رەوشتێت ئیسلامەتیێو دەولەتی، چنکو لسەر دەمێ شەرێت کوفریو ئیسلامەتیێو دەمێ هێـزێت ئیسلامـەتیێ کافر ئێخسیر دکرن پێغەمبەری (س.خ) فەرمان د دا کو گەلەك قەدرێ ئێخسیرا بگرن و مامۆستا بو پەیـدا دکرن دا خویندنێ نیشابدەن و خورانێو رەحەتیێ بو پەیدابکەن.

دیسا ژ لایێ یاسایێت دەولەتی ژی ڤە ماددێ سیێ ژ رێکەفەتا جنێڤ یا دەولەتی ل سالا (1949) دبێژیت:ـ

«ئێـخسیـرێت شەرا دڤێت بێنـە چاڤـدێـری کرن و سەخێـرکـرن ب شێـوەکێ راست و دروست و مروڤـایەتیو نابیت بێنـە ئازاردان یان برسی کرن یان قوتـان یان بـ.ەزە حەرەسیێ یان کارکرنێو نابیت پارچەکێ ژ لەشێ وان ژێ ڤەکەن بو تاقیکرنێت تەندروستی».

**ئەڤـەیە دەستـوداری راستەڤینە ژ بو رێزگرتنا ئێخسیرا لێ خومەینێ دەجال پێل ڤێ هەمیێ ناو فەرمان دا ب گوشتنا ئێخسیرا!!!**

ئەڤجا بەرامبەر ڤێ رویدانێو ژ بەر گرنگیا پلا شەهیدا قوماندارێا رامیاری بریار دا کو روژا 1 ـ 12 روژا کوشتنا ئێخسیرێت عیراقیێ، ببیتە روژا شەهیدا. .

ب راستی دانـانـا روژەکێ بو شەهیـدا کارەکێ گەلەکێ مەزن و فەربوو، چنکو شەهید ژ مە هەمیا مەزنترو بەرزترە. .

شەهید ئەو قارەمانە ئەوێ خو کریە خەتیرە ژ بو ژیانەکا خوشتـرو سەربـەست و سەرفـەراز. . شەهیـد ئەو قارەمـانە ئەوێ سینگێ خو کریە ئارمانج بو گوللێت دوژمنیو نەهێلا دوژمن پێل ئاخا پیروز بنیت.

گەلی شەهیدا هوین ئەستیرا گەشن لئاسمانیو چ خامە نەشێن ب دروستـاهی دەرهـەقێ گرنگیـا پلا هەوە باخڤن و بنڤیسن. . . چنکو هەمی پەیڤ و نڤیسین بەرامبەر قوربانیا هەوە دکێمن.

لێ یاژ هەمیێ مەزنترو گرنگتر ئەوە هوین د دل و ویژدانا هەمی دلسوزو شەرەفمەندا دا دژین و هوین چ جارا ناهێنە ژ بیر کرن و [پیرەمیرد]ێ شاعرو تێکوشەر یا گوتی:ـ

**یێ ناوێ بو شەهیدی وەتەن شێوەن و گرین**
**نامرن ئەوان، والە دلی میللەتا ئەژین**

ئو ژبـلی پیـرەمیـردی ژی گەلـەك هوزانڤـانێت دی لکوردستانێو دەڤەرا عەرەبیو لجیهانێ بەحسێ شەهیدی یا کریو هەمیا شەهید یێ کریە مەزنترین مروڤ. . . ئەرێ گەلو چاوا مەزنترین مروڤ نەبیت ئەو کەسێ ب سینگەکێ فراوانە چاڤەنێریا گوللێت دوژمنی بکەت؟

ئو ل هەمـی دەمـاو ل هەمـی جهـا دوژمـن هەر یێ سەرشـورو نەهـەقـە. . ئو شەهیـد هەر مروڤەکێ سەربلندو خودان هەقە.

مرن بو رژێـمـا خومـەینی ئەوا چ سەنگێ بو مروڤیو مروڤـایـەتیێ نەدانیت. . ئەو رژێمـا بو خو بازرگـانیێ ب خوینـا گەنجێت ئیـرانێ دکـەت. . ئەو رژێمـا ب سەدا گەنجێت کورد ل کوردستـانـا ئیـرانێ سێدارەداین و گوتی مافێ ئوتونومی د قورئانێ دا نینە. . !!!

مان و سەربلندیو سەرفەرازی بو وان شەهیدێت کوردا ئەوێت ل کوردستانا ئیرانێ ل دەستێ رەشەکێت خومەینی هاتینە شەهیدکرن.

هزار هزار سلاڤێت وەفادارێی بو هەمی شەهیدا.




بوشەهیدێ قارەمان (ئاڤدەل)
ل بیرو هزرا نەبو جارەکا دی ڤەگەریتەڤەقوتابخانا خو پشتی بەری چەند سالا هێلای وخیندنا سەرەتای لێ تمام کری.

دەمێ بنگەها فیرکرنێ جهـ هێلای ل روژێت ئیکێ ژ چونا وی بو لەشکەرێ . وبچیتەئێك ژ وەحدێت لەشکەری ل جەبهێ. . ئامرێ بنگەهێ خاترخاستنا وی دگەل هەڤالێت شەرکەر کر پشتی هویڤیا داخوازا ژیانەکا لەشکەری خوشی کری بسەرکەفتنێت بەرکەتی ژ بو وەلاتێ خوشتڤی.

قەت باوەر نەدکر زەعیفیا لەشێ وی ئاستەنگا دێ ئێخیتە بەرامبەر شولێ وی. . بەلێ نەشیا حەزکرنا خو دیار کەتن بو چونا سنفێ مدەرەعا.

ئێشا دلنگێ وی دا هەمی هزرو بیرێت خوش هەرفاندن دەمێ دەست دانای لسەر خەریتێ ژ ئاخافتنا ئامرێ وەحدێ کو ئاڤدەلی هێزەکا دوژوار یاهەی بو ژێك جوداکرنا عەردی. .

ئەڤـە عەردێ مەیـە.. وپشتی دوو پێنگـاڤا یان پێتر دهاڤێژیت ژ نژکەکێ ڤەقیری دکەت وێ هە عەردێ وانە.

ل نوبـەداریـاشـەڤێ ودەورێت شەرکـرنێ وکـەمینا یێت تهێنە بنجهکرن ل عەردێ حەرام دگەل ئێك ژ ئەفسەرێت وەحـدێ ئە دبـو بەرپسیـارێ کومکێ بو جوغـرافیـا عەردێ لوەختێ زانیاریا جوغرافی نەخواندی یان زانیاریا بایولوجی یان وەکی ڤان شولا.

بەلێ شولا تایبەتی لنك،ئەوە ڤیانە!!

ئەڤەچ ڤیانە ئاڤدەل؟

- ڤیـانـا وەلاتیـیـە.. ڤیـانا خەلکێـیە.. ڤیانا خیرانێـیە باژێری من یێ جوانە، وڤیانا ڤێ.. ئیشارەت کر بدەستێ راستێ بو دەبـابێ یاکـول تەنشتـا وان.. وەختێ هەمی سەنگیـا خو مەخـەل دای لسـەر عەردێ وەکی ئاژدەهـاك ئەفسانە وەستیای.

وەختێ ماموستایێ جوغرافێ سەیدا رەشیدی داخواز ژێ کری کو خەریتا عیراقێ مەزن کەتن داکو دانن بەرامبەری قوتـابخـانێ.. پسیـار ژێ کرن چاوا دێ رەسم کەن وژمارا مەزن کرنا خەریتێ چاوایە.

ئاڤدەل بتنێ بو دناڤ هەڤالێت ویدا هویڤی ژماموستای کر کو خەریتە مازن بیت تەممەت دیوارێ قوتابخانێ..

ماموستای داخوازا ئاڤدەلی قەبیل کر وکومکەك پێك هینا هەر ئێك رابیت بشولا خو بو چێکرنا خەریتێ.

هەڤالێ وی جەمال رەنگە کرن دانا لستوێ خو عادلی دەشت ودول ونهـال وچیـا وریـبـار دروست کرن بشاری رەسمێ تخوبیی، بەلێ ئەوی دانانا باژێرا بوشولا وی..

مامـوستـای ژ بیـراخـو نەبر پێتڤی بونا دانانا تخوبێ روژ هەلاتا عیراقێ برەنگەکی سوور وئاشکەرا!!

من هوین هەلبـژارتن ..ژ بـەر دەست هەلا وشـارەزایـا هەوە دشول وکارێت خودا.. وسروشتێ ڤی کارێ مژویلی پێڤـە نابیت.. یالسـەر هەوە چانـدنا سێ خێتێت لەغمانن وئیشـارەت دا بدەستی بو دەلیڤـا ما بەیـنا دووگـرا وچێکـرنا سلکێت تێکرا وهندەك ژوان ژ رەنگێ بادای.

ویالسەر هەوە هوین ڤیشولی زوی بجهبینن.. چونکە ئەگەر لهیڤیا مەفرەزا هەندەسێ بمینن وەخت ژ دەست مە دێ چیت ئەڤ ئاخـافتنـە ئامـرێ وەحـدێ گوت ویلەز ئەو هێلان بچیتە جهەکی دی..

براستی ئاڤدەلی گوتە هەڤالێت خو دەمێ سەرا وی داین ل مالێ وەختێ لنگێ راستێ وسەرێ وی بریندار بوی..

وگوت: ئاخافتنا ئامری دجهێ خودابو دەمێ فەرمانا لەزینا قاییم کرنـا چەپـەرێت شەری کری ودوژمنی دەست پێکـرنا گولـە باران کرنـا تابێیت مەکـر.. عەرد وئـاسمان بونە ئاگر ویـەقـانـدن ودویکێـل وتوز وعەجاجێ دەست پێکر وپرتێت ئاسنی بەلاڤبون لهنداڤ سەرێت مە.. مێر ئەو مێرە یێخو بگـەهینتـە دەبـابـا خو وجهێ بگریت.. وەخت سپێدەیە، باکێ هوینێ بەرێسپێدا تێت. شەفەقا روژێ هەلات.. نزانم من گەلەك چەك بکارئینا.. بەلێ لەزبوم دگولە باران کرنێدا، شەش سندوقێت فیشەکێت گران من رەشاندن ژ دوشکا دەبابێ.

بزاڤـا هەڤـالا ل چەپـەرێت شەری ب حەیـل وقوەت تر کرم بو شکاندنا ئارمانجێت ئاشکەرا دبون بەرامبەری من. پشتی شکـانـدنـا هەر ئارمانجەکی من گوهـ ل دەنگێ وان دبو (دەستێ تەخوش بیت ئاڤدەل) و(بێ چاڤدێریا خودێ بی)..

دبەزین بو هەمی لایاڤە لسەر زێدەبونا پەقین وشەرەقینێ وبێهنا باریدێ ورەشاندنا پرتێت ئاسنی.

چ بشکوری‌یە لدێمێ ڤان شەرکەرا؟ نزانم چاوا روحا شیرین سەرکەفتنێ درەڤینیت بەری خلاسیا شەری؟.

عایـد سالم ژمـویسـل، عباس کاظم ژ دیوانیێ، کاکە محمد ژ هەڤلێرێ، هلال یێ لاسلکی هەلگر ژ دیالی، بابێ زەینەبێ ژ بەسرا، وهندەکێت دی ژێك ژ هەمی گوند

وباژێرێت وەلاتی ژسلیمانیێ وسامراء وربیعه وئاکرێ.. بەلێ ئەفسەرێ مە ژ باژێرێ کوفە بو. ژ ئەگەر یان بێ ئەگەر ڤیانا وی کەفت بو ددلێ من وهەڤالادا، هەر ساخ بن خودێ هەوە بپارێزیت وبهێلیت ئەی کورێت عیراقا قارەمان!!

ل نەخوشخانێ.. ئاڤدەل دبێژیت هەڤالا.. سێ روژا ئەز مام پشتی پرتا ئاسنی ژ لنگێ من ئیناین دەر.. بەلێ دبێژم هەستی یێ شکاندی ئەڤە ژیك من زانی پشتی عەمەلیات بو من کرین..

ژنەخوشخانێ دەرکەفتم دگەل داخوازێت چاکێ وسلامەتێ.

درێکا چونێ بو وەحدا خو یان هاتنێ بو مال ل مەعدونیا بەردەوام.. جوداکرن دیار نابیت بەینا باژێرەکێ بو باژێری دی یان گوندەکی بو یێدی.

گوند وباژێر بەلاڤن ل رەخ رێیێت رێکێ.. ئەڤە وەکی کارێ ژیانێ یێ بەردەوام وبرینا تورومپێلێ بسەدان ژکلم..

وەختێ هەڤالێت ئاڤدەلی خەریتە بدیماهیك ئینایین وزەحمەت پێڤە برین.. چ لسەر وی نەما غەیری دانانا ناڤێت باژێرا وپارێزگەها وقەزا وناحیا وگوندا. ئەرێ یا فەرە هەمی ناڤا دانیتە لسەر خەریتێ؟.

دێ هەمی ناڤێت باژێرێت عراقێ دانم.

نەخێر برایێ ئاڤدەل ئەڤە شولەکا بزەحمەتە، بەلێ تو دکاری هندەك پارێزگەها وقەزا وناحێت بنەرخ دانی!

- ئەرێ سەیدا رەشید باژێرەك بنەرخ هەیە وئێکا دی نە!؟

هێشتا ئەڤ قەسە دهزرا ویدا مایە بەری چەند سالا دەمێ ناڤێ باژێرێ خو داناى لسەر خەریتێ بەری هەمی باژێرێت دی ونزانیت بوچی وەکر بوا!.

دەمێ تبلاخو بوراندی لسەر ریبارێ دجلە وهاتیە خوارێ بو بەسرا، هندەك شك دبرن کو تبلا وی یێ شل بو بئاڤێ! ئاڤا دجلەی وفراتێ یێ فەخواری.. مەلەڤانی تێدا کرینە هەتاکو گەهشتیە قوناغەکێ بخو حەسیا ڤالەبونا لەشێ زەعیف یێ بەردەوامە دمەلەڤانیا دجلە وفراتێدا.

ل شەت عەرەب تبلا دەستێ چەپێ لڤاند بپلاندیا فراتێ، گەهشتە هەمی باژێرا.

ل هەر باژێرەکێ هەڤالەك یان پێتر هاتنە هزرێ.. هەتاکو گەهشتیە باژێرێ کوفە بو ئاشکەرا بو کو هێش ڤیانا ڤی باژێری یا ددلێ دا وکورێ وێ ملازم فتاح نعمە.

بەری قوناغا خو تمام کەت دگەل ئاڤا ریباری ب چکینیەکێ حەسیا دلنگێ بریندار دا وبلەز دەستێ خو کێشا لدویف وهێدی هێدی برە خوارێ بن چلکاڤە جهێ برینێ وەکی ئاڤەکی گەرم حەسیا ب تبلێت وی ڤە ما ودجهدا زانی راوەستاندنا وی یا درێژ بەرامبەر خەریتێ رێك ساناهی کر لبەر پارچا بلاتینی یا جکلاندی دهەستێ لنگێ ویدا وحەسیا کینجکا لێ دەتن ولەڤێت دوژوار ل کوشتی دکەڤن.

ئاگەهـ لخو نەما وەختەکێ درێژ بوری دخویل کرنا ویدا. وبلەز دەستێ خو کێشا یێ کو بەرێ خو بدەتە ئاڤا سترکێ یا پێڤە مای.. دیت تبلێت وی یێت بوریت لسەر خیتا سوور یاکو ئیشارەتا تخوبیێ روژ هەلاتا عیراقێ دکەتن.

نەشیا بزانیت جهێ خوینێ لسەر تخوبی. پشتی هینگێ ئاڤا شیرین تێکەل بو دگەل خیتا تخوبیێ کەڤن ئینا بریقینەك بو ژ ئەگەرا کەفتنا تیروشکێت ئاڤێ لسەر خەریتێ.

مت بونەکا درێژ بوری.. رەش وشینی ل دێم ولەشێ ویدا هات هەتاکو گەهشتیە بیرو هزرێت وی بیریا ناڤێت باژێرا وریبارا وگوندا کر، ئینا دەستیریا ئەزمانێ خودا قسەکێ دەرکەت. چ نەگوت غەیرێ ئێکێ، گوهـ نەدایێ وچێ دبیت گوهـ لێ نەبو. بەلێ وی شك نەدبر کو ئەو قەسا بتنێ.. عیراق بوا!.

# شەهیدی خاك

موکەرەم ڕەشید تالەبانی

نە گەشت ماندووی کردیت،
نە هات و چۆ
نە ئەوین و عەشقی بەسۆز
بەجێی هێشتیت
نە زام و سۆ!
هاتیت، بەرگی هەمیشەیی سەرفرازیت
لەبەرکردو
دەستی مەردانەی ڕێت
لە گەردنی شکۆمەندی تێك ئاڵاندو
بۆ برینە بێکۆتاییەکانی
بوویتە بۆسۆ!!
نە خۆت لە قەرەی ماری ڕەش داو نە ڕێگەشت
بە لای بیری ژەهراویدا
ڕۆچووە خووار!!
خۆت ڕێگا بوویت، خۆیشت بووار!!
لە ئەم ئاوە زۆر سازگارە
دەستنوێژێکی پاکت گرت و
لە کڕنووشکەی نیشتمان دا،
باخی مردووی خەونەکانت...
کردە گوڵزار!!
هەر بۆ ئەوەی ئەم خاکەیە
هەڵستێتە سەر پێی نازو
بە ڕێڕەوی بن نەهاتووی کاروانێك دا
بگاتە زێی خوری بەهار
تا تیشکی خۆر
تیشکی گیانی خۆبەخت کەری ئەم خاکە بێت
پرشنگی نوێی هەمیشەیی
بپرژێنێت
بەرەو ژوورو، ڕۆژهەڵات و
ئەم لاو ئەو لاو
بەرەو خووار!

* * *

کێیە دەڵێت خوێنی دڵت
دێڕی زێڕین
بۆ داستانە پڕ تیشکەکان
تۆمار ناکات؟
کێیە دەڵێت کە زامی دڵ
مژدەی ڕێگای سەرفرازی
بۆ باوەشی بووکی ڕوومەت گەشی
بەهار نابات؟
کێیە دەڵێت برینەکان
دڵە ئێش وپڕ زامەکان
جێناهێڵن؟!
کێیە دەڵێت بزماری داخ
لەش و چاوە بێکامەکان
دادەکێڵن؟!
کێیە دەڵێت باڵای ئاڵات
لە بەردەمی کەژی بەرزی بێداریدا
پەژارەی ڕێ ناسڕێتەوە؟!
کێیە دەڵێت داستانی نوێی تۆمارگەی تۆ
ئەفسانەیەو هەوری ڕەشی ئاسمانێکی
پڕ گەواڵەی پەژارەیەو
نابڕێتەوە!!
کێیە دەڵێت کاروانی تۆ
چرایەکی پرشنگداری هیوا نییە؟!
لە بەردەمی گەردەلوولی قین و ڕق دا
کپ دەبێت و دەکوژێتەوە!!

ساسەرێکی نازکردنی
بۆ هەڵبڕە
با تەماشای ئەو باڵایە بڵندەت کەن
با کڕنووشی هەمیشەیی
بۆ ڕوومەت و پۆتەڵاکی خوڵاویت بەن!
وێنەی خوێنی بازوو وسینەو
دڵی پڕکون کونت بگرن!!
لە ئامێزی گیانی نەهەژیوی..
هەموو ڕۆژگارێك دا،
هەڵت بگرن!!
تۆ ئەو خواستەیت،
کێژە لوولکەی زریانەکان..
پێت ناوێرن!
لەسەر ڕۆخی ئەم خاکەدا
هەواڵەکان..
بەباڵی هەور دەتگوێزنەوە!
بۆ سەر لێوی زۆر تامەزرۆی پەژارەکان
دەتبێژنەوە!
تۆی تەمەنێك، نابڕێتەوە،
تۆی سنوورێك، ناسڕێتەوە،
ڕووبارێکیت، دوایی‌نایە،
بەهارێکیت
شادیو خۆشیو کامەرانیت
لەگەڵدایە!!
ناوی‌بەرزت
بۆ ئەم خاك و نیشتمانە کری‌یەوە،
بەرگی سەوزت
بەقەد باڵای دایکی سۆزی دێرینەدا
بڕی‌یەوە!!
هیچ هەولێکی ڕقەبەری
تی‌ی‌نەئالێت!!

لە دەروازەی خەونە پاك و
بەرزەکان دا
زەردەگرەی کەللە ڕەقەبێ دڵەکان
رای‌نەماڵێت!!

* * *

تۆ دەتزانی
پردی گەورەی ماندوویەتی
ڕێگای پشووی ڕۆژگاری نوێ
دروست دەکات!
ئاوی سازگار
چێژی هێشووی بەهاری ڕێ
دروست دەکات!
بۆیە پڕت دایە چەکی باوەڕی نوێ
وورەو وەرزی توانایی خۆت
لێ‌کردە شان،
چوویتە پیری‌ی دایکتەوە،
دایکی سۆزداری نیشتمان
بە دڵ و گیان،
کردت بەلێزمەی باران!!
بارانی خوێن
ڕەهێڵەی خۆت بەسەر هەموو گۆشەیەکی
زام دا پرژاند!!
هەمووت پاراست
پێ‌دەشت و شوێن،
کێڵگەو گوڵزار،
خانووبەرە، دالی‌و بێستان
کۆرپەو خێزان
لەناو چەقی چەرخی نوێ‌دا
ووشەیەکی سەوزت رووواند
پیرە ووشە خوێنی تی‌زاو
بوو بە ژیان!!

● بەغدا 15-10-1985 ●

به بۆنه‌ی رۆژی

شه‌هیده‌وه :

# دایکی خواست

شفیق محمود جاف

کۆرپه بووم.. له لانکدا
دایکی خواست
پێی ووتم..
کۆرپه‌که‌م...
له دڵۆپیکی خوێنی جه‌رگم
تۆم هۆ نییه‌وه
و

له دڵ و هه‌ست و ده‌روونندا
په‌روه‌ردم کردی..
لایه لایه‌ت بۆ ده‌که‌م
به ووشه‌ی کوردی
ده‌رازێنمه‌وه لانکه‌که‌ت
به تارای گوڵ گوڵی
شین و سوورو سپی‌و
زه‌ردی
ده‌شت و دۆڵ و شاخ و
هه‌ردی..

لایه لایه‌ت بۆ ده‌که‌م.. کۆرپه‌که‌م
به ئاوازی خواستی
دڵ
تێکه‌ڵاو به قاسپه‌ی که‌وی
نسارانی
و

خوره‌ی تاڤگه‌ی ئاوی
بێگه‌ردی
له‌گه‌ڵ ده‌نگی شمشاڵی
شنه‌و سروه‌ی به‌ره
به‌یانی‌و

به‌زم و هه‌ڵپه‌رکی
و

شیعری گۆران و تاهیرو
هه‌ردی..

بنۆشه.. کۆرپه‌که‌م..
نۆشت بێ مه‌ی‌ی سینگم
هه‌تا ماوی
هیوامه ژیانت دوور بێ
له ره‌نگ زه‌ردی
× × × ×

سه‌یرکه رۆڵه..
داری لانکه‌که‌ت
له داری دارستان و
نه‌ریت و داستانی
گه‌له‌که‌ت
ناشراوه

تاراکه‌شی له‌زوڵفی هه‌وریشمینی
خاکه‌که‌ت هۆنراوه..
له تاڵی زوڵفی شیرین و زین و
خانزادی میری
کوردی
× × × ×

ئه‌که‌ی.. رۆڵه‌که‌م..
کۆرپه‌که‌م
به‌دگۆیی.. له‌هاو خوێن
و

هاوڕێو هەڤاڵان
نەکەی لاسایی بەدکاران
مەبە فرۆشیای خۆیی خۆت
و
بەپوولی ژەنگاوی بیبتە
دیلی ژیانی
نامەردی..
× × × ×
ئەی کوڕپەکەم..
خۆشناس بە
ماف خواست بە راست گۆ بە
راست گۆیی.. دلێرییە
سەر بەرزییە
نیشانەی پڕ هێزییە
× × × ×
راست گۆیی لەگەڵ ژیاندا
هەڵوێستە
لەگەڵ کەساندا
هەڵوێستە
بەڵام لەگەڵ خۆتا
ژیانە..
ژیانی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا
ئاسۆیێکی دوورە..
و
دەشتێکی بەرین و
فراوانە
× × × ×

راست گۆیی.. ئەی رۆڵە
خوێن و خواردەمەنی
مانەوەی
ژیان و
بڕوایە
چەسپێنەری بناغەی
ئامانج و
هیوایە
رێگەی کامەرانیو شادمانی
و
پاشەڕۆژە
هەوێنی شکۆمەندیو خۆشەویستی
و
رێز لێ نانە
× × × ×
بەڵێ..
پاشی شێست ساڵ
هاتە
خەوم وپێی
وتم..
هەستە رۆڵە.. راپەڕە
بهاژێنە.. بلەرزێنە
زەوی لەژێر پێی
دوژمنا
راپەڕە.. بگۆڕە
تیشکی لێڵی
ئەستێرەکان
بشۆرە..
سەرو چاوت بەدڵۆپی
شەونمی بەرەبەیان

بەئاوی ئاواتی بێگەردی
شەهیدان..
× × × ×
بگۆڕە لە دەروونا وەرزەکانی
زەویو شەپۆل
بۆنەمانی هەستی بێسووری
و
نەبەخشین
راپەڕن.. یەك کەن خەنجەرو
شیر..
بکوڵن چاو.. بدڕن سنگە.. دەربێنن
جەرگی دوژمن..
بینە پەرژینی یەکێتی
بۆخاکی پاکی نیشتمان
بەلاوو پیرو نەوجوان
بکۆشن دژی
دوژمنان
راپەڕن.. یەك دەست و یەك دڵ و
یەك مەبەست
لە چیاو شاخ و دۆڵ و دەشت
لە زەلکاو زەنگاوو هەتا دەگاتە
کەنداو
بسێنن تۆڵەی شەهیدان
لە مەلاو رژێمی ئاخوندان
لە مەهابادەوە ـ هەتا بسێتین
راسپێرە سەلاوی شکۆمەندی
رازاوە بێت بە گوڵی نێرگزو ئەرخەوان و
نەسرین
سەلاوێکی بێگەرو خاوێن
پێشکەش بێ. بە دایکی
شەهیدان..

# شەهید

تەحا خدر خوشناو

شەهید کوتەڵی پێش کاروانە
خوێ‌و کفنی بەفر ئاسا
بەرزترین نموونەی مرۆڤایەتی
جیهانە . .
دڵی هێڵی کاکێشانە
کەشکۆڵەکەی پڕ هەزاران . . هەزار
وورده ئەشکەنجەو ئازارە
بۆ بارەگای خوا
بەشانە . . .
چاوەکانی
گۆمی‌خوێن و ئاگری نەورۆزی
نیشتمانە . .
بست، بست لەشی جێگای گازی
ئازاردانی . . زیندانە
سەری بەپەتا کراوی
کوانووی ئازاری وولات و
مێرگی نێرگزو شیلانەی
هەزارانە
شەهید: بۆبرسیان پاروو نانە
بۆهەژار: جل و بەرگی زستانە
بۆ زۆردارو داگیر کەریش
هێزی لەبن نەهاتووی ژیانە

کاکێشان: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە لەناوەڕاستی ئاسمان بەشێوەی تەمێك بەناوەڕاستی ئاسمان ڕاکشاوە.

ئەو «مەجەرەیە» کۆمەڵەی خۆری ئێمە بەشێکەلەم مەجەرەیە.

یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی نەتەوەکەمان شاعیری (گەورە مەولەوی)یە کە لەدێی سەرشاتە لەوبەری سیروان هاتۆتە دنیاوە لە (تاوخ گۆزی) ناو جوانرۆ گەورە بووەو سەرەتای ژیانی خوێنەوارێتی نزیك بەئەدەب و شیعر بوونەوەی هەر لەو ناوچەیە بووە.

ساردی‌و سۆڵەی چیاکانی ئەو ناوچەیە و بەفرو بەستەڵەك و شەختە سەهۆڵی زستانی کوێستانەکانی ئەو چیایانە چاوی بەبای وادەی دار پشکوێنی بەهاری کوردستان کراوەتەوە.

کەلیلە رکاوەکانی ساڵەها ساڵەی بەسەریەکا کەووتووی کونە سەهۆڵەکانی شاخە سەختەکانی ئەو ناوچەیە گورجیەکی خستۆتە دڵ و دەمارو جەستەو بیرکردنەوەیەوە.

دەست پێ‌کردنی بەهار لەوناو چەیە، تواندنەوەی شەختی سەهۆڵ هەرەسی هێنانی ڕمۆ بەفرەکانی شاخەکان، بەسێلاتی بارانی شینی چلە، ئەو ناوچەیەی بۆ بەرچاو هێناوەتەدی.

لە منداڵێیەوە تالاوی تا گوڕی لاوی تاچاوو پشکوو تنیکی بە هەر چوارلاوا، بۆنی چەپکە نێرگزەکانی دامێنی بە مێشك دا هەڵ پڕاندووە. پاش ئەم هەموو شتە ڕۆواندویەتەپەڵەی گوڵاڵە سورەکانی دامێن، لە گوێ سیروان لە دوورەوە لەو بنارە - بەرزانەوە پەڵە پەڵەی گەورە خوێنی دیوە، کەبای شەماڵ شەکاندوویەتیەوە وەکوو مەوج - مەوج خوێن ڕابژەندرێ هەتاووی ئاسمانی مانگی گوڵانی کوردستانیش دووبارە بریقە سورەکەی پەڵە گوڵاڵەکان تێکەڵ بە پرشنگی گیان بزوێنەری ڕۆژی ناو ئەو چیایانە بخاتە بەردەم.

ئێمە ناتوانین وەکوو کامێرا وێنەی بەرچاو نەخراوی تا ئێستای ئەو کۆمەڵە شاخە. سەرکەشە لووت بەرەو ئاسمان بەرزکەرەوەیە ڕاست و ڕەوان بخەینە ڕوو.

ئێمە ناتوانین بە قەڵەم لە سەر کاغەزی سپی وێنەی ڕازاوەی سرووشت نیگار کێشی ئەم شێوەیە بەلای کەمەوە ئەم شێوە بەهەشت یەی ئەو ناوچە سەرگەشە بخەینە

# شاعیری گەورە مەولەوی

chalakmuhamad@gmail.com

...ووسینی: محمد صالح دیلان

بەرچاوی هەموو شیعر دۆستانی جوانی وولاتەکەمان. کەبە شیعر توانیویانە گەورەی جوانی ئەم کۆمەڵە شاخانەی کەپێی ئەووترێ (کوردستان) دەربخەین.

تەنیا لە زووەوە تا ئێستا تەنیا کەسێ کەپێی ئەووترێ شاعیری گەورە (مەولەوی)نەبێ.

مەولەوی جا ڕووکەشە، نیگارکێشە، وێنەگرە لە وەتەی زمانی شیرینی کوردی ئەووترێ، شیعر ئەووترێ، نووسینە ئەووترێ. قەڵەمێک لە بوتەی خەیاڵێ چاک چاوکراوەی باش سەرنج گرتن ڕێگە و پێک چوون و هەست و دەرخستنی جوانی سرووشتی ئەم وولاتە نەبووە کەسێک وەکوو (مەولەوی) دڵ ڕاکێشەرێ گیان ڕاکێشەرێ، هەست ڕاکێشەرێ.

گەورەیی مەولەوی لە دووشت دادەردەکەوێ:

یەکەم: - دەرخستنی جوانی یەکانی مەڵبەندو شاخ و دەشت و چوار وەرزی ئەم کوردستانە.

دووەم: - بەراوردکردنی جوانیەکانی وولات لە بەهاردا کە ئەڵێین لە بەهاردا بەتایبەتی لەبەهاردا لەگەڵ ئازارو دەردەسەری و ئێش و ژان و بێچارەیی مرۆڤ لەم وولاتەدا.

تەرخان کردنی شێوە جوان ترین زەرکەفتی بەرەونەقی بەهارکردنی بە قوربانی مرۆڤی وولاتەکە.

یاخود دەرخستنی شێوەی جوانی بەهار بەراووەدکردنی و کردنی بە قوربانی ئینسانەکانی دەورو پشتی.

ئێمە لێرەدا ناچارین جۆرێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە گەورەیە بۆ وێنەو نموونە بهێنیەوە، شیکەینەوە بیخەینە سەرچاوی ئەو کەسانەی کەتا ئێستا لە شیعری کوردی بەباشی نەگەیشتوون، لە شیعری کوردی بەرەوانی نەچۆتە تێگەیشتیانەوە.

لە شیعری کوردی تا ئێستا کەم ئاگاو کەم زانین بوون لێی نەکوڵ راونەتەوە یان نەیان توانیوە لێ بکۆڵنەوە یا دەستەڵاتی شیعر بەکاڵا کردنەوەیان نەگەیشتۆتە ئەوڕادەیەیان مەبەستی شیعر دانانی ئەم شاعیرە گەورەیە چی بووە.

لە پێشەوە وتمان: - مەولەوی شاعیرێکی گەورەیە، خوێنەوارێکی گەورە بووە، ئاگایەکی تاڕادەیەکی زۆر لە دیوانی شیعری شاعیرە فارسەکان بووە، مامۆستایەکی گەورەی (ئەدەبی عەرەبی، شیعری عەرەبی، لاکانی شاعیرە عەرەبەکان بووە).

دەرحەقە بەعیلمی تەصەوف، عیلمی کەلام، فەلەك، هەموو جۆرە کتێبێکی ئایینی لەم بارەیەدا مامۆستا بووە.

جۆرەها شەرحی لەسەر کتێبە دینیەکان هەیە بێجگە لەوە مۆلفاتی دان پیانراوی چاپ کراوی دەرحەق بە ستایشی (تەصەوف) هەیە. بۆ وێنەکتێبی (العقیدة المرضیة) باشترین بەڵگەی شارەزایی و مامۆستایی و بەئاگایی ئەم شاعیرە گەورەیەیە.

* * *

دەگەڕێنەوە سەر باسەکەمان،،،،

باسی گەورەی مەولەوی لە شیعرە بەدەرخستنی جووانی بەهاری کوردستان لە دووامانگی بەهاری ناوچەی سەرچاوەی زەڵمدا مەولەوی ئەفەرموێ: -

وەهارەن سەیرەن سەوزەی دیاران
نم کەووت نەدەیدەش چوون شەو بیٚداران
چوون دیٚوانەی شۆر ئازیزیز نەسەردا
شەتاو سەرهۆرگرت وەی دەشت و دەردا
پەی دڵەی ماینای دەروون مەلاٚلاٚن
سایە وەستەوە خەیمەی گولاٚلاٚن

(وەهارەن سەیرەن سەوزەی دیاران) کەنیوە دیٚڕی شیعری یەکەمی سەرەوەیە:

ئەفەرموێ بەهارە سەیرانە وردەگیا سەوزەکانی تەنیشت قوڵپە بەفرینەگری سەرچاوەی زەڵم کە هاژەوهاڕەی بەربوونەوەی تاڤگەکە ئەکەوێتە دامێن پریشك و دڵۆپە ئاو بەم لاوبەو لاداوا دەهاوێ ووردووورد دەنیشێتە سەر وورده سەوزە گیاکانی ئەم لاوئەولای شارەکە بەهارە سەیرانە سەوزەی ئەم بەرو ئەو بەر لە گوێ سەرچاوەی زەڵم کەتازە ڕۆژ هەڵ هاتووە، گزنگی هەتاوو نیشتۆتە سەر دڵۆپە ئاوەکانی کە پژڕاوە بەسەر چیمەنی گوێ قەراغ تافگەکەدا لە (چاوی ئینسانێکی خەولێ نەکەوتوی بیٚداری دەردوو دووداری سزاوڕی ئازار لیٚ نیشتووی دەم بەهاروەی دەردی سەری هەژاری‌و نەبوونی‌و بیرکەرەوە لە ئازاری مرۆڤەکانی دەوروپشتی‌و لە ئازاری مرۆڤەکانی دوور وڵاتەکەی ئەچێ کە لەسەر ئەو دەردە سەری‌و ژانە بیٚدارەو خەوی لیٚ نەکەووتووە تابەیانی، دڵۆپی فرمێسك ڕژاوتە ىچاوی وەهەرفرمێسك ئەڕیژێ.

جوانی بەیانیانی سەرچاوەی زەڵمێ کە دڵۆپە ئاوەکانی تاڤگەکە ڕژاوەتە سەر چیمەنەکەی دەووروپشت شوبهاندوە بە چاوی ئینسانێکی شەکەتی ئازارو ژانی تابەیانی خەو لیٚ نەکەووتوی مرۆڤێکی ئەم وولاتە.

لە شیعری دووەمدا ئەفەرموێ:-

(چوون دیٚوانەی شۆر ئازیز نەسەردا).

وەکوو دیٚوانەیەکی حالێ لیٚ هاتووی تا نیوە شەو زکر کەری کە سەوداو شۆڕو عەشقی ئازیزەکەی کەوتبێتەسەری خەوی لیٚ نەکەوتبێ لە خۆراك دوورکەوتبێتەوە، لە ئارام دوورکەوتبێتەوە وەك دیٚوانەیەکی سەودای ئازیزی لەسەردا بیٚ چۆن کە حالێ لیٚ بیٚ سەرئەکێشێ بەم بەردوبەوبەردا بەم دیوارو بەو دیواردا بەو جۆرە وەك دیٚوانەیەکی حاڵ لیٚ هاتووی ئازیزەکەی چۆن هەررائەکات و خۆی ئەدا بەم بەردو بەو بەردا.

بەو جۆرە (شەتاو سەر هۆرگرت وەی دەشت و دەردا)

بەو جۆرە ئاوی تاڤگەکە   کە دەرژێتە خوارەوە خۆی ئەکێشی بەم بەردا خۆی ئەکێشی بەوبەردا خۆی ئەدا بەم قەپاڵەدا، خۆی ئەدا بەو قەدپاڵادا هەتا وورده وورده ئەگاتە پڕدەشت. دووبارە لەم شیعرەشدا شاعیری گەورە هاتنە خوارەوەی تاڤگەی زەڵم شوبهاندووە بە مرۆڤێکی حاڵ لیٚ هاتووی ئازیزو خۆشەویستەکەی کە خۆی بۆ ئەکێشی بەم بەردو بەوبەردا (ئەم خۆشەویستی‌و حاڵ لیٚ هاتنە یەزدانی‌یە، مرۆڤایەتی‌یە، نەتەوەیی‌یە، چینایەتی‌یە) کە ئەتوانین بەو هەموو جۆرە ئەم شیعرە لیٚك بدەینەوە.

ئەتوانین بڵێین تاڤگەکەی تەرخان کردووە کە دێتە خوارە- وە کەدەچێتە پیٚدەشت بۆ لاسایی کردنەوەی مرۆڤە ئازار دیوەکان، مرۆڤە ستەم دیدەکان، مرۆڤە شەو بیٚدارەکان لە ئازاری دڵ.

لە شیعرەکەی‌تریش دا دەفەرموێ (پەیٚ دڵەی ماینای دەروون م لاٚلاٚن) کە تاڤگەی سەرچاوەی زەڵم لەم بەر دوو لەوبەرد ڕزگاری دەبێ لە خۆ کێشان بەم قەدپاڵ و بەوقەدپاڵەدا تادەگاتە پیٚدەشت ڕۆیشتنی تۆزێ لەسەرخۆ دەبێتەوە لە باخەکانی ئەحمەد ئاوا دەردەچێ سەرەو خوار بەرەو ئەو دەشتە دەکەوێتە ڕێ.

لە ب هاردا پەڵەی گوڵاڵە سورە ناو ئەو ووردەی داگیر کردووە لەسەر هەر کۆسپێك پەڵەیەکی دیارە. لەهەر قەد پالێکی پچوك دا چەند پارچەیەکی‌تر دیارە دووبارە

ئەفەرموێ:

(سایە وەستەوە خەیمەی گوڵاڵان)

بۆئەو دڵانەی کەماندووی ئازارن، بۆ ئەودڵانەی کەهیلاکی دەردی سەرین، بۆئەو دڵانەیکە رەنج کێشی شەوو رۆژن بۆ ئەو دڵانەی کە مەلال و وئازارو ئێش و ژان دەروونی توێ توێ کردوون، دەروونی پر برین و پر قەتماغە کردوون.

بۆ ئەو دڵە ماندووانە، بۆ ئەو دڵە پڕئازارو ئێشانە، ئەم پەرە گوڵاڵە سوورانە دەرهاتووە، گەشاوەتەوە بۆ ئەوەی سێبەر بۆ ئەو دڵانە بکات.

گەشانەوەی گوڵاڵە سورە لە هەموو کونج و پەناو گردێکی ئەم وولاتەدا بۆ سێبەرکردنە دڵە هیلاك و ماندووەمانە، لەدڵە ئازار دیوەکان لە دڵە بریندارو خوێن لێ رژاوەکان،

جا ئیتر ئەو دڵە ئازار دیوو بریندار دیوو خوێن لێ‌رژاوانە لە ناو خوداوایان لێ هاتووە یان لە تاو ئازاری چەوساندنەوە وای لێ‌هاتووە یان لەقارو ئازاری دەردی سەری چینایەتی وایان لێ‌هاتووە گوڵاڵە سورەکان بۆ ئەم دڵانە سێبەریان کردووە، گەشاونەتەوە، پشکو تووڵ.

* * *

شاعیری گەورە مەولەوی لە گەورەیی‌یەکی تری شیعردا کە پێشەنگێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دائەنرێ بە چارە سەرکەرێکی گەورەیی چەڵەمەکانی ژیان و رێ‌رۆیشتنی ژیان دائەنرێ ئەبێ لەسەر خۆبکەویتە سەررێی شی‌کردنەوەی دەرخستنی ئەم قصیدە بەرز بەتری شاعیری گەورە.

مەولەوی ئەفەرموێ:-

پێش ئەوەی بێینە سەر باسەکە ئەبێ بڵێین.........

ئێمە لێرەدا ناچارین بۆ زیاتر روون کردنەوەو بۆ زیاتر تێگەیشتین لە گەورەیی ئەم شاعیرە پەنا بەرینەبەر (روحی مەولەوی) کە شاعیری گەورە (پیرەمێرد) وەری‌گێراوەتە سەر شێوەی سلیمانی هەر چەندێك راستەو راست شێوەکە وەرنەگێردرابێت وەتەواوی نەتەوانرابێت شیعرەکانی بگێردرێتە سەر شێوەی سلێمانی بەڵام تا رِرادەیەك پیرەمێرد توانیویتی زۆر خاوێن و وەستایانە بیگۆرێت

ئەفەرموێ:-

هەر بیری بەختی رەشی خۆم ئەکرد
ئەم ووت بۆچ منی وابەم دەردە برد
هەرچی ئەبیم وا لە بەزمایە
دەستی لەسینەی گەرم و نەرمایە
سواری ئیقباڵن وان لە پێشەوە
من بەدەست چەرخی جەفاپیشەوە
ناڵم سازمە خەم بادەی بەرنە
هەروا مامەوە لەم پایە نزمە
گینگڵم ئەخوارد بەدەردی پەنهان
پارچە بلورێ لێم هاتە زبان
ووتی: لەوساوە بەبەرد خەڵق کرام
هەچ کەسێ هات و پێ‌یەکی پیانام
رۆژێ هێنامیان دوو بۆرە زەلام
نامیانە ناو بەرچە کوشیان دام
هێندەیان لێدام هەتا بووم بە ئارد
نامیانە کورەی ئاگر جۆشم خوارد
کە قاڵیان کردم بووم بە باورێ
ئەدرەو شامەوە وەك پارچە نورێ
لەو بەردە رەشە بووم بەو بلورە
ئەبری قاڵی بوو شەرارەی کورە
تا دەوران چەکوشی نەدا بەسەرتا
بەرگی تەسلیمی نەکا بە بەرتا
بەختت ناپوختە بەرقی بێ نوری
لەرێی ئەجرەبەو دووربینی دووری؟؟؟؟!!!!!

شی‌کردنەوەی ئەم قصیدە بە رژەی شاعیری گەورە بەچەند لاپەرەیەك تەواو نابێت، تەماشاکردنی ئەم (موضوعە) بە تەنها داستانی تێ‌کوشانی بێ ووچانی

ئادەمیزادە لە ڕێی گەیشتنە سەودای دل و دەروون و بڕواو مەبەستی دا.

(مـوضـوعی) ئەم قصیدەیە بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ژیان ڕەشە، گوزەران ڕەشە، ناوچەوان ڕەشە، کە شەوو ڕۆژ بیری لە بەختی ڕەش خۆی کردۆتەوە بۆیە ئەفەرموێ:-

(هەربیری بەختی ڕەشی خۆم ئەکرد)

(ئەم ووت بۆچ منی وا دەردە برد)

مرۆڤێکی چارەڕەش بیری لە بەختی ڕەشی خۆی دەکردەوە، ژیانێکی ڕەش، گوزەرانێکی ڕەش، چارەنووسێکی ڕەش.

پرسیاری ئەکرد لە کردگار لە ڕێکەوتی ژیانی ئەیووت من بۆچی لەم دەردە چووم؟.........من ئەم بۆچی ئەنجامە؟...من بۆ بەم دەردو ئاواتە چووم؟... بۆچی من لە خەلق کەم ترم؟.... بۆچی من زیندەوەرینم؟....بۆ.....بۆ.....بۆ؟

چاو ئەگێرم هاوڕێکانم دراوسێکانم ئەوەی من دەیانبینم لە شادی دان لە خۆش دان لەتێری دان لە تەسەلی دان هەرچی ئەبینم لە هەلپەرکێ دایە دەستی لەسینەی گەرم و نەرم دایە سواری ئیقبالێ خۆی بووە، گەیشتووەتە ئامانجی خۆی بەرەو پێشەوە ئەڕوات لە پێشەوەیە، چارە نووسی خۆی دەست کەوتووە، دراوسێکانی بەجێ هێشووە لە شاددی دایە، لە کامەرانی‌یایە لە خۆش بەختی‌دایە.

کەچی من بەدەست چەرخی زەمانەوە، بەدەست چەرخێ کە لە ئازار بەولاوە لێم نەدیوە کە لە دەردی سەری بەولاوە پیشانی منی نەداوە شەوو ڕۆژ هاوارم موسیقامە خواردنەوەی بەزم و رابواردنم بریتی‌یە لە خەم خواردن، فەریادو دەست درێژکردن و هەوڵ وتەقەللا بۆ من بریتی‌یە لە هاوار هاوارو لە خەم و زووخاو خواردن.

سەرەڕای ئەم هەموو دەردی سەری‌یە ئا لەم پایە نزمە‌شدا مامەوە. سەرەڕای ئەم دەردی سەریە هەروا دوواکەوتووەم.

خۆم لەگەڵ دڵی خۆمدا دەستم کرد بەلێکدانەوە بە پێچ خواردن بەگێنەکەڵ خوردان، بە دزی‌یەوە بە خۆمم دەووت چی‌بکەم و بەرەو کوێ بڕۆم؟

لە پڕ پارچە بلورێکم لێ‌هاتە زبان پەرداخە شکاوێکم لێ‌هاتە قسە پارچە پەرداخە شکاوەکە ووتی من لەپێشدا لەبەرد خەلق کرام و بەرد بووم بە ئاسانی تێت بگەیەنم بەزبانی ڕەوان تێت بگەیەنم من پارچە بەردێ بووم ئەم نەهات شەقێکی تێ‌هەڵ ئەدام نەو ئەهات پێ‌یەکی لێ‌ئەنام لەپڕ ڕۆژێك دووبارە زەلامم لێ پەیدابوو هەڵیان گرتم و لەسەر بەردێکی تر دایان نام، دامیانە بەرچەکوش ئەوەندەیان لێ‌دام، ئەوندەیان لێ‌دام تابووم بەخۆڵ وەك ئاروم لێ‌هات تابەو جۆرە وورد بووم.

زریان دام ناو کورەی ئاگرەوە تا لەکورە ئاگرەکەدا جۆشم خوارد پاش جۆش خواردن پاش سووتان پاش ئەنجامی دەردی سەری‌و ئازار چێشن قاڵیان کردم خستمیانە ئاوێکی ساردەوە، کە هاتمە دەرێ بووم بەپارچە بلورێ، نە درەوشامەوە وەك پارچەیەکی جیابووەوە لە ڕۆژ.

لەوبەردە ڕەشە، لەوبەردە ڕەقە پاش قاڵ کردن پاش ووردکردن پاش هارینە کە خرامە ناوکورەی ئاگر جۆشم خواردبووم بەو بلورە بووم بەو پەرداخە جوانە لێوم نا بە لێوی نازدارانە کەوتمە بەزمی خەم خوارانەوە ئەم دەست و ئەودەست دەیان وە فریاندام ئەبرام بە ئەم لاو ئەولا.

من لەو بەردە ڕەشەپاش قاڵ بوون و هارین و کوتران بووم بەو بلورە، ئەنجامی قاڵ کردن و گڕووسوتان بوو، شەرارە دۆزەخی کورە من لەوبەردە ڕەشە بووم بەو بلورە.

تا دەوران تا زەمانە چەکوش نەدا بەسەرتا بەرگی قاڵ کراوی نەکا بەبەرتا، بەختت پاك نیە بەختت ڕووناك نیە.

پروسکەیەکی ڕووناکیت نیە لەڕێ ی تاقی کردنەوەی ژیان دووریت مرۆڤێکی دووربینت نیت و دوور تریش ناڕوانیت.

ئەم قصیدە بەرزەی مەولەوی کتێبێکە (کۆمەڵایەتی‌یە، رامیاری‌یە، خواپەرستی‌یە، زانینە، فێربوونە)

بەو جۆرە دوای بەقصیدە ڕەوان و سازگارو پڕ لە بیروبڕواو پڕ لە زانین دێت.

# کەلەپوور کۆکردنەوەیش شارەزایی دەوێ

chalakmuhamad@gmail.com

محەمەد عەلی قەرەداغی

پاش ئەوەی ساڵەهای سال زیان لە سامانی کەلەپووری نەتەوەی کورد کەوت و، دەیان و بگرە صەدان شتی نایاب و کەم وێنەو بێهاوتامان بوون بۆ خۆراکی مشك و مۆرانە یا بە کلپەی ئاگرەوە، یا بە دەم لرفەی لافاوەوە لەناوچوون و بێ سەرو سۆراخ بوون، لە لایەکەوەو، پاش هەوڵ و کۆششی چەندین سەربازی نەناسراوو،بەگوێرەی پێویست رێز لێنەگیراو کە شەوانی درێژو رۆژگاری پڕ لە ناسۆری سەخت و هیوای جۆراوجۆریان لە رێگەی هێشتنەوەو پاراستنی ئەم سامانە بەنرخەدا بەسەر بردو وەچەکانی ئەم سەردەمەیان لە هەندێ رووو باری زاناو ناودارانی رابوردوومان شارەزا کرد. . لە لایەکی دیکەوە لە دوادوای ئەم سەدەدا چەند لاوو خوێندەواری خوێن گەرم و کەسانی دیکە وردەوردە رچەیان کوتایە مەیدانی کۆکردنەوەی کەلەپوورو خەڵکی دیکەیشیان بە رچەی شکاوی خۆیاندا پەلکێش کردو ـ هەرچەندە هێشتا زۆری دەوێ ـ خەریکن مەیدانەکە گەرم دەکەن.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو هەندێ جاریش جێگەی داخ و مایەی دڵگرانی‌یە ئەوەیە زۆربەی ئەو کەسانەی دێنە ئەم مەیدانەوە بێترس و سڵ کردنەوەو بێ ئەوەی بزانن رێبازی کارکردنی ئەم مەیدانە چۆنە دەس بەکار دەبن و هەندێ جاریش گوێ بۆ رەخنەی کەس شل ناکەن و، بە قسەو ئامۆژگاریی کەس ناکەن و، وا دەزانن دەبێ بێ سێ‌و دوو «لە پڕێ ببن بە کوڕێ»و ئەنجامی ئەم بێپرۆگرامی‌و دوور لە رێبازی‌یەیش بە زیانی سامانی کەلەپووریمان تەواو دەبێت و ،ئەوەتا دەبینین گەلێ بەرهەمی کەلەپووریی وەها دەکەوێتە بەرچاو دڵ دەتەزێنێ‌و لە باتی شادکامی‌و شادمانی داخ و خەفەتی ئەرك و رەنج و دەرامەت و کاغەزو پارەی خەرج کراو لەو بەرهەمەدا سەرباری گەلێ داخی دیکە دەبێت!

بۆ نموونە بەرهەمێکی کەلەپووریی گەورەی وەك دیوانی حەمدی کە دەبێ چەندە رەنج و دەرامەتی لێخەرج کرابێ کاتێ بەردەستی خوێنەران دەکەوێ‌و شارەزایان هەڵی‌دەسەنگێنن دڵیان بە سامانی کەلەپووریمان دەسووتێ کە بەو دەردە دەبرێت. کاکەی فەلاح دوای هەڵسەنگاندنێکی ئەم دیوانەو بڵاوکردنەوەی زنجیرەوتارێك [1] دەڵێت هەر لە دەقی شیعرەکاندا بێ‌ئەوەی قەڵەم دابگرێت (500) پێنج صەد! هەڵەی دۆزیوەتەوە. ئاگادارم محەمەد مصطەفا ـ حەمەبۆریش 200 ـ 300 لاپەڕەی لەسەر هەڵەو سەرنجی دەربارەی ئەم دیوانە کۆکردوەتەوە! دیارە خوێنەری ئازیز کاتێ ئەم راستی‌یە دەزانێت دەڵێ: کاری وا هەرەسی خەسەو داخی سەختە!

لە لایەکی دیکەیشەوە کە چاوێکی دیکە بە بەرهەمە کەلەپووری‌یەکاندا دەگێڕینەوە دەبینین ئەمە یەکەم بەرهەم نی‌یە بەم دەردە برابێت و، بۆ وێنەی بگەڕێین بۆنموونە دانامێنین! کەشتیش ئاوا زۆر بوو دیارە نەخۆشی‌و بگرە پەتایشە! بەڵام ئەم نەخۆشی‌یە لە چی‌یەوە پەیدا بووو چۆن چارەسەر دەکرێت؟

من ناڵێم لەم وتارەدا چارەسەری تەواوی ئەم پەتایە دەکەم، بەڵام ئەوەی پێم دەکرێ ئەوەیە کە هاتو خۆمان خستە ئەم مەیدانە دەبێ بزانین چیمان پێویستەو ،دەبێ بە چ کەرەسەیەکەوە بچینە ئەو مەیدانەو، چۆن بڕۆین و هەنگاو بنێین و پێ هەڵگرین.

من بەش بە حاڵی خۆم دەمێکە هەستم بەم دەردە کردوەو زووتریش لە کاتی لێکۆڵینەوەی (دیوانی وەفایی)دا هەستم بە بوونی کەلێنێکی گەورە لە بەرنامەی لێکۆڵینەوەی کەلەپووردا کردوەو، پێشنیاری پرۆژەی (لێکۆڵینەوەی تێکستی کوردی)م کردوە. بەڵام هێشتا هەر ئاواتەو نازانم ئەیبینم یان نا!؟

گەلێ جار باسی ئەوەم کردوە کە گەلانی دەرو دراوسێی ئێمە هەموو رێبازی لێکۆڵینەوەی تێکستی خۆیان هەیەو، چەندین کتێب و نامیلکەیان تێدا نووسیوەو، رۆژ بەڕۆژ تەتەڵەو بێژنگی دەکەن و پوختەی تاقیکردنەوە نوێکانیانی وەسەر دەخەن و، هەر کارو لێکۆڵینەوەیەکی تازە ئەنجام بدەن پەیرەوی ئەو رێبازەی تێدا دەکەن و یەکێکیش بیەوێ رەخنە لە کارەکان بگرێ‌و هەڵیان بسەنگێنێ ئەوا بە پێودانی ئەو رێبازە کێش و ترازوویان بۆ وەکار دەخا. بەڵام ئێمە لەم رووەشەوە هێشتا لەوپەڕی هیچەوە ساتمە دەکەین و هەرکەس بۆ خۆیەتی!

خۆ ئەوەیش نی‌یە کە یەکێکمان دەست بداتە یەکێك لەو کتێبانەو وەری‌گێڕێتە سەر زمانی کوردی‌و کار مەیسەر ببێت؛ چونکە هەر زمانێك کۆمەڵێ خاسیەت و تایبەتی خۆی هەیە کە لە زمانەکانی دیکەدا نی‌یەوە، زمانی ئێمەیش کۆمەڵێ تایبەتی‌و گەلێ خاسیەت و شتی وەهای تێدایە کە لەوانە نین لە قاڵبی رێبازی لێکۆڵینەوەی زمانەکانی دیکەدا دەقاو دەق بچەسپێن و بە کێش و ترازووی ئەوان بێ سەرو سڵاو بکێشرێن بەڵام ئەمیش مانای وا نی‌یە ئێتر دەسبەرداری رەنج و کۆشش و بەرنامەی لێکۆڵینەوەی گەلانی دراوسێمان و دوور لەئێمەیش ببین و هەرکەس بۆ خۆی بکات. خۆ هیچ نەبێ لە نێوان ئێمەو ئەواندا گەلێ شتی سەرەکیی هەیە وەك دەڵێن (قاسمی موشتەرەك) ن و وەك بۆ ئەوان هەیە پەیرەوییان بکەن ئێمەیش دەتوانین بە هەمان شێوە کەڵکیان لێ وەربگرین و لە تۆژینەوەی کاری زمانەکەماندا پەیرەوییان بکەین. لەوانە:

1 ـ ئەمانەت و دەست پاکی‌و پشت بەراستیی‌بەستن. ئەوەی کە لە رێبازی لێکۆڵینەوەی گەلانی جیهاندا پەیڕەوی دەکرێت ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوە دەبێ زۆر ئەمین و دەست پاك بێت و بە هیچ جۆرێك رێگەو رێبازی خۆی بە خیانەت و دەست پیسی‌و کەمتەرخەمیی لەکەدار نەکات و، بۆ تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە. تەنها مەبەستی راستی‌و راست نووسین و راستگۆیی بێت و، هەرگیز رێگە بە قەڵەمی نەدات کە بکشێتە ناو رەنج و بەرهەمی خەڵکی دیکەو بیانشێوێنێ.

2 ـ پشووقووڵیی‌و گوێ بە ماندوبوون نەدان و سەر لە کات خەرج کردن نەکردنەوە، بە جۆرێك ئەگەر چەندین سەعات یان چەندین رۆژ لە رێگەی دۆزینەوەی مەبەستێکدا خەرج بکات بەخەیاڵیدا نەیێت و زیاتر لەسەر کاری خۆی گەرم و سوور ببێت.

3 ـ شارەزایی‌و پسپۆڕیی: کاری لێکۆڵینەوەی دەقی کۆن کارێکی گەلێ گرانەو، مانای گەڕانەوەی نووسەری ئەم رۆژەیە بۆ چەرخ و سەردەمی نووسەری دەقەکە، بە هەموو جۆرێك، واتە شارەزابوونی لە روو و باری ژیان و هەڵس و کەوت و چۆنیەتی ئەو سەردەمە لە هەموو روویەکەوە، بەجۆرێ وا بزانێ کە یارۆی ئەمڕۆ پیاوی ئەو سەردەمەی پێشوو بووە، ئەمە سەرەڕای شارەزایی تەواوی یارۆی ئەمڕۆ لە زمان و شێوەی نووسینی ئەو سەردەمەو مەبەست و ئامانجیان لە نووسینیان، دیارە ئەگەر نووسەری ئەمڕۆ بێ کەرەسەیەك ئاوەها خۆی بخاتە ئەو جۆرە مەیدانانە ئەنجام باش نابێت و کارێکی سەرکەوتوو پێشکەشی ئەدەب و زانیاریی ناکات.

کە ئەمانەیش دەڵێم مانای وا نی‌یە رێگە لەو لاوە خوێن گەرمانە بەمە بەست و بڵێم: کەس ناتوانێ کلیلی ئەم تەلیسمە بدۆزێتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە دەست ئەخەمە ناو دەستیان و توند ـ توند دەستیان ئەگوشم و، گەرم پێشوازی‌یان لێ ئەکەم، بەڵام پێیان ئەڵێم: دەبێ پەلەتان نەبێ‌و زۆر لەسەر خۆ بن و، وەك کورد دەڵێ (پرسا) بن و، بۆ دێرە شیعرێك لە چەند کەس بپرسن

هێشتا کەمە؛ چونکە - وەك وتم - لە هەست و بیری خەڵکی ئەمڕۆ نادوێین و دەبێ بەوردیی بگەینە ئەنجام و مەبەستی ئەو پیاوانەی لە وتەکانیان ئەکۆڵینەوەو بتوانین لە سنووری هەست و بیریان نزیك ببینەوە.

بەمەیش کار یەکسەرە دەکەینەوەو بەرێگەی راست و دروستدا دەڕۆین؛ چونکە ناپوختە نەکردنی باشترەو، کورد دەڵێ: «بەردێ نەزان بیخاتە گۆمەوە بە هەزار زانا دەرنایێ!» خۆ راستکردنەوەی پارچەشیعرێك کە نەشارەزایەك بڵاوی بکاتەوە ئەگەر هەزار کەسی نەوێ ئەوە ئاشکرایە کە رەنج و خەرجێکی زیادی دەوێت. دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێت کە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێررێن و، ئەو وتارو بەرهەمانەیش کە لە لایەن نووسەرانی کوردەوە بۆیان دەنێرێن لەوە زیاترن کە لاپەرەکانی گۆڤارەکان بە بڵاوکردنەوەیاندا بگەن. جا لەم حاڵەیشدا کاری ناپوختە بڵاوبکەنەوە دیارە زیانەکە گەلێ گەورەتر دەبێت و، کاری دووسێ بارە زیانی دووسێ بارەی دەبێت و، رێگەی بڵاوکردنەوەی کاری پوخت و بەرهەمی بەپێزی نووسەرانی دیکەیش دەگرێت!

بەم بۆنەوە جارێکی دیکە داوا لەو خەبیرو پسپۆرانە دەکەم کە وتارو بەرهەمی نووسەرانیان پێ دەدرێت و هەڵسەنگاندنیان دەخرێتە ئەستۆ زۆر وردو بێلایەن بن و، سەیری ناوی نووسەرو پەیوەندی خۆیان لەگەڵیاندا نەکەن و، تەنها ناوەڕۆکی وتارو بەرهەمەکان سەیر بکەن و، (ئا) و (نا) یان تەنها بە گوێرەی پوختیو ناپوختی بەرهەمەکان بێت. هەر بەم شێوەو بەس دەتوانین رێگە لە کاری ناپوختەو بێپێز بگرین و، گۆڤارو رۆژنامەکانیش لەم (گیاکەڵە!) بژار بکەین.

ئەوەی بۆ نووسینی ئەم وتارەی هان دام، وتارێکی مامۆستا نەریمان بوو کە لە ژمارە (111)ی گۆڤاری (بەیان)دا نووسیبووی و چەند پارچەیەك شیعری شاعیری کورد (خەلیل فەقێ رەمەزان)ی بڵاوکردبووەوە.

زۆر جێگەی داخە کە پارچە شیعرێك بەو شێوە بڵاوببێتەوەو بەو هەموو هەڵەو ناتەواوییەوە لاپەڕەی گۆڤار رەش بکاتەوە؛ چونکە ،وەك روونی دەکەمەوە، لەو پارچە شیعرە بڵاوکراوەدا لە باتی ئەوەی بۆ هەڵە بگەڕێین دەبێ چاو بۆ وشەی راست بگێڕین و، لەوانەیە راستمان بە دەگمەن لە دەقی شیعرەکاندا دەست بکەوێت!

من بە بۆچوونی خۆم دەردی ئەم کارە بەوە دەزانم کە مامۆستا نەریمان خۆی ماندوو نەکردوەو، کەمتر کاتی خۆی بۆ راستکردنەوەی شیعرەکان تەرخان کردوە، دەنا ناگونجێ مامۆستا نەریمانێك تەمەنی نووسینی 30 ـ 40 ساڵ بێت و بەو جۆرە پارچە شیعرێك بخوێنێتەوە، بەڵام هەرچۆن بێت نابێ ئەو شیعرانە بەو جۆرە بڵاوبکرێنەوەو باری راستییان روون نەکرێتەوە، بە تایبەتی کە بزانین ئەم کارەی مامۆستا نەریمان یەکەم هەنگاوە بەرەو کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سەرجەمی دیوانی ئەو شاعیرە. لەگەڵ ئەوەدا کە بە گوێرەی توانا رووی راستیی شیعرەکان روون دەکەمەوە داوایش لە مامۆستا نەریمان دەکەم لە هەنگاوەکانی ئایندەیدا لەسەرخۆتر بێت و دوا هەنگاویش پێش ئەوەی ئەنجامی کۆششەکانی بۆ چاپخانە بەرێت بیداتە لای شارەزایەکی (دڵسۆز!) تا باش بۆی پێدابچێتەوەو کەم و کوڕیی و ناتەواوییەکانی بۆ دەس نیشان بکات و کارەکەی یەکسەرە بکاتەوەو بە پوختیو بێ هەڵەو ناتەواویی پێشکەشی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بکات.

کە دەیشڵێم: هەڵەو ناتەواوییەکانی شیعرەبڵاوکراوەکان دیاریی دەکەم پێشەکیی دەڵێم: ناتوانم بە تەواویی بگەمە ئەنجامی راست و دروست؛ چونکە دەسخەتە ئەسڵییەکەم لە دەستدا نییەو، مامۆستا نەریمانیش پوخت نەیهێناوەتەوە سەر رێنووسی کوردی. بەڵام هەرچیم پێ بکرێ بە گوێرەی بۆچوون و توانای خۆم دریغی ناکەم و، وایش بە باش دەزانم بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی راستیی باسەکەی بۆ دەرکەوێ بەیتە هەڵەکان یەکە یەکە دەنووسم و دواییش بە راستیی دەیان نووسمەوە؛ واتە هەربەیتێك هەڵەی تێدا بێت جارێك وەك خۆی دەینووسم و دواییش وەك بۆچوونی خۆم

دەینووسمەوەو هەڵەکان دەخەمە نێو کەوانەی ئاواوەو [] دواییش بەراستی هەمان کاریان لەگەڵ دەکەم.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: مامۆستا نەریمان کەمتر خۆی لە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی ناوی شوێن و زاناو ناودارانی ناو دەقەکە داوە، منیش لێرەدا ئەو لایەنەم بواردو تەنها راستکردنەوەی دەقەکەم مەبەست بوو، بەڵکو مامۆستا نەریمان لە کاتی لێکۆڵینەوەی سەرجەمی شیعرەکانی شاعیردا ئەم لایەنەیش بەسەر بکاتەوە.

ئەوەیش ئێوەی ئازیزو راستکردنەوەی دەقەکە:

**جە [عزاب] قەبر گۆڕ ئەفشار من:**

**غەیر جە زات تۆ نیەن چار من** ل: 13، ب: 3[2]

دیارە (عەذاب) راستە.

**جە [عەذاب] قەبر گۆڕئەفشار من**

**غەیر جە ذات تۆ نیەن چار من**

× × × × × ×

**فریاد رەسیم کەی فەردبێ هەمتا**

**وە حورمەت [پال] «ختم الأنبیاء».** ل: 13، ب: 4

دیارە (پال) هەڵەیەو رەنگە (پاك) بێت

**فەریادرەسیم کەی فەرد بێ‌هەمتا**

**وە حورمەت [پاك] «ختم الأنمبیاء»**

× × × × ×

**نظام نظامەن نظام نظامەن:**

**یاران [و طاقی] دەنگ نظامەن** ل: 13، ب: 7

دەبێ لە پێشدا ئەوە بزانین وشەی (نظام) یان دەبێ وەك خۆی بە عەرەبیو لە نێو کەوانەدا بنووسرێ یان بکرێ بە رێنووسی کوردیو ئاوا (نیظام) بنووسرێ.

دوای ئەوە: (وطاقی) هەڵەیەو (وە تاقی) راستەو سووککراوی (وە تاقیق - وە تەحقیق)ەو بەیتەکە ئاوا دەنووسرێت:

**نیظام نیظامەن، نیظام نیظامەن**

**یاران [وە تاقي] دەنگ نیظامەن**

× × × × × ×

**جا هات هات [ئین و طاقی] ئامان**

**[سپای روم گرتن] موڵك بێ سامان** .ل: 13. ب: 10

ئەمەیش راستیی بەیتەکە ئاوایە:

**جا هات هات [ئیەن وە تاقی] ئامان**

**[سوپای رۆم گرتەن] موڵك بێ‌سامان**

× × × × × ×

**[سپاش] هەم گرتەن موڵك رۆم [لەمام:]**

**داو [نظامن] مەگێرۆ جە عام** ل: 13: ب: 11

جێگەی سەرنجە لە دوو بەیتی بەرو دوادا جارێك (گرتن)ی نووسیوەو جارێك (گرتەن).

ئەمەیش بەیتەکە بە راستی:

**[سوپاش] هەم گرتەن موڵك رۆم [تەمام]**

**داو [نیظامەن] مەگێرۆ ! جە عام**

هەرچەند مانای نیوەی دوەمی بەیتەکە باش ناڕوات.

× × ×

**رەستاخێز بکەین هەرکەس پەی وێمان**

**[پە زندەگی] مەرگەن ئامان وەرێمان** ل: 13ب: 12.

نیوەی دوەم لەنگەو [پە] کەی زیادەو ئاوای راست دەکەینەوە:

**رەستاخێز بکەین هەرکەس پەی وێمان**

**[زیندەگیی] مەرگەن ئامان وە رێمان**

× × ×

**ئادەم [مردەبو ورنەوشو] دیل:**

**هەر [وەدەربوان] پێش [مەبو] زەلیل** ل: 13ب 13

جگە لەوەی ئاڵۆزیی و نەگونجانێك لە (ورنەوشودیل)دا هەیە تەواوی بەیتەکە ئاوایە:

**ئادەم (مەردەبۆ وەرنەوشۆ) دیل**

**هەر [وە دەربەوان] پێش [مەبۆ] زەلیل**

× × ×

**مردن خاصترەن [ەی ناریوەن]**

**[رگە] ئەو [] هەر [روز جاریوەن]** ل: 3. ب: 14.

دەبێ ئاوا بنووسرێت:

مردن خاصترەن [گرەی نارێوەن]

[مەرگ] ئەو [زیندە] هەر [رۆز جارێوەن]

× × ×

[زندەئی وەیطور] دایم غەمبار [بو]

جە گشت قەوم و کار هەرنا [دیاردیو] ل: 13 . ب: 15

[زنـدەئی] لێرەو لە بەیتـەکـانی دواییشدا هەڵەیەو دەبێ یان (زینـدەگی) بێ یان (زینـدەیێ)و هەڵـەکـانی دیکەیش بەم شێوەی خوارەوە راست دەبنەوە:

[زیندەیێ وەی طەور] دایم غەمبار [بۆ]

جە گشت قەوم و کار هەر نا [دیار بۆ]

× × ×

[زندەئی وەیطور] نەی [دنیا] فانی:

تەن ئازار سەخت وە [ناتوانی] ل: 13 . ب: 16

ئەمەیش راستیی ئەم بەیتەیە:

[زیندەگی وەیطەور] نەی [دنیای] فانی

تەن ئازار سەخت وە [ناتەوانی]

× × ×

جەورو جەزای سەخت [ظلم ئنسانی:]

صەد [خوزگا] بە مەرگ نەك [زندەگانی]

ل: 13 . ب: 17

بەم شێوە دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:

جەورو جەزای سەخت [ظوڵم ئینسانی]

صەد [خۆزکا] بە مەرگ نەك [زیندەگانی]

× × ×

ئەمجار بگیران دەورمان جەم [بو]

داو مەشق [بازی] شرپەی قامچی [بۆ]

ل: 13 . ب: 18

لێرەدا جگـە لە هەڵـەی نووسینـەوە مانـاکـەی ناجـۆرەو سەرواى (جەم بۆ)و (قامچی بۆ) پێکەوە گونجاو نین.

ئەمجار بگیران دەورمان جەم [بۆ]

داو مەشق [بازیی] شرپەی قامچی [بۆ]

× × ×

هەر یەك یەك تفەنگ سەنگین [والاکین:]

ئەساسەی [روی] جەنگ [دور دنیاکین]

ل: 13 . ب: 19

من وای بۆ دەچم ئەم بەیتە بەم جۆرەی خوارەوە راستە:

هەریەك یەك تفەنگ سەنگین [والا کەین]

ئەساسەی [رۆی] جەنگ [دەور دنیا کەین]

× × ×

بەیتی دوای ئەمـــەم بۆ راست نەکـرایـەوە، چونکـە نازانم شێوەی نووسینەوەی چۆنە.

بەیتی (21)یش [ســەمـون] ناو [ سەمـوون] راستـەو، بەیتی دوای ئەویش [وینەی] ناو [وێنەی] راستە.

× × ×

[مەحروم] خەوبین جەنەوبەت گیری:

[حفظ] دەمیرباش [ئەسلحەی] میری ل: 13 . ب: 23

ئەمەیش هەڵە رێنووسیەکانی ئاوا چاك دەکرێن:

[مەحرووم] خەو بین جە نەوبەت گیری

[حیفظ] دەمیرباش [ئەسلیحەی] میری

× × ×

بکەفین وە دەس [رومی] چون ئەسیر:

[بونمان] وەدیل راگەی چوڵ و دویر. ل: 13 . ب: 24

ئەم بەیتەیش دەبێ ئاوا بنووسرێت:

بکەفین وە دەس [رۆمیی] چون ئەسیر

[بوەنمان] وە دیل راگەی چوڵ و دویر

× × ×

[باهو بەندبین و چوی رقەوە:]

وە لای ظالمان دوور جەحەقەوە. ل: 13 . ب: 26.

بۆ راستکردنەوەی ئەم بەیتەیش من ئاوای بۆ دەچم:

[باهوو بەند بیەن وە چوی رەقەوە]

وە لای ظاڵمان دوور جە حەقەوە

ی × × ی ی × ی

رۆژ راگەی [بیدی] طەی بکەین یەکسەر:

روو بکەین بە جای بێ ئاواو بێ دەر

وشـەی (بیـدی) لە (بیـداء)ی عەرەبی‌یەوە وەرگیراوەو مانای دەشت و چۆڵ دەدات و دەبوو شتێکی لەسەر بنووسرایە.

**ڕۆژ ڕاگەی [بێدی] طەی بکەین یەکسەر**

**ڕوو بکەین بە جای بێ ناواو بێ دەر**

بەسـەر ئەوەیشـدا نازوم کە (بێ ناوا) مانـایـەکی ڕوون بەدەستەوە نادات.

× × ×

**خودا [مەزانو] پەی کام مەکان [بو:]**

**پەی جەنگ کام [گور] جا هەر ئاسان [بو]**

ل: 13ب: 29

ئەمەیش جگە لەوەی مانای نیوەی دوەمی بەیتەکە ڕوون نیە دەبێ ئاوا بنووسرێت:

**خودا [مزانۆ] پەی کام مەکان [بۆ]**

**پەی جەنگ کام [گەور] جا هەر ئاسان [بۆ]**

× × ×

**ئەمجا [بکرێن] دوعا پەرێ دین:**

**چەنی کافران بجۆشین وەقین ل: 13 .ب: 30.**

دەبێ ئاوا بێت:

**ئەمجا [بکەرین] دوعا پەرێ دین**

**چەنی کافران بجۆشین وە قین**

× × ×

**[دولنگە سپاهان ئاهر دومارەم:]**

**دنیا جەسامش بو وطولاوطم[7]]ل: 14ب: 31.**

هەرچـەنـد مامـۆستا نەریمان مانای نیوەی دوەمی بەیتەکەی نەزانیوە من گومانم لە نیوەی یەکەم هەیەو دەترسم لە کاتی ڕوونـووسکـردنیـدا هەڵـەی کردبێ. نازانم (ئـاهـرد) چیە، بەڵام (مـاردم) کە مامـۆستـا بە (دومـاردم) نووسیـویە ناوی جۆرە تفەنگێکی ئەو سەردەمەیەو لە دەقەکۆنەکانماندا ناوی (مـاتلی)و (کـەلـرەم) و (مـاردم)و (بـەکتـاشی) وەك چەنـد جۆرێ تفەنگی ئەو سەردەمە هاتوە.[2]

دەمێنێتەوە نیوەی دوەم مامۆستا نەریمان پەراوێزێکیشی بۆ کردوەو دەڵـێ: «ئـەم (طـوروطـم) مەم (!) بۆ ساغ نەکـراوەتـەوە» بەڵام من دەڵێم: ساغ کردنـەوەی ئەوە ئەگەر نووسـەر تۆزێـك ئاگـای لە ڕێـبازی لێکـۆڵینەوەو جۆرەکانی (تـەصحیف)و (تـەحریف) بووایە زۆر ئاسان دەبوو، تەنها یەك خاڵی دەوێت و، ڕەنگە مامۆستا ئەوەی بەسەردا تێپەڕی بێت. دوای هێنـانی خاڵـەکـە بە ڕێنـووسە کونەکە دەبێ بە (طوز وطم) دوایی کە هێنامانە سەر ڕێنووسی ئێستە دەبێ بە (طۆزو طەم - تۆزو تەم).

× × ×

**نە [جەرگەی] چەقماق ئاهیر وە [پاهـ بو]**

**[باروت] ئنگلیس وە [روی] هەوا [بو] ل: 14ب: 34**

دیـارە (پـاهـ) هەڵـەی نووسـەرەو (پـا) ڕاستەو لەگەڵ نیوەی دوەمی بەیتەکەدا وا دەگونجێ‌و، بەیتەکەیش ئاوا ڕاست دەکەینەوە:

**نە [چرکەی] چەقماق ئاهیر وە [پا بۆ]**

**[برووت] ئینگلیس وە [ڕووی] هەوا [بۆ]**

× × ×

**خودا [مەزانو] کام [گورو] بێ باك:**

**سینەمان وە تیغ [هندی کرو] چاك ل: 14 ب: 35**

ئەم بەیتەیش ئاوا ڕاست دەکرێتەوە:

**خودا [مزانۆ] کام [گەور] بێ‌باك**

**سینەمان وە تێغ [هینديی کەرۆ] چاك**

× × ×

**کوا وەك موسوڵمان بە [ئاو دزخوش:]**

**بوانان یاسین [بیومان بگوش] ل: 14ب: 36.**

ئەمەیش ڕاستیی ئەم بەیتەیە:

**کوا وەك موسوڵمان بە [ئاواز خۆش]**

**بوانان یاسین [بەیۆمان بە گۆش]؟**

× × ×

**بە ڕەسم [مردەی ورثەی ویمان:]**

**نە خاك بازان قەورێ پەرێمان ل: 4ب: 38**

ئەم بەیتەیش ئاوا دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:
به رەسم [موردەی وەرثەی ویمان]
نه خاك بازان قەورێ پەریمان
× × ×
به [اسم اعظم محمد ظریف:]
[رومان بکران و] کاوەی شەریف ل: 14. ب: 39
ئەمەیش رووی راستیی ئەم بەیتەیە:
به [ئیسم ئەعظەم محەممەد ظەریف]
[روومان بکەران وە] کاوەی شەریف
× × ×
[مەترسون] یاران [بکفین بدام]
[بکفین] به دام [روم] بەد [نظام] ل: 14ب: 40
لە دامێنی ئەم بەیتـەدا ئەو سەرنجـەیش نابوێرم کە: مامۆستا نەریمان پەیرەویی یەك رێبازی نەکردوە، نە ئەوەتا سەرجەم هەمووی بە رێنووسی کۆن نووسیبێ نە ئەوەیشە هەمووی بە رێنووسی تازە نووسیبێ. لێرەدا دەبینی لە نیوە بەیتی یەکەمدا (بدام)ی نووسیوەو لە نیوەی دوەمدا (بە دام).
ئەمەیش بەیتەکە وەك من بۆی دەچم:
[مەترسوون] یاران [بکەفین بە دام]
[بکەفین] بە دام [رۆم] بەد [نیظام]
× × ×
چون بەندەی پابەند [روی] زەمین بین
[سەرنگون] بە دەست [گور] بێ دین بین ل: 14ب: 41
ئەمەیش راستیی ئەم بەیتەیە:
چون بەندەی پابەند [روویی] زەمین بین
[سەرنگوون] بە دەست [گەور] بێ دین بین
× × ×
[دیدارو محشر] چەنی [هامدمان]
[روی یوم المحشر] لیمان [بوعیان] ل: 14ب: 42

جوانتر وابوو مامۆستا نەریمان هیچ نەبێ ئیشارەی ئەو قسە باوەی بکـردایـە کە دوان لە یەك دوور بکـەونـەوە دەڵێن: (دیـدارەو قیـامـەت کەوتین) چونکـە شاعیـر لێـرەدا ئەوەی مەبەستەو رووی راستیی بەیتەکەیش ئاوایە:
[دیدارەو مەحشەر] چەنی [هامدەمان]
[رۆی (یوم المحشر)] لیمان [بوەعیان]
× × ×
بە (عەبدال) واتەن (پر) قەورش (نوربو)
[روحش] جە [عذاب] قیامەت [دور بو] ل: 14 ب: 43
ئەم بەیتەیش بەم شێوە راست دەکەینەوە:
بە (عەبداڵ) واتەن [پڕ] قەورش [نور بو]
[رۆحش] جە [عەذاب] قیامەت [دوور بۆ]
× × ×
بە مەلا نویسان عاجزو غەمگین:
هەرکەس (بشنوو بدەرد) حەزین ل: 14ب: 44
ئەم بەیتەیش بەم جۆرە دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:
بە مەلا نویسان عاجزو غەمگین
هەرکەس [بشنەوۆ بە دەرد] حەزین
× × ×
[فاتحا بدوپی دایو] بابش
جە رای خودارەوند [بجب الخواهش] ل: 14ب: 45
ئەم بەیتەیش ئاوا راست دەکرێتەوە:
[فاتیحا بدۆ پەی دایەو] بابش
جە رای خوداوەند [بە (حسب الخواهش)]
× × ×
[مطهر مەعدەن زمرەی] کانیات:
بەر [مصطفی بو سەلام صلوات] ل: 14ب: 46
راستیی ئەم بەیتەیش ئاوایە:
[مەظهەر مەعدەن زومرەی] کاینات
بەر [موصطەفا بۆ سەلام و صەلات]
× × ×

[جه نصل زالن جەنصل زالن:]

[محمد ئاغا سلسلەی زالن] ل: 14. ب: 47

دیارە نووسەری دەسخەتەکەی لەمەڕ مامۆستا نەریمان نیمچە خوێندەوار بووە گەلێ هەڵەی کردوە تا ئەو هەڵە زەقانە وەك خۆیان رانەگوێزێ بۆ ئێرە. ئەم بەیتە نموونەی ئاشکرای ئەم قسەیە، چونکە (نصل) بۆ ئێرە هەڵەیەو مانای سەرەڕم دەدات و شاعیر بۆ مەبەستێکی دیکە دەدوێت و (نصل)ی وتووە دەیەوێ بڵێت: حەماغا پاڵەوانەو ئازایەو لە نەسل و نەتەوەی زاڵە، بەڵام کە (نصل) نووسرا ئەو مەبەستە لە کیس دەچێ. ئەمەیش بەیتەکە بە راستی:

[جه نەسل زاڵەن، جه نەسل زاڵەن]

[محەمەد ئاغا سیلسیلەی زاڵەن]

× × ×

[منشور ئیسمەش] تەئریخ ساڵەن:

حاتەم [طبیعەت] بلند [ئقبالەن] ل: 14 ب: 48

مانای نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە روون نیەو بەم جۆرەیش دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:

[مەنشوور ئیسمش] تەئریخ ساڵەن

حاتەم [طەبیعەت] بلند [ئیقباڵەن]

× × ×

[روستەمەن صاحب] گورزو گۆپاڵەن

زبان جه تەعریف [توصیفەش] لاڵەن ل: 14ب: 49

راستیی ئەم بەیتەیش بەم جۆرەیە:

[رۆستەمەن صاحیب] گورزو گۆپاڵەن

[زوبان] جه تەعریف [تەوصیفش] لاڵەن

× × ×

دایم نە (جویای] جەنگ [قطاڵەن]

[دلیری] چون ئەو هەنی [محاڵەن] ل: 14ب: 51

ئەمەیش هەڵەیەکی دیکەی زەقی نووسەری دەسخەتەکەیە کە بە داخەوە بەسەر مامۆستادا تێپەڕیوە چونکە [قطاڵ] نابێ و دەبێ (قیتاڵ) بێ و بەیتەکە ئاوا دەنووسرێت:

دایم نە [جۆیای] جەنگ و [قیتاڵەن]

[دلێری] چون ئەو هەنی [مەحاڵەن]

× × ×

دوشمن فەناکەر [سەر حد قەطاڵەن]

[أبو المسکین خسرو] خەیاڵەن ل: 14ب: 52

ئەم بەیتەش بەم جۆرە دەنووسرێت:

دوشمن فەناکەر [سەرحەد قیتاڵەن]

[أبو المسکینەن، خوسرەو] خەیاڵەن

× × ×

[عارفان صراف] ئاگای هەر حاڵەن

چه حاصل بە [حرف گفتار] کاڵەن ل: 14ب: 53

ئەمەی خوارەوە رێنووسی تەواوی بەیتەکەیە:

[عاریفان صەراف] ئاگای هەر حاڵەن

چە حاصل بە [حەرف گوفتار] کاڵەن

× × ×

[استاد] سەمین نام [خیاط] خاڵەن:

[معلومەن مەشهور] (کفری) [محاڵەن] ل: 14ب: 54.

ئەم بەیتەیش ئاوا دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:

[ئوستاد] سەمین نام [خەیاط] خاڵەن

[مەعلومەن مەشهوور] (کفری) [مەحاڵەن]

× × ×

ئەصلش داودەن [چواندانەی] لاڵەن

یەتیم [عشرەت] فەقەط نەوماڵەن ل: 14ب: 55

دیارە ئەمەیش شێوەی نووسینەوەی دەسخەتەکەیەو مامۆستا خۆی پێوە ماندوو نەکردوە بیکا بە (چون دانەی)و، ئاوایش دەخرێتە سەر رێنووس:

ئەصلش داودەن [چون دانەی] لاڵەن

یەتیم [عەشرەت] فەقەط نەوماڵەن.

× × ×

ئاغا [یەفرزند استاذ عبالن]

**ئاگاه داریش [کر] ئەو قاتش [طاڵەن] ل: 14ب: 56**

بەم جۆرە راست دەکرێتەوە:

**ئاغا [یە فەرزەند ئوستاذ عەبدالْەن]**

**ئاگاداریش [کەر] ئەوقاتش [تاڵەن]**

× × ×

**شیرین [ئەبرودا] شیرین [ئەبرودا]**

**بە صەد نەزاکەت [نازو ئەبرودا]**

بەم جۆرە دەخرێتە سەر رێنووسی کوردی:

**شیرین [ئەبرۆ دا] شیرین [ئەبرۆ دا]**

**بە صەد نەزاکەت [ناز وە ئەبرۆ دا]**

× × ×

**[سپای شەربستن صد] چین [رودا] -**

**صەنعان جە سامش وە بت [سجود]دا ل: 14ب: 59**

شێوەی راستیی ئەمەیش بەم جۆرەیە:

**[سوپای شەرِ بەستەن صەد] چین [وە روودا]**

**صەنعان جە سامش وە بت (سجوود) دا**

× × ×

**چین بە [مودای] چین چل [چنگ چودا]**

**[ئاوردەش] وە باڵ [پرتوك] قودا ل: 15ب: 60**

مانای ئەم بەیتە روون نیەو ئەوانەی نێو کەوانەکان هەڵەی رێنووسیان تێدایەو بەم شێوە راست دەکرێنەوە:

**چین بە [مەودای] چین چل [چەنگ چوودا]**

**[ئاوەردش] وە باڵ [پەرِ توك] قوودا**

× × ×

**دوو دیدەی شێوەی [عین ئاهودا:]**

**پارەی [جەرگ دڵ هەم و شیرۆدا] ل: 15 ب: 61**

راستی ئەم بەیتەیش بەم شێوەیە:

**دوو دیدەی شێوەی [عەین ئاهوو دا]**

**پارەی [جەرگ و دڵ هەم وە شێرۆ دا]**

× × ×

**دوو [جەنگی] عەقرەب تاریای [رودا:]**

**[نوفل مست زهر مجنون و کوهدا] ل: 15ب: 62**

رێنووسی کوردیی ئەم بەیتەش بەم جۆرەیە:

**دوو [جەنگیی] عەقرەب تاریای [روودا]**

**[نەوفل مەست زەهر، مەجنوون وە کۆهدا]**

× × ×

**دوو کە مان وە کەتف [کیان کوهدا:]**

**حەی ئاسا کلاف [نول سەر تولدا] ل: 15ب: 63**

ئەم بەیتە بە هەڵە نووسراوەتەوەو شێوێندراوەو دەسخەتەکەم لا نەبوو تا وەك خۆی بینووسمەوە، وا دەزانم لە کاتی نووسینەوەدا (کوهدا)ی دێری یەکەم بە هەڵە کەوتوەتە ئەو شوێنەو هەر هەمان (کوهدا)ی کۆتایی دێری دوەمی بەیتی پێش ئەم بەیتەیە؛ چونکە بە گوێرەی نیوەی دوەمی ئەم بەیتە دەبوو لە باتی (کوهدا) (...لدا) بوایەت. هەروەها (نول)یش هەڵەیەو نازانم چۆنەو رەنگە (لوول) بێت.

ئاوایش دەیخەینەوە سەر رێنووسی کوردی:

**دوو کەمان وە کەتف [کیان کوهدا!]**

**حەی ئاسا کلاف [لوول سەر تووڵ دا]**

× × ×

**کافر فەتوای قەتل قەصتم جە [نودا:]**

**ئەوسا [سپای] من جە [نو] هەم [رودا] ل: 15ب: 64**

ئەم بەیتەیش ئاوا راست دەکرێتەوە:

**کافر فەتوای قەتڵ قەصتم جە [نۆدا]**

**ئەوسا [سوپای] من جە [نۆ] هەم [روودا]**

رەنگیشە سەروای بەیتەکە (جە نەو دا)و (هەم رەو دا) بێت.

× × ×

**هەی [کرد] لە [قوشن] چین [گیسودا:]**

**[ هوشم] ترسیا فامم [فرهوودا]**

ڕێنووسی ئەم بەیتەیش بەم جۆرەیە:

هەی [کەرد] لە [قۆشەن] چین [گێسوودا]
[هۆشم] ترسیا فامم [فەرهوود دا]

× × ×

[قبلەم] لە [بۆ] قەیس (عەبداڵ) روودا:
شەیدای لەیلیٚ بیم [و شیوەی‌تودا]

ئەم بەیتەیش ئاوا ڕاست دەکرێتەوە:

[قیبلەم] لە [بۆ] قەیس (عەبداڵ) روودا
شەیدای لەیلیٚ بیم [وە شێوەی تۆدا]

### سەرچاوەو پەراوێز:

(1) بڕوانە: ژمارەکانی: (34و35و36) گۆڤاری کاروان

(2) مەبەستم لە (ل:) لاپەڕەو لە (ب:) بەیتەو. زنجیرەی بەیتەکانیشم لەو بەیتەوە کە دەستم پێکردوەو هەڵەکانیم دیاری کردوەو ڕاستم کردوونەتەوە.. نووسیوەو ژمارەم داناوەو لەسەر ئەو ژمارانەیش ڕۆیشتووم لەگەڵ تازەبوونەوەی پارچە شیعرەکاندا ژمارەکانم نەگۆڕیوە.

(3) مەولەوی ئەمر دەڵێت:

وەی من پەی صەفای یاران هام دەم
ئای پەی ئەو سەیران (ماردم) و (کەل ڕەم)

× × ×

پارچەی (13) تیپی (واو)

ڕەنجووریش دەڵێت:

تفەنگیٚ نەکار (بەکتاشی) قەدیم
(قۆناخ) زەڕنیشان (لوولە) صاف جە سیم

........

چەم دام وە جاسووس نیشان ڕاس کەردم
ئەرواح (بەکتاش) وە یاد ئاوەردم

دیوانی ڕەنجووری ل: 182 و183.

# دراماى ڕامیارى

ئەگەر دراما بەدرێژایی چاخەکان، ئەو دژایەتی و مل ملانێیەی دەربڕی بێ کە لە بارو دۆخە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یە دیاری کراوەکان دا لەناو کۆمەڵ دایە ئەوە ڕامیاریەتی‌ی شانۆ مەسەلەیەکی کۆنترەو دەمان گەڕێنێتەوە بۆ شانۆی یۆنانی و بڕی لێك بەستنەوەی شاعیری یۆنانی بەژیانی ڕامیاری سەردەمەکەی، هەندێ کۆمەڵی وەکو کۆمەڵانی ئەگریکی ولاتینی، سەربەخۆییەکی تەواویان بە نووسەرەکانیان داوە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلە ڕامیاریەکانی سەردەمی خۆیان، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پەرەسەندنی شانۆی ئەگریکی پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە مەسەلەی دیموکراتیەتی ئەسیناوە هەبوو، ئەوەبوو لە سەدەی پێنجی بەر لە لە دایك بوون دا گەیشتە لوتکەی پێ‌گەیین.

ئەو شانۆ نامانەی کە ئەگریکی‌یەکان نووسیان، لە ڕەسەن دا ڕامیاری بوون و بۆ پتەو کردنی هوشیاری‌ی‌هاو ولاتی ئەگریکی هاتبوون بەرامبەر بە بیروباوەڕە بنچینەییەکانی ژیان.. ئێستاکەش کە دەڕوانینە ئەو شانۆ نامە یۆنانیانە، هەست بەوە دەکەین کە لە خزمەت گەیاندنی بیری کۆمەڵ و دابین کردنی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکاندا، تەواو بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵساون بۆیە لە ڕووی مێژوویی‌یەوە دەتوانین بڵێین کە شانۆ هەر لە سەر دەمی ئەگریکی‌یەوە بە ڕامیاری‌یەوە سەری هەڵداوە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە نووسینەکانی ئەرەستۆفانس و ئەسخیلۆس و

حيدر عبدالرحمن

سۆفۆلكيس و يۆرپيدس ـ ە.

ئيمە سەرباری ئەو بيروباوەڕە ڕامياريیانەی كە لە پشت كاری ئەو نووسەرانەوە دەبينين، كەچی لەسەر حيسابی ئەدەب و هونەر.. بۆنی پڕوپاگەندەی ڕامياری ڕاستەوخۆ ناكەين زۆربەی بەرهەمەكانی ئەرەستۆفانس پەيوەندييەكی ڕاستەوخۆی بە ڕامياریو ژيانی كۆمەلايەتی يەوە هەيە، كەوا لە ڕووە ڕامياری و كۆمەلايەتیو ئابووریيەكانەوە، بيروباوەڕی خۆی بەرامبەر بە فرمان ڕەواكان و كێشەكانی ـ ئەسينا ـ دەردەبڕێ هەروەها هەلوێستی بەرامبەر بە جەنگی ـ بيلونيز ـ و باری سەرنجی بەرامبەر بە ستەم كاریو دەسەلاتی بێدادی فرمان ڕەواكان، دوو ڕوويی هاوچاخەكان، وون بوونی ڕاستی لەنێو خەلكەدا، كە بوو بەهۆی وون بوونی ئەسينا لە ئەنجامی دزیو جەردەيی سەردەمی فەرمان ڕەوايی ـ كليۆن ـ لە سەردەمی كليۆنی ـ بازرگانی بەندەكان دا ـ هەژاریو ستەم كاریو چەوسانەوە بلاوبوەوە، ئەو كليۆنەی كە لە ئەنجامی كڕينی ويژدان و هەل خەلەتاندنی خەلكی گەيشتە سەر كورسی فەرمان ڕەوايی.

ئەرەستۆفان ـ لە شانۆ نامەكانی وەكو (ئاشتی) و (هەور) و (كۆمەلی ئافرەتان)دا دەربارەی ئەم واقيعە تالە دواوە.

كاتێكيش كە ئەرەستۆفان ـ شانۆ نامەی (شۆرەسوارەكان)ی پێش كەش كردو ناوی خۆی تێدا ئاشكرا كرد، (دووای ئەوەی كە بەناوی نهێنیيەوە نووسينەكانی بلاو دەكردەوە) دوژ منداریيەكی تيژ لە نێوان ئەرەستۆفان و فەرمان ڕەواكانی ئەو سەردەمەدا پەيدا بوو، ئەوەبوو ئەرەستۆفان ـ يان گرت و ئازار يان داو هەڕەشەيەكی زۆريان لێ كرد، بەلام توانی بەرگە بگریو نەمری بۆ بەزمەساتی (كوميديای) يۆنانی بەجێ بهێلێ.

دەتوانين بلێين كە زۆربەی نووسەرە تراژيديەكانيش هەر بەو شێوەيە بايەخيان بەلايەنە ڕامياريیەكە داوە، ئەمەش لە گرنگی پێدانی ـ ئەسخيلۆس ـ ەوە هەستی پێ دەكرێ بەرامبەر بە پالەوانيەتیو زيندوو كردنەوەی سەركەوتنی ڕۆلەی نيشتمانەكەی بەسەر دوژمنە فارسەكان دا.

بەم جۆرە ڕووداوە كۆمەلايەتیو ڕامياریيە گەورەكان لە شيعرەكانی ئەسخيلۆس ـ دا ڕەنگيان داوەتەوەو هەستمان بەو خوێن گەرميەی ئەو كردوە، بە بانگەوازی بۆ شۆرش بەرپا كردن دژ بەستەم كاری، سائەگەر ئەو ستەم كاريیە لە لايەن خواوەندەكانەوە هاتبێ يا لە لای مرۆڤەوە.. هەر بۆيەش بە خەباتگێڕێكی ڕاميارييان ناوزەند كردوە، ئەسخيلۆس، يەكەم كەسێك بووە كە ووشەی ـ نەء ـ ی لە دەم دەرچووە، لە پێناوی ئەمەش دا ئازاری چەشتووە، چونكە ئامانجی ئەو نەمانی ستەمكاری بوو لەسەر مرۆڤايەتی دا.

لەم ڕوانگەيەوە دەتوانين بلێين كە (ئەنتيگۆن) شانۆ نامەيەكی ڕامياريیە، چونكە شۆرشی مرۆڤ دەنوێنێ لەدژی ئەو ڕژێمەی كە لەگەل ياسا ئاسمانيەكان يەكدی ناگرنەوە.

شانۆ بە هيچ كلۆجێ بەرامبەر بە مێژوو دووره پەرێز نەبۆتەوە، ئەوەتا شانۆ نامە مێژوويیەكانی ـ شكسپير ـ ی وەكو (يۆليوس قەيسەر) و (ريچاردی سێيەم) و (كۆريولانس) هەموو شانۆ نامەی ڕامیارين، هەتا (رۆميۆو جولێت)يش بە شانۆ نامەی ڕامياری بە مانا گشتیيەكەيەوە لە قەلەم دەدەن.

كاتێ كە جەنگی جيهانی يەكەم هەلگيرسا ڕەچەلەكە چەسپاوەكانی شانۆو دامەزراوە ڕۆشەنبيرييەكان لەرزين و بير لە شێوازی نوێكرايەوە، ئەوەبوو شانۆی تەعبيری و شانۆی ڕامياری سەری هەلداو شانۆی ڕامياری هەندێ لە شەپۆلەكانی ڕەت كردەوەو هەولی دا كە پەيوەستيكی بەتين لە نێوان نووسەرو كۆمەلەكەیدا دروست بكات، بۆيە زۆر لە شانۆكارەكان دۆزينەوەی شانۆی نوێيان لەچاوی شانۆ ڕامياريیەكانەوە دەبينن، بەتايبەت (بيسكاتۆر)، ئەو بيسكاتۆرەی كە يەكەم كەس بوو زاراوەی شانۆی ڕامياری

◁

داهێنا. هەروەها (میرهۆلد) و (مایکۆفسکی) و (برێخت) و (پیترفایس)یش.

دامرکانەوەی شۆڕشی 1919ی سۆشیالیستی لە ئەڵمانیاو کوشتنی سەرکردەکەی، هۆیەك بوو لە هۆیەکانی پەرەسەندنی هەردوو شەپۆلی تەعبیریو ڕامیاری، وە هەردوو شانۆ بەیەکەوە دووای هەرەس هێنانەکەی ئەڵمانیا دەستیان پێ کرد، بەڵام شانۆی تەعبیری ماوەیەکی خایاند (1918 ـ 1925) کەچی شانۆی ڕامیاری تا کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیش هەر لەپێشکەوتن دابوو.

شانۆی ڕامیاری بە درێژایی مێژوو، بۆتە چەکێکی کاریگەر بۆ ڕوون کردنەوەو سەلماندنی بیرێکی دیاری کراوی ڕامیاری، هەردەم باشترین کەرەستەی دەربڕینی بیروباوەڕی ڕامیاریی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆی نووسەرە شانۆییەکانیش بووە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە (بازرگانی ڤینیس)ی شکسپیر (مالطەی زایۆنیزم)ی مارلۆنە (جۆنسۆن)ی نووسەری ناوداری بەریتانی بڕوای وابوو کە شانۆیی نووس بەرپرسیاریەتیکی ڕەوشتی بە هێزی بەرامبەر بە کۆمەڵەکەی لەسەرشانە لەڕوانگەی ئەوتیۆرە کلاسیکی یەی کە دەڵێ شانۆ نامە وەکو ئاوێنە وایەو ژیان بە شێوازە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە دەنوێنێ.

لە سەدەی نۆزدە هەمیش دا شانۆ بۆ تە کاریگەرترین هۆیەکی دەربڕینی ئەشکەنجەو ئازارو ئاواتی چەوساوەکان، کە دووای شۆڕشی پیشەسازی دەستی بە تەشەنە کردن کرد.. بۆیە نووسەرە شانۆییەکانی وەکو (بردناشۆ) بوون بە چەکێکی کاریگەری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە سۆشیا ـ لیزمەکان و هێرش بردنە سەر ئیمپریالیزم، لە ئینگلتەرادا،

هەندێ جاریش هەندێ لە شانۆکارەکان بە تایبەت شاعیرانی وەکو (لورنس بنیون) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەلاماری ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایان دەدا، کە ئەوکاتە لەو پەڕی پایەداری دابوو، ئەمەش لەڕێگەی باسکردنی ئەو دەستەڵاتە بێگانەیەی کە لە سەدەی ڕۆمانیەکاندا

باڵی بەسەر بەریتانیادا کێشابوو. لەبیستەکانی ئەم سەدەیەشدا زاراوەی شانۆی جەماوەری لە ئەوروپادا بڵاوبۆوە، کاتێ کە (ئەروین بسکاتۆری) دەرهێنەری ناوداری شانۆ شانۆی خۆی لە بەرلین ـ دامەزراندو ناوی نا شانۆی پرۆلیتاریا.

لە ئیرلەندەش دا ساڵی 1937، لەوکاتەی کە بەشێك بوو لە شانشینی یەکگرتوو و بەر لەوەی سەربەخۆیی خۆی وەرگرێ، شانۆ لە خەباتی نەتەوایەتی داو، لەپێناو سەربەخۆیی دا، ڕۆڵێکی دیاری بینی وەکو دامەزرێنەرانی شانۆی ئیرلەندی دانیان بەوە ناوە کە گەلی ئیرلەندە پێویستیەکی زۆری بەزیندوو کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی ی خۆی هەبوو، بۆیە زۆربەی ئەو شانۆ نامانەی کە دەیان نووسی بایەخیان بەم مەسەلەیە داوە ئەمەش لە ڕێگەی باسکردنی قارەمانیو ئەفسانە مێژوویە ئیرلەندیەکانەوە، ئەمە وای کردوە کە پێشرەوە شانۆییەکان بەراووردێك لە نێوان ئەم واقیعەو واقیعی ئیرلەندەی پێشوودا بکەن کە کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیو ئەو مێژووە پڕ لە شانازیەی کە ئیرلەندە هەیبوو. بەمە هەستی نەتەوایەتییان دەجولێتەوەو خەبات لە پێناوی سەربە خۆیی دا دەکەن، بێجگە لە بردناشۆ ـ زۆر نووسەری دیکەش بۆ ئەم جۆرە شانۆیەیان نووسیووە.

لە ئەمریکاش دا هەروا شانۆی ڕامیاری ڕۆڵێکی مەزنی لە دەرخستن و ئاشکرا کردنی ئەو بارە ناهەموارەدا بینی کەچینی چەوساوەی تێدا دەژی، سەرباری ئەوەی کە نووسەرە شانۆییەکانی ئەمریکا تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی کاریگەر دەرنەکەوتن تەنیا (یوجین ئۆنیل) نەبێ کە لە ڕەسەن دا ئیرلەندی یە، ئەگەر ئەو شانۆ نامە ڕامیاریانە کە هەندێ نووسەری وەکو (بردناشۆ) و (برێخت)و هەندێکی تر نووسیان و لە ئەمریکا نیشان دران سەرکەوتنی گەورەیان بە چەنگ هێنا...

کاتێ ئەڵمانیا لە ساڵی 1914 لە جەنگی یەکەم دا

بەشداری کرد ئەو کاتە باری ڕامیاری لەو پەڕی شڵەژاوی دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هونەری تێدا گەشاوە بوو، بەتایبەتیش لە بەرلینی پایتەخت دا. کە یەکێ بوو لە شارە هەرە بایەخ پێدەرەکانی شانۆ. لەساڵی 1918دا ئەڵمانیا شۆڕشێکی مەزنی بە خۆیەوەبینی، لەو شۆڕشەدا هەندێ لە ڕۆشنبیرە چەپ ڕەوەکان بەشداریان تێداکردو ڕژێمی کۆتایی جەنگە ڕاگەیاندرا، (ئارنست توللر)ی شاعیرو بە نووسەری شانۆیی وەزیر داندرا، بەڵام هەر زوو شۆڕشە کە پوکایەوەو (توللر) شیان لەگەڵ کۆمەڵێ ڕۆشنبیری دیکە خستە بەندیخانە، تا وورده ووردە ئەڵمانیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی پارتی - نازی - بەسەرکردایەتی هیتلەر..

لەو ساتەوە شانۆ لە هەموو بوارەکانی‌دا دەستی بە گەشە سەندن کرد، وەکو کاباری - و شانۆ کانی مۆسیقای باڵێ نووسەرە ڕامیاری‌یەکان ئەم جموجووڵانەیان بە دەرفەت زانی بۆ خستنە ڕووی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازەکانیان دژ بە ڕژێمی نازی، ئەوەبوو نووسەری شانۆیی (ولتر) زۆر لەو گۆرانی‌یە بە جۆشانەی نووسی کە تام و چێژێکی ڕامیاریانە - یان پێوە بوو، (کیرت چیولسکی) شانۆی کردە چەکێکی کاریگەر دژ بەلایەنە کۆنە پەرستەکانی ئەڵمانیاو جەنگێکی ڕامیاری لە ڕێگەی شانۆوە دەستی پێ‌کرد، ئەوەبوو هونەری کاباری‌ی کرد بە چەك بۆ ئەو جەنگەی کە دژ بە هێزی شەڕو تاریکی گیرای لە وولاتەکەی خۆی‌دا، دوای ئەویش (بیسکاتور) شانۆی کرێکارانی دامەزراند و دژ بە داگیرکەرەکان وەستاو بە پێی ئامانج تێڕوانین چینی چەوساوە شانۆ نامەکانی دەنووسی.

لە ساڵی - 1918دا (ماکس راینهارت)ی دەرهێنەری ناوداری ئەڵمانیا کۆمەڵەیەکی شانۆیی دامەزراند بەناوی (ئەڵمانیای ساوا)، هەوڵی ئەوەی‌دا کە زۆرترین بینەر لە خۆی کۆبکاتەوە، هەروەها هەندێ گۆران کاریشی لەشانۆدا کرد وەکو ئەو ڕووناکیەی کە شانۆ لە هۆڵ جیادەکاتەوە، پەردەی شانۆی لابرد، کاری درامایی گواستەوە ناو بینەران.

(راینهارت)یش، شانۆ نامەکانی لە گۆڕەپانە گەورەکان دا بەرامبەر بە هەزاران بینەر پێش کەش دەکرد، پاشان لە بەرلین - دەرچوو، چووە پاریس و ڤییەنا وهەندێ وولاتی‌تر.. بەڵام لەساڵی 1921دا پۆلیسی بەرلین ڕێگەی بە نوێ‌کردنەوەی مۆڵەتی تیپەکەی نەدا، بۆیە کۆتایی بەژیانی هات.

دووا بە دووای ئەم بیسکاتۆر - کەوتەکارو چەندان شانۆ نامەی لەسەر شانۆی کرێکاران پێش کەش کرد لەوانە (هۆبلا ئێمە زیندووین) نووسەر ڕێبازی تەعبیری بەکار دەهێنا، لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانەیە لەو کاتەدا لەشانۆو لە هونەری تەشکیلیش دا هەر باو بوو.

هەموو ئەو شانۆ نامانەی کە نووسەرە شانۆییەکانی وەکو (ئارنست توللر) و (جورج قیصر) و (گیر هارت هۆتیمان) و (هەندێکی دیکە دووای جەنگی دووەمی جیهانی) پێشکەشیان کرد ،لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی تەعبیری بوون، وە ئەم ڕێبازەش هەوڵدانێك بوو بۆ نەخشە کێشانی ڕووی هەڵوێستی ڕامیاری‌ی ئەڵمانیاو کاریگەری لەسەر ژیانی جەماوەر لە شانۆدا.

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی‌دا گەورەترین تاقی کردنەوەیەکی شانۆیی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا کە ئەویش شانۆی (داستان - مەلحەمی) بوو، کە نووسەری پایەدارو شاعیری گەورەی ئەڵمانیا (برتولد برێخت) دۆزیەوەو پێشی خست.

برێخت لە ناو گەرمەی ئەو دەسکەوتە گەورانەی شانۆوە هاتە پێشەوە، لەسەرەتای ژیانی‌دا شیعری دادەناو بە دەنگێکی زوڵاڵ گۆرانی‌ی دەگوت. بەخۆی‌و بە ئامێرێکی زۆر ساکاری مۆسیقاوە پاشان برێخت. ئارەزووی زیاتری کەوتە سەر شانۆو دەستی کرد بە نووسینی چەندان ووتار لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان دا، لە سەرەتای نووسینی شانۆ

نامەکانیشی دا، قوتابخانەی تەعبیری کاری تێ کردبوو، بەڵام هەر زوو بیرو تاقی کردنەوەکانی گۆڕا، بەتایبەت دووای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە لە شانۆ نامەی (ئۆپرای سێ فلس 1928 - ) بەدەستی هێنا، پاشان ڕۆژ لە دووای ڕۆژ ڕووی کردە لایەنە ڕامیارییەکان و بەرگری کردن لەچینی کرێکارو چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

برێخت هەوڵی ئەوەیدا کە هێزێکی کاریگەر وە بەر گیانی شانۆوە بخا.

بۆ وەستان دژ بە جەنگ و نازییەکان، بۆیە کاتێ کە هیتلەر، هاتە سەر کورسی فەرمان ڕەوایی، تێکڕای شانۆ نامەکانی (برێخت)ی قەدەغە کرد، ئەوي ساڵی 1933 بە ناچاری ڕای کردە وڵاتە ئەورو پایی یە دراوسێکان، لەوێ ناوبانگی شانۆ نامەکانی بە وڵاتە ئەسکەندۆناڤیەکان و سویسراو فەرەنسادا بڵاوبۆوە، بەڵام کاتێ مەترسی هیتلەر گەیشتە سەرتاپای ئەورووپا، ڕای کردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوێش کەوتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە، ئەوەبوو، لیژنەیەکیان بەناوی لیژنەی (ما کارثی) پێك هێنا کە سەر بە کۆنگرێسی ئەمریکا بوو، دژ بەو چالاکیانەی کە دژ بە ئەمریکا دەکرێن، بۆیە برێخت، دووای جەنگی دووەمی جیهانی گەڕایەوە ئەڵمانیای ڕۆژ هەڵات و لەوێ تیپێکی تایبەتی بە خۆی پێك هێنا بە ناوی تیپی بەرلینی - کە کاری پێش کەش کردنی شانۆ نامەکان بوو، لەو کاتەی کە لە ژیان دابوو، پاش ماڵ ئاواییشی لە ساڵی 1956 داتیپەکە هەر بەردەوام بوو. ناتوانرێت نکووڵی لەوە بکرێت کە برێخت بە دەرهێنان و نووسین و بیروباوەڕ، بە ڕێبازو نواندنیش، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆش کاری کردۆتە-سەر شانۆی جیهانی، تیۆرە شانۆیی یەکانی بەلایەك و ئەو شانۆ نامانە کە نووسیویەتی بەلایەکی ترەوە، پاڵی بەزۆر لە نووسەرو دەرهێنەری جیهانی ناوە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دونیایەدا، بۆ ئەوەی ڕێچکەی ئەو بگرنە بەر، بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی گۆرانی و مۆسیقاو سەماو چیرۆك گێڕانەوە لە ناو شانۆ نامەکانی دا، هەموو بەبیر هێنانەوەن بۆ بینەر کە شانۆ نامەیەك دەبینن.

نەك پارچەیەك لە ژیان، وەکو قوتابخانەی - سروشتی - بەر لە ئەو دەیکرد، ئەو ئامانجی مەیسەر کردنی ڕەگەزی نامۆیی تغریب - ی بوو لەلای بینەردا، بەوەی کە وای لێ بکات هۆشی خۆی بەکار بێنێ نەك عاتیفەی بەرامبەر بەتێ گەیشتنی ئەو پەیامەی کە شانۆ نامەکە دەیەوێت بیگەیەنێ.

برێخت لە شانۆ نامەکانی دا پشتی بە سەرچاوە ڕۆشنبیرییە ئەورپاییەکان نەبەستوە، بەڵکو زیاتر بایەخی بە سەرچاوە نا ئەدەبی یەکان داوە کە زۆربەیان لەوانەن کە لە کەلەپووری شانۆیی گەلانی تری وەکو یابانی و چین و هەندێکی تر وەرگیراون، هەرچەند کە برێخت تا ڕادەیەکی زۆر لە شێوەی کاباری - دوورکەوتەوە، بەڵام بنەماکانی ون نەکردوە، گرنگترینیانیش ئەو پەیوە ستی یەیە کە لە نێوان بینەرو هونەرمەند دا هەیە.

برێخت - لە مێژووی شانۆی ئەڵمانیادا بوو بە هونەرمەندێکی نموونەیی و بە هەموو مانایەکەوە ناوی هونەرمەندی جەماوەری لێندرا، تا ئەو ڕادەیە کە کاتێ هیتلەر شانۆ نامەکانی قەدەغەکرد، وەکو ڕەخنەگرەکان دەڵێن، نەیتوانی خۆشەویستی جەماوەری لێ بستێنیتەوە، بەڵکو ئەو گۆرانی یە بڵاوانەی کە لە شانۆ نامەکانی دا دەگوتران و هێرشی تێدا دەبردنە سەر بورژواکان و نازیەکان هەمیشە بەسەر زاری جەماوەرەوە بوون.

لە نیوەی یەکەمی سەرەی بیستە هەم شانۆی ئینگلیزی، وەکو کچە دەرهێنەری ناودار (جۆن لتلود) دەڵێ: لە ژێر جەنگی ئەوانەدابوو کە دژ بە گۆڕان و پێشکەوتن بوون، شانۆنامەکاتی بردناشۆی لێ دەرچێ هەموو ئەو شانۆ نامانەی کە لە بەریتانیادا پێش کەش دەکران زۆر بەیان ساکارو بێ ئاست بوون. بردناشۆ- بەکۆمەڵە شانۆ نامەیەکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەوە دەستی پێ کرد، لە بەر

ئەوەش کە لە بیروباوەڕدا سۆشیالیزم بوو، بۆیە دژ بە سەرمایەداریەتی بەریتانیا بوو، ئەمەش لە سێ شانۆ نامەکانی (ماڵی بێوە ژنەکان ـ 1892) (کاری خاتوو وارن 1893) (دوورگەی جۆن پوڵ 1904) دەردە کەوێ کە بردناشۆ بە توندوتیژی هێرشی پێ بردنە سەر سەرمایە دارو فەرمان ڕەواو پیاوانی ئایین. هەتا قازیە کانیش چونکە هەموویان لە تاوانی دەست بەسەردا گرتنی کۆمەڵ دا هاوکاری‌یان دەکرد، بەتایبەتیش چینی ئافرەتی کرێکار، بۆیە ئەو شانۆ نامانە ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە، ئەوەبوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك شانۆ نامەی (کاری خاتوو وارن) قەدەغە کرا، کاتێکیش کە لە ئەمریکادا پێش کەش کرا پۆلیس تیپە شانۆیی‌یەکەیان گرت.

قۆناغی دووەم لە بەریتانیادا، بۆ پێش کەش کردنی شانۆ نامە ڕامیاری‌یەکان لەسی‌یەکانی ئەم سەدەیە دەستی پێ کرد، کاتێ کە کۆمەڵێ لە شاعیرە لاوەکان بەناوی (کۆمەڵی ئۆدن) دەستیان کرد بە نووسینی شانۆیی ڕامیاری، بە کارتێکردنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی شانۆی برێخت ـ ی ئەڵەمانی، زۆربەی بابەتەکان دەربارەی مەسەلەی دەست بەسەر داگرتنی سەرمایە دارەکان دەدوان، دەست درێژی‌ی نازیەکانیان دەخستە ڕوو، لەوانە شانۆنامەکانی (ئۆدن)و (کریستوفر ئەشروود)، هەروەها ئەو شانۆ نامانەی کەشاعیرانی وەکو (ستیفن سپنەر) و (لوی ماکنیس وسی) (دای لویس) نووسیان، لە وانە شانۆنامەی (لەژێر پێستی سەگ)دای (ئۆدن ـ 1935) ئۆدن ـ لەم شانۆنامەیەو ئەوانی دیکەی وەکو (سەمای مردن) و (لەسەر سنوور) بە تەواوی دەست نیشانی ئەوبارە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاریەی کردوە کە گەل تێیدا ژیاوە، پاشان لەشە ستەکانەوە شانۆی ڕامیاری بەریتانیا بەشێوەیەکی توندو تیژتر دەرکەوت، بەهۆی دەرکەوتنی چەند شانۆ نووسێکی وەکو (جون ئاردن) و (مارگریت دی ئارسی) هاوسەری و (توم ستوبارد) شانۆنامەی ئەو کەڵە نووسەرە ڕامیاریانە سەرکەوتنێکی چاکیان بەدەست هێنا، ئەوەبوو شانۆنامەی (شۆڕینی پیس)ی (توم ستوبارد ـ 1976) ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، شانۆنامەی (مۆڵگەی بەرازەکان ـ 1958) و (سەمای عەریف مسگریف ـ 1959) جێگەیەکی تایبەتی‌یان لە شانۆی ڕامیاری ئینگلیزی‌دا داگیر کرد، لەم شانۆ نامەیەدا ـ ئاردن ـ چارەسازی مەنتیقی ئیمپریالیزمی دەکات، کە چۆن سەربازە ئینگلیزەکان لەیەکێ لە موستەعمەرە بەریتانیەکانەوە کۆمەڵێ هاو وولاتی بێ گونا لە بارتەقای کوشتنی یەکێ لەسەربازی ئنگلیزەکان دەکوژ ن، کە بەدەستی بەرهەڵستانی نیشتمانیەوە کوژ را، دیسان هەر ئاردن ـ لە ساڵی 1978 شانۆ نامەی ـ دورگەی بلیمەتەکان ـ ی نووسی، لە سەردانێکیا بۆ هیند لەگەڵ خێزانەکەی لەساڵی 1970دا، کاتێ بەو کتێبانەدا دا دەچێتەوە کە لەسەر برسیەتی‌و هەژاری نووسراون لە جیهانی سێ‌یەم دا، ئاردن نیگەران دەبێ‌و دەنووسێ: من ئەو پیاوەتێرە بە دوژمن دەزانم کە تەنیا لەزەتی خۆی دەوێ، ئەو پیاوەی کە خواردن و جل وبەرگ و ماڵی لەسەر حیسابی برسیەتی، ملیۆنانی ترو ڕووتی‌و ئاوارەیی ئەوانەوەیە، ئەو پیاوە ڕێگە بە هەموو شتێك دەدات کە لە کتێبەکان و شانۆدا بگوترێن مادام خواردن و جل وبەرگ و جێ‌وڕێی هەر لە چەنگە دا دەنێ.

برێخت ـ یش لە. (ژیانی گالیلۆدا) دەڵێ: نا... نا...

بە قەد ئەوە ندەی کە ئێمە ڕاستی سەربخەین، ڕاستی سەردەکەوێت، سەرکەوتنی هۆش بەبێ سەرکەوتنی هۆشمەندە کان نابێت

سەرچاوەکان:


1. الدراما التأريخية رؤية تاريخية د. صمد العشري آفاق عربية ـ العدد 12 آب 984.

2. المسرحية السياسية المعاصرة. د. موسى السوداني آفاق عربية العدد 10 ت 1 1985

«لەئەدەبی تورکی»

# پانی بەرز

نووسینی: عمر سیف الدین

أحمد کریم کردویە بەکوردی

خەجیج خان بێوەژنێکی دەوڵەمەندی گەنج بوو. لە تەمەنی سیازدەساڵیدا درابوو بەپیاوێکی تەمەن حەفتا ساڵەی لەش بەباری بەڵغەماوی، تادە ساڵیش تارمایی پیاوەکەی وەك مێردەزمەیەکی ترسناك بەرچاوی بەر نەئەدا.

هەر لەبەر ئەوەش بوو بەباسی شووکردن بێزار دەبوو. ئەوانەی پێیان دەوت:

گەنجان وانین!

ئەمیش بەرەقی‌یەوەوەلامی نەدانەوە:

خوایە... ڕۆژێك دێت ئەوانیش پیر ببن، ئەوساکە کێ دەبێت خزمەتیان بکات؟!

تا بڵێی ئافرەتێکی داوێن پاك و ڕاستگۆو قسە لەڕوو بوو، حەزی لەپاك و خاوێنی بوو، هەموو بەیانیانێك لەگەڵ «ئەلینی» کارەکەری و «گوڵتەر»ەی کچی کەهەڵی گرتبویەوە، ماڵەکەیان پاك دەکردەوە.

«محمد»ەی چێشتکەریش دەبوا هەموو ڕۆژێك ڕیشی پاك بتاشیایەو جلو پۆشاکی سپی لەبەر کردایە، کوڕێکی پیاوانەو دەم و دەست پاك بوو، تەنانەت سەری بەرز نەدەکردەوە لەڕووی ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵدا دەکرد.

«گوڵتەر»و «ئانی»یش ڕاستگۆو داوێن پاك بوون، لەبەر ئەوە خەجیج خان دەرگای دۆڵابەکانی دانەدەخست و پارەی نەدەشاردەوە، زۆریشی حەز بەچوونە دەرەوە نەدەکرد، تەنها پیشەی ئەوە بوو سەرپەرشتی ئیش کەرەکانی دەکرد لە ماڵەوە.

بەبێ وەستان ئەم ژورو ئەو ژوری دەکرد، سەردەکەوتە سەرەوەو دا دەبەزی بۆ چێشتخانەکە، دەی‌ووت:

ـ وەك من بن! بزانن تێکەڵاوی کەس دەکەم؟ نەکەن لەگەڵ ئیشکەرەکانی هاوسێمانـدا قسە بکەن! غەریب حەسودن «محمد» یەك بەیەکی ئامۆژگاریی‌یەکانی بەجێ دەهێنا.

چێشتخانەکە کەوتبووە باخچەی دواوە، کەس نەی دەوێرا لەو ناوە نزیك بێتەوە تەنانەت پشیلەش، خەجیج خان ڕۆژی دەجاری دەبینی بەتەنها بەدیار مەنجەڵەکانی‌یەوە وەستابوو.

خەجیج خان لەپاڵ پاکو تەمیزیدا ئارەزوویەکی تریشی هەبوو ئەویش پێلاوی بەرز لەپێ‌کردن بوو، ئافرەتێکی شۆخ و ئاغربوو.

لەبەر ئەوەی کورتە بالاَ بوو تەنانەت لە ماڵیشەوە پێلاوی پانی بەرزی لەپێ دەکرد، پاژنەکەی نزیکەی بستێك دەبوو، بەپێ پلیکانەکاندا سەروخواری دەکرد بەبێ ئەوەی قاچی خواربێتەوە. بەو سەماکەرە وریایانە دەچوو کە لەسەر پەتێك یاری دەکا.

تارۆژێك سەری لەگێژەوە هات. ئەو پزیشکەی کە هاتبو بۆچارەسەری هیچ جۆرە دەرمانێکی بۆنەنووسی تەنها پێ‌ی ووت:

ـ خانم، ئەوەی وا تەندروستی تۆی تێك داوە تەنها ئەم پێلاوە پاژنە بەرزانەیە، فڕێ‌ی‌دەو جووتێك سۆلی نزم لەپێ بکە، ئیتر ئازارت نامێنێ! خەجیج خان فەرمانی‌دا ئەوەی پزیشك پێ‌ی وتووە بۆ بکرن. دوو ڕۆژی نەبرد چاك بویەوەو ئازاری ئەژنەوو ڕانەکانی نەما.

لەو کاتەدا کەهەستی بەحەسانەوە دەکرد لە ئازار هەستیشی دەکرد کە ئازارو ئەشکەنجە لەناوەوە ڕۆحی دەخوات.

چەند ڕۆژێکی نەبرد دەبینی ڕەفتاری ئیشکەرەکان خراپ دەبوو ئەوانەی نۆ ساڵ خزمەتیان دەکرد، «ئەلنی»

بینی کەوا بەفلچــە تایبــەتی یــەکــەی ئەم ددانی دەشــوات!

«گــوڵتــەر» مرەبـای لە دوڵا بەکــە دەدزی. «محمــد»ی بینی قاپێك گۆشتی برژاوی لەبەردەم دایە، هەرچەند لە لیستەی خواردنی ئەو ڕۆژەدا گۆشتی تێدا نەبوو.

لەبەر خۆیەوە دەی‌ووت:

خوایــە چی قەومــاوە؟! ئەمــانــە بۆ وایان لێ بەســەر هاتووە؟! لەماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لەپازدە دزی لێ‌بینین، جگە لەوەی کە خۆشیان لەئیش کردن دەدزی‌یەوە.

شێگیر بوو کاتێ «محمد»ی بینی لەگەڵ ئیشکەرەکانی ئەفســەرەکــەی هاوسێیــانــدا وەك هار بەربــوونــەتــە گیانی مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لەبرنج، شلەژاو نەی‌دەزانی چی‌بکات.

ئیتر لەو ڕۆژەوە دەرگای دۆڵاب و کەنتۆرەکانی داخست و ووتی:

- بابزانم ئیترچی دەدزن؟

لەڕاستیدا هیچی وا لە ڕوو نەبوو بدزرێ.

لە ڕۆژی دوایــدا خەجیج خان بۆیــەکــەم جار درەنــگ لەخــەو هەستــا، چووە نهۆمی خوارەوە «گوڵتەرو ئانی» دیار نەبــوون، چوو بۆ چێشتخــانــەکــە. لەئاستی خۆی‌وشك بوو کاتێ لەدرزی دەرگاکەوە «محمد»ی بینی لەبەر ئاگردانەکەدا لەســەر کورسی یــەکی بچوك دانیشتووەو «گوڵتەرو ئانی»یش هەر یەکــەیان لەســەر ڕانێکی دانیشتــون ئەمیش بەبــاسکــە ئەستــورەکــانی هەردو کیانی بەخــۆیــەوە شەتــەك دابــوو. بەپــەلــەچــاوی خۆی‌گــرت تا ئەم دیمــەنە ناشرینە نەبینێ، لەگــەڵ ئەوەشــدا دڵی گوشــرا بوو بەهــۆی ئەم دیمــەنــەوە، گوێی لەو تووویژی نێوانیان بوو «محمد» دەی ووت!

- چی‌یە، گوڵتەر ئەم ڕۆژانە شیرینی ناهێنی!

- چی بکەم؟ هەموو دوڵابەکان کلۆم دراون.

- بەبەری دەستی کێشای بەپشتی ئالنیداو لێی پرسی؟

- شەو بۆ نایەیت؟ شیرینیم بۆ دروست کردویت و شاردومەتەوە.

ئالین بەهەڵچوونێکەوە وەڵامی دایەوە:

- دەترسم خانم بمانگرێ‌و ترۆمان بکات.

لەم جۆرە قســانــەیــان دەکــرد. خەجیج خانیش چاوی نوقاندووەو گوێشی بۆ قسەکانی ئەوان شل کردووە ودڵیشی بەخێرایی لێ ئەدات.

گۆڵتەر ووتی:

- ئۆف لەم سۆلانــە، هەمــوو ئیشێکمــانی لەم ماڵــەدا ئاوەژ وو کردووە، خوگوێمان لەدەنگی پێ‌ی نی‌یە کە دێت! هەر چی‌یەك بکەین پێمان دەزانێت!

چەنــد خۆش بوو لەمــەوپــێش، بەبــوونــەی پێــڵاوە بەرزەکــانی یــەوە هەستمــان بەهــەمــوو جوولەیەکی دەکرد لە ماڵــەکــەدا! هەر چەنــد بەردەوام بــونــایــە لەقســەکــرد شتی ناشیرینتری دەبیست بەبێ ئەوەی هەڵسوکەوتیان ببینێ.

ئیتر لەوە زیاتر خۆی پێ‌ڕانەگیرا چاوی‌کردەوەو قیژاندی بەڕوویاندا:

- خوێڕیانە، دزانە، بێ‌ئابڕوانە: لە ماڵەکەم بڕۆنەدەرەوە!

هەر لەوێدا خزمەتکارە بەوەفاکانی دەرکرد.

ئەوانەی نۆ ساڵ خزمەتیان کرد، هەر جارێك خزمەتکارو چێشتکەری تازەی بهانیبا وەك ئەوانی دی دزو خوێڕی‌و بێ ئابڕوو دەبوون.

لە ماوەی دووساڵدا ئیشکەرێکی دەست و داوێن پاکی دەست نەکەوت، هەرچەند بێ‌پارەیی ڕووی تێ‌نەکرد، کە چی هەر لاواز دەبوو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕاو هەڵدەوەری لە خەفەتی خزمەتکار لەدوایدا هیچ چارێکی نەما گەڕایەوە بۆ پێــڵاوە پاژنــە بەرزەکــانی، ئیتــر سەرفــراز بێت نەدزی‌و نەتــەمــەڵی‌و نەدیمــەنی بێ شەرمی لە ئیشکەرەکان نەبینی، تەنــدروستی وەك جاران لێ‌هــاتــەوە بەڵام گێــژ بوونــەکــەی سەری هەڵــدایــەوە دەشی زانی پزیشــك ئامۆژگاری دەکات کە پێــڵاوی‌نــزم لەپێ بکــات، لەبــەر ئەوە نەچــوو بۆ لای.

هەموو جارێ دەی ووت:

هەر چۆنێ بێت ئێستام باشترە.

# گرەو

**نوسینی عەزیز نەسین**

**وەرگیرانی لە عەرەبی‌یەوە سەرگوڵ ابراهیم**

بەیانی‌یەك چومەدەرێ لە شوێنێك دەگەڕام ماوەیەکی تێدا بەسەر بەرم، ڕۆیشتم، جلەوم بۆ قاچەکانم شل کرد تا گەیشتمە شوێنی ئەو کەشتی گەلەی دەچون بۆ نزیك ئەستەمول لە دەریای مەرمەڕەداو، لە خۆمەوە پلیتێکم بڕی بۆ یالۆفا.

سەرکەوتمە نهۆمی سەرەوەی پاپۆڕەکە، هەوایەکی خۆشی هەبو دەماری دەحەوانەوە، زۆربەی کورسی‌یەکان گیرابون، بەڵام هەرچۆنێك بو لەو جەنجاڵی‌یەدا شوێنێکم بۆ خۆم کردەوە وهەرکە پاپۆڕەکە کەوتە ڕێ وام دەزانی بارێکی گرانم لەسەرشان لاچوە..

لەکاتێکدا بیرم دەکردەوە، گوێم لێ بو یەکێك بەگوێیداچرپاتم.. ، ئاوڕم دایەوە بەرەودەنگەکە ،پیاوێکی چل ساڵانەی جوانپۆشم دی، هێمنی لەسیمایدا بەدی‌دەکرا.

ـ فەرمو کاکە...

ـ با جارێ خۆمت پێ بنا سێنم، عەباس...

ـ کەمال...

* شوێنێکی دەوروبەری ئەستەمولە، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کەناری دەریاری مەرمەڕەوە!

- ئەوی‌راستی بێ شێتانە حەز لە گرەو دەکەم. . .

بیورە، نازانم مەبەستت چی‌یە!

**- مەبەستم لەوەیە ،ئامادەم گرەو لەسەر هەمو شتێك بکەم، لەگەڵ هەر کەسێکدابێ . . .،رەنگە سەریشت لەم ئارەزووەم سوڕ بمێنێ. .**

سەیرێکی دەمو چاویم کرد، بلێی گاڵتەم پێ بکات؟! سیمای لەوە ناچێت

**- هەرگیز، هەر کەسە حەزێ لە شتێك دەکات.**

**- بەلای منەوە لەحەز بە ولاوەیەو ئەگەر رۆژی پێنج شەش گرەو نەکەم خەوم لێ ناکەوێت.**

باشە، هەمیشە دەیبەیتەوە؟!

- جاری وا هەیە دەیبەمەوە وجاری واش هەیە دەیدۆڕێنم ،بەلاّم من مەبەستم بردنەوەو دۆڕاندن نی‌یە، بەڵکو دەمەوێ ئەو ئارەزووەم تەخت بکەم و هیچی تر. .

- ئێ باشە . . !.

- هیوادارم بێزارم نەکردبێ.

- بەپێچەوانەوە، شادمان بوم بەناسینت، لە ناخما دەمویست ئەم کابرا رەفتارسەیرە بەجۆرێکی واتەحێ بکەم تاماوە بیری نەچێتەوە.

- ئەگەر حەزدەکەیت هەر بۆکات بردنە سەرو رابواردن با گرەوێك بکەین.

- بەلاّم لەسەر چی؟!

- بە ئەئارەزوی خۆت، حەز ئەکەیت لەسەر ئەوەی بزانین کاممان دەزانین ئەم ئافرەتەی بەردەممان چەند دانی لەدەم دایە.

- سوك بدوێ باگوێی لێ نەبێت.

ئافرەتێکی جوان لەسەر کورسی‌یەکەی بەردەممان دانیشتبو ،هەروا سی ساڵێك دەبو. .

**- ئەگەر تۆزانیت چەند دانی هەیە من هەزار لیرەت دەدەمێ، ئەگەر نەشت زانی تۆ پەنجا لیرە بدە بە من، ئەڵێی چی؟!**

گرەوێکی چەورە، هەزار لیرە بەپەنجا.

- کارێکی گرانە، من نازانم ژنەکەم چەند دانی هەیە، ئێستا چۆن بزانم ئافرەتێکی نەدیوو نەناس چەند دانی‌هەیە!

- مەبەست ئەوە نی‌یە بزانیت یان نەزانیت ،هەرکاتەکەی پێ دەبەینە سەرو هیچی تر، لەگەڵ ئەوەشدا باتوسێ هەلت هەبێ‌و ،سێ ژمارە بلێ.

- ئەی تۆ هیچ ناڵێت؟

- با . . با . . چۆن نایڵێم. . لەدوای تۆ تەنها یەك ژمارە دەڵێم و هیچی تر.

- باشە ئەی ئەگەر هی هیچمان راست نەبو؟

- ئەوسا هەردوکمان دەدۆڕێین.

- تێ نەگەییشتم.

- من هیچ نادەم بەتۆو تۆش هیچ نادەیت بەمن.

بیرم هەر لای هەزار لیرەکەو دەسکەوتنی بو، بەهەر رێگەیەك بێ.

- باشە، بەلاّم بەمەرجێك. . .

- فەرمو ،ئەو مەرجە چی‌یە؟

**- ئەگەر من نەمزانی پەنجا لیرەت دەدەمێ، بەلاّم ئەگەر تۆ نەتزانی ئەبێ هەزار لیرەم بدەیتێ.**

زۆر چاکە ،دە فەرمو سێ ژمارەکەت بلێ.

- راوەستە. . . یایە . .راوەستە، شتەکە وا ئاسان نی‌یە، دەبێ بیری لێ بکەمەوە، دوای ئەوە ئەی ئەگەر ئەم ئافرەتە تاقمی لە دەمدا بو؟!

- ئەوا گرەوەکە هەڵدەوەشێتەوە ،چونکە گرەو لەسەر تاقم ناکرێت.

دەستم کرد بەوردبونەوەی ئافرەتەو هەر چاوێکم کرد بەدەو وەك تیشکی (ئیکس) ئەمویست لە پشت لێوو لێکنراوەکانیەوە دانەکانی ببینم، ئاخۆ چەند ساڵ بێت؟!

ئەوەندە دەزانم لە زیندەوەوزانیدا ،کە گەورە کچ بیست و هەشت دانی هەیە، ئینجا چوار خرێی ئاقلی دێت. . ئەوە سی‌ودوو لەو کاتەدا کە من لەم کەین و بەینەدا بوم ،عەباس رۆژنامەیەکی کردەوەو دەستی کرد

بەخوێندنەوەی وەك مەسەلەکە هەر پەیوەندی بەویشەوە نەبێ وا بوو،

خوایـە، چۆن بزانـم چەنـد دانی هەیـە؟! وا بزانم شارلۆك هۆڵمزیش ناتوانێ ئەم مەتـەڵـە هەڵبێنێت ،با وا دابنێین بەلایـەنی کەمـەوە سی ساڵ و ئەو پەریشی چل ساڵـە... کاغـەزو پێنـوسێـکـم دەرهێنـا ،شێـوەی شەویلگـەیـەکی سەروو یەکێکی خواروم کێشا سیءو دوو دانیان تێدابو..، باشە بەڵکو هەندێ دانی کلۆری کێشا بێ! وا چاکە بەراوردی بکەم لەگەڵ دانی خۆمدا...

- کاك عەباس.. ئەرك نەبێ ئاوێنەت پێ‌یە؟!

ئاوێنـەیـەکی لەگیـرفـانی دەرهێنـا ،دەمم کردەوە، شەویلگـەی خوارووم...یـەك دوو سێ..کـەڵبـە، پردێك... پێنج شەش ...بیست و شەش دانم هەیە و چل ساڵم...

ئاخۆ دانی ئافرەت خۆ گرتر بێت یاهی پیاو..؟!

ئاورێکم لە عەباس دایەوە کە رۆژنامەی دەخوێندەوە.

- رێ‌هەیە پرسیارێکت لێ بکەم..؟

فەرمو..

- چەند دانت هەیە؟

بیست و نۆ.

- ئەی چەند ساڵیت؟

- سیءو پێنج.

- سوپاس.

عەبـاس دەستی کردەوە بەرۆژنـامـە خوێنـدنەوە، منیش تەمەن و ژمارەی دانی خۆم و عەباسم نوسی وزانیاری‌یە بیرکـاری‌یـەکانم هێنایەوە یاد، پیاوێکی چل ساڵە بیست و شەش دانی هەبێ ویەکێکی سیءو پێنج ساڵە بیست و نۆی هەبێ، ئافرەتێکی سی‌ساڵە چەندی دەبێ ؟! نەخێر..

بێ‌سودە، دەبێ تەمـەن و ژمـارەی دانی خەڵکی تریش بزانم ئەمەش کەمێك تەڵەکەی دەوێت.

چوم بۆ پێشی پاپـۆڕەکـەو لەتـەنیشت کەشتی‌یەوانێکەوە وەستام و دەستم گرت بەرومەتمەوەو دەستم کرد بەناڵاندن...

- کاکە ،ئەوە خێرە؟

- ئەم دانە دوابڕاوانەم ..ئای... زۆر دێشێ.. ئەزانی بیست دانم ماوە..! ئەی تۆ چەندت هەیە؟

- نازانم ..پار دوانم کێشا، بەراستی خوا فرسەتت بات دان ئێشە زۆر ناخۆشەو هەموار ناکرێت.

ئا دەی توخوا دەم بکەرەوە بزانم

- کابراش ساویلکانە دەمی کردەوە.

- نامەخوا ...بیست وهەشت دانی چاکت هەیە.

وا بزانم خۆشت هەر بیست ویەك بیست ودوو ساڵێك دەبیت..!

- بیست وشەش.

لەمـلاوە چوم بۆ ئەو لاو هەر بەو فێـڵە توانیـم تەمـەن وژمارەی دانی زۆر کەس بزانم ،گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم لە تەنیشت عەبـاسـەوە کە دەستی کردبو بەخـوێنـدنـەوەی کتێبێـك نەمزانی ناوی چی‌یـە ،مێشکم قاڵێ دۆزینەوەی ژمارەی دانەکانی خانمە، پاش هێنان و بردنێکی زۆر روم کردە عەباس و ووتم!

- زانیم، بیست وشەش دانی‌هەیە.

- هێشتا دوانی تریشت ماوە...!

عەباس دەستی کردەوە بەخوێندنەوە ،منیش سەر لە نوێ دەستم کردەوە بەسیءو دوو لە پرشتێکم بە بیـر داهـات ووتم:

- کاکە عەباس، ئەی ئەگەر ئافرەتەکە پێش ئێمە دابەزی؟

- ئینجا چی بکەین، هیچی تیانیە ،گرەوەکە هەڵدەوەشێتەوە..

- نابێ ،قـایـل نابم، ئەی ئەم هەمـو مانـدوبـون و سیءودووە سەعاتێکە خەریکم..!

- ئی دەفەرمو بۆ وەستاوی ؟فەرمو بڵێ..

- دەتوانم بڵێم ..بیست وحەوت دانی هەیە.

- هەر یەکێکت ماوە...!

پاپۆڕەکە ئیستگەی پێش کۆتایی بەجێ هێشت و ئافرەتەکە دانەبەزی...

کەواتە کاتێکی باشم لەبەردەمایە تاکۆتایی گەشتەکەو دەبێ فێڵێك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی خانم دەمی بکاتەوە ...، بەوجۆرە دەتوانم بەئاسانی دانەکانی بژمێرم.

دەستم کرد بەیەکبینە باوێشکدان، نەخێر پلانەکەم سەری گرت، خانمیش توشی نەخۆشی باوێشك دان بو، سەرم دانەواند .. یەك دوو.. سێ ،خانم دەمی داخستەوە..، بەپەرۆشەوە دەستم کردەوە بە باوێشکدان، نەخێر کار لەوەدانەوەستاو باوێشك دانیشتوەکانی تری تەنیشت خانم و تەنانەت هەمو ئەوانەشی گرتەوە کە لەسەر کورسی‌یەکەی بەردەمم و ئەوەی کە منیشی لەسەر دانیشتبوم ،دانیشتبون ،هەمو باوێشکیان دەدا ،گرنگ لای من دانەکانی خانمە چاوم بریبوە دەمی خانم ،هەوڵم دەدا چەند بتوانم دان بژمێرم یان دەستی یان دەستەسرێکی دەگرت بەدەمیەوە، بەڵام دواجار وای لێ هات بینی بەباوێشکەوە گرت وئیتر گوێشی نەئەدایە..

پیرێژنێك لە تەنیشت خانمەوە دانیشتبو سەری کردبوە سەر شانی پیاوەکەی تەنیشتی .. ووتی:

- ئەرێ ئەم خەوەم دوابراوە چی‌بو لەپڕ گرتمی؟!

- منیش ،خۆمن دوێنێ شەویش باش نوستم..

- رەنگە هی هەوا خاوێنەکەی دەریابێ.

دوو منداڵی تریش پاش باوێشکدانێکی زۆر خەوێکی خۆش گرتنی.

لەسەرەکەی تری کورسی‌یەکەوە دەنگی تر دەهات.

- ئەوەندەم باوێشك دا ،خەریکە دەمم لێك دەبڕە وێتەوە.

- ئەرێ نەبێ کە گەیشتین هەڵم بسێنە.

تەنانەت منیش وەنەوزێك گرتمی خۆم بۆ نەدەگیرا، کە پاپۆڕەکە گەیشتە دوا ئیستگە، بیست وپێنج دانم ژماردبو کە بەخەیاڵی خۆم ژمارەی دانەکانی‌بو.

- کاك عەباس ،هەستە گەیشتین و.. ئیستا بەتەواوی دەزانم چەند دانی هەیە، بیست وپێنج ...،بێنە هەزار لیرەکە...

- بەخودا دۆڕانت..

باشە .. هائەوە پەنجا لیرەکە .. ئەی تۆ دەڵێیت چەندی هەیە؟

- بیست و هەشت.

- بەچی دا بزانم تۆ راست دەکەیت و من هەڵەم؟

- ئەگەر باوەڕم پێ ناکەیت لەخۆی بپرسە.

- نەء .. تۆ لێی بپرسە.

عەباس روی کردە خانم..

داوای لێ بوردن دەکەم، ئەرك نەبێ چەند دانت هەیە؟

خانم پێکەنی..

- چۆن نازانی! گوایە تۆ پازدە ساڵە پزیشکی دانمی نازانی چەند دانم هەیە؟ ،پاش ئەوەی ئەم بەیانی‌یە دوو خرێ ئیشاوەکەمت کێشا، بیست وهەشت دانم ماوە!

زۆر سوپاس خانم.

پاش ئەوەی لە پاپۆڕەکە دابەزین ...، توند مەچەکی عەباسم گرت و پێم ووت:

- چەند دانت هەیە؟

- بیست ونۆ.

هەتا تینم تیابو مستەکۆڵەیەکم کێشا بەناو دەمیا..

- ئیستا بیست ونۆ نی‌یە جارێکی تر بیانژمێرە..

دوو دانی کەوتە دەمی.

مەسەلەکە گەیشتە دادگاو دانەکانیان پێ بژاردم و هەزارلیرەیان لێ سەندم، ئیتر ببرای ببر لە ورۆژەوە گوێم نەداوەتە دانی کەس ،خوای ئەکرد لە جیاتی سی‌ودوو سی‌سەدوبیستی دەبو!

# که دڵ ئەبێتە فرمێسکی شادی

نوسینی: دکتۆر هیوا عمر احمد

ئێوارەیەکی ناوەندی بەهاربوو، ئاسمان ساماڵ و شین و فراوان بوو، تاقەپەڵە هەورێکیشت بۆنە ئەدۆزرایەوە. جریوەی پاساری‌و ئاوازی شنە باوو رشەی گەڵای درەختەکان خۆشترین ئاوازی ئۆرکێسترای سروشتیان پێك هێنا بوو، ئەزمر سەوزوشین، گوێژە شین و وەنەوشەیی، پیرەمەگروون وەنەوشەیی‌و بڵندو سەرکەش بوو، سەری لەنیوەی ئاسمان دا بوو. ئاسمان ساماڵ و شین و فراوان، لە دەریایەکی شین و فراوان وبێ‌جووڵە ئەچوو، بەڵام دەریا هەردەم بەشە پۆلەوڕازەکانی لە کەف و کوڵ دان. لەکاتی هێمنیش دا سەرڕووەکەی گۆیکەی شەپۆلی بچوك بچوك دەرئەکات، ئێوارەیەکی سەر دەریای هاتەوە یاد، لەبەلەمەکەدا سەرنجی زەردەپەڕیان ئەدا، خۆرەکە ستوونێکی ئاگرینی خوارو خێچی لەسەرڕووی



chalakmuhamad@gmail.com

ئاوی شەپۆلاوی دەریاشینەکە دروست کرد بوو. کەفی کەنارو قەراغ بەلەمەکانی نارنجی کردبوو. چاوی بڕیە چاوەکانی، دەریای شین و فراوانی لەبیر نەماو کەوتە مەلەی ناو دەریای هەنگوینی چاوەکانی.

- [سەیرکە، زەردەپەڕی سەردەریا چەند جوانە؟!].

ئەیویست بڵێ، بەڵام لە بەردەستە خوشکەکانی لەدڵی خۆیدا ووتی:-

- [بەڵێ جوانە، ئێجگار جوانە. بەڵام ناگات بەبریسکانەوەی دەریای هەنگوینی چاوەکانت].

بەگوێیدا چرپاند:- [چاوەکانت دوو دەریای بێبنن!].

بەخەندەیەکی منالانەو نازەوە ووتی:- [وانەڵێی!؟]

- [هیچ شتێ هێندەی چاو لە دەریا ناچێ، چاو هەندێ جار بەشەپۆل و هەژاوەو هەندێ جار وەك دەریا هێمنە].



وای ئەزانی خەون ئەبینێ، ئەی یەکێ لە خەونە سەوزەکانی ئەوەنە بوو، لەگەڵیدا بنیشێ و لە نزیکەوە لە تابلۆی ڕووو بەژن و باڵای وورد بێتەوە؟!، ئەو تابلۆیەی پەلکەزێرینەی پاش بارانی بەهاری ئەخستە بیرەوە.

حەزی ئەکرد سوڕی چەرخی گەردوون لەو ساتەدا لەگەڕ بوەستێ...

- [شەوی بەهاری لادێ....].

- [زۆر خۆشە، ئەستێرە ئەجریوێنن، بەدەم لایلایەی شنەباوە، خەو ئەت باتەوە، ئەکەوێتە ئەستێرە ژماردن

- [بەدوای ئەستێرەکەت دا گەڕاوی؟]

- [زۆر بەدوای داگەڕام، کام ئەستێرەی گەش بووایە، ئەم ووت ئەمەیە، پاشان لەزەوی دۆزیمەوە].

نەرمە بایەك ورشەو خشەی خستبووە گەڵای درەختە حوچەکانەوە، چەند پاساری‌یەك ئەیان جریواند. خۆری دەم نیشتن کورەی ڕۆژئاوای سوور کردبوو.ماڵئاوایی لەزەوی ئەکردتا دیتنەوەی کازیوەیەکی‌تر.

- [ماڵئاوایی، دڵم ئەگوشێ]

- [بێ‌ماڵئاوایی، بڕۆیین؟!].

خۆرنیشت، وردە وردە تاریکی وەکو پەچەیەکی مەزن، هەموو کوچەو سیلەیەکی داپۆشی، ئەزمرو گوێژە وپیرەمەگرون بەبڵندیو سەرکەشی لە تاریکی‌یەکدا دیارنەمان، بەڵام هەر کە ئەستێرەکان کەوتنە جریوە، گەش بوونەوە، پیرەمەگرون دەرکەوتەوە، چەند ئەستێرەیەك بە ڕاسەری‌یەوە بوون، ئەویش شەونخونی بەدیار شارەکەوە ئەکێشا.

کە لە سەربان لەسەرپشت پاڵ کەوت، چاوی بڕیە ئاسمان، کەوتە ئەستێرە ژماردن، باسی بەهارو دەریاو گوڵەندامی بۆ ئەکردن، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەستێرەکان بکاتە خەو، خەوی لێ‌کەوت.




# هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمان و ناوی ناودارانی کاکەیی لە کتێبی (کاکەیی) هەورامانیدا

نووسینی هاشم کاکەییو هەردەوێل کاکەیی

chalakmuhamad@gmail.com

خوێنەری بەڕێز:

ئەگەر بەوردی بڕوانینە کتێبی (کاکەیی) هەورامانی دەبینین هەڵەی ڕێزمان و ناودارانی کاکەیی ئەوتۆی تیایە کەوا نەمانتوانی لێی بێ دەنگ ببین و ئەوەمان بە چاك و پەسەن زانی خوێنەرو ڕووناك بیرانی پێ ئاگادار بکەینەوەو ڕاستییەکەیشی بخەینە پێش چاوی ئێوەی ئازیز بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەیەکی هەڵە لە پاشە ڕۆژدا.

پێشەکی دێینە سەر هەڵەی ڕێزمانیو لێکدانەوەی ناوو پەخشان و هەندێ لە سروودی ئاینی.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا، پەخشانی ژمارە (3) سێ وەردەگرین کە دەڵێ:

[La kaf dalya gawhare be Masena Korsie Wes da qerar].

نووسینی رستەکە بەم جۆرەیە (لە کەف دەلیا گەوهەرێ بی ماسنا کورسی ویش دا قەرار)، مامۆستا بەم جۆرەی لێکداوەتەوە (لەکەفی دەلیا گەوهەرێ هەبوو ئاوسا، کورسی خۆی جێگیر کرد).

لێرەدا نووسەر لە وشەی (ماسنا = masena') نەگەییوە کە ماناکەی یانێ (مەیاندن) دەدات، کە ئەو وتویەتی (ئاوسا) کە دژی (مەیاندن)ە. ڕستەکە تێکڕا ماناکەی بەم جۆرەیە:

لە کەفی دەریا گەوهەرێ هەبوو (ماسانی، مەیاندی) کورسی خۆی لە سەر جێگیر کرد. ل 159.

پەخشانی چوارەم: سەبارەت بە (ئەخی جبرائیل ئافەریدە کەردوە فەرمای بلوو سەیری دنیا بکەرە بزانە کەسێ هەنەن هەم هەنەن یانە)، ئەمە خۆی ئەسڵی قسەکەیە بەڵام لە نووسینە لاتینی یەکە بە هەڵە ئەم وشەیە لەیەك دابڕاوە (یا ـ نە = Ya - na) وشەکە لە ڕاستیدا (یانە = Yana) یە.. چونکێ بۆچی بێژەری قسە بڵێ (بزانە کەسێ هەنەن هەم هەنەن یا ـ نە) ئەمە بە لای ڕاستیدا ناڕوا، بەڵام ئەگەر بوترێو بەم جۆرە بنووسرێ (بزانە کەسێ هەنەن، هەم هەنەن یانە) قسەیەکی بە جێیە کە واتای بزانە کەسێ هەیەو دیسان بزانە (ماڵ) هەیە. بۆ زانینی لە ترانسلیترەیشنی پەخشانەکەدا بە نووسینی کوردی، وشەی (بلۆ = balu) بووە بە (بلوو)، ئەم ڕستەیەش بەم جۆرە هاتووە (بزانە کەسێ هەنەن هەم هەنەن یانە). ل 160.

پەخشانی نۆیەم: ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ:

[Va esme haftwanasan neye].

نووسەر بەم جۆرەی لێکداوەتەوە [ناوی هەفتەوانەیان (نییە)]، خۆی ڕستەکە ماناکەی بەم جۆرەیە (وە ناوی هەفتەوانەیان نیا) نەك (نییە). (neye) ئێمە لامان وایە ئەمە هەڵەی چاپە. ل 167.

پەخشانی دەیەم: (بنیامین هەم ئارمای کەرد)، وشەی (ئارما)ی بە (ڕازی بوون) لێکداوەتەوە. کە واتاکەی (دەستوور، قەرار) دێ. وە ڕستەی [Beya basesan Kard] ی نەزانیوەو وتویەتی (بڕیاری بەشدان درا) کە زۆر دوورە ئەم قسەیە لە ناوەڕۆکی پەخشانە کەوە، وە کە بە مانای (کۆڕ بەستن) دێت نەك بەو جۆرە. ل 169.

پەخشانی یانزەهەم: ئەم ڕستەیەی کە دەڵێ (ڤە

هەفتشان هەم گاهێ ئیسمێشان ئاشکار کەرد هەر یەکێ ڤە ئیسمێ ڤە تەریقەتێ عەلەوییان قەرار دا).

نووسەر هاتووە بەم چەشنەی لێکداوەتەوە (بە وێنەی حەوت کەس و بە ئاشکەرا کردنی ناویان هەر یەکێ بە ناوێ هەفتەنی ڕێگەی عەلەوییانیان بڕیار دا). با ئێمە لە یەکیدەینەوە.. دەڵێین [وە حەوتیان هەر جارە ناوێکیان ئاشکرا کرد، وە هەر یەکێکیان بە (ناوێ)، بە (تەریقەتێ)، (عەلەوییان) بڕیاردا]. دێینە سەر ئەم ڕستانەو بابزانین لە چی دەدوێن و دانەری کتێبی کاکەیی چۆنی وەرگێڕاوە تەوەو لێکداوەتەوە، ڕستەکان: (هەم ڤە ئەو زات ڤە ئەو بەشەر تەشریف ئاڤەرد ڤە پردیوەر ڤە فەرمایش کەرد ڤە پیرە محەمەد بارگاە بەرد ئەو کۆی شندرڤی داڤید حەسەنییەی هەژار گلێمە کۆڵ ڤە دەریا ئاڤەرد)ی بەم جۆرە وەرگێڕاوە [هەر ئەو زاتەو ئەو بەشەرە تەشریف بۆ پردیوەر دێنێتەوەو فەرمایشی کرد بە پیر محەمەدی بارەگاە ئاو بەرێتە شاخی شەندرووێ داود حەسنییەی هەژار گلێمە (شاڵینە) بە کۆڵ ئاوی لە دەلیا هێناو. ئەوەی جێگای سەرنج بێو بەرچاو بکەوێ وشەی (ئاو)ە، کە بە هیچ جۆرێ ناوی نەهاتووە لە نوسراوە لاتینیە کەو لە نووسینە کوردی یەکەی سەرچاوەکە، جا نازانین مامۆستا هەورامانی ئەو (ئاو)ەی لە کوێوە هێناوە؟!. ئێمە بەم چەشنە وەری دەگێڕینەوەو دەڵێین [دیسان هەر ئەو زاتە، ئەو بەشەرە تەشریفی هێنایە پردیوەر وە فەرمانیدا بە پیرە محەمەد کە بارەگای برد (گوێزایەوە) بۆ کێوی شندرووێ، داود حوسێنەی هەژار... گلێم بە کۆڵی لە (دەریاوە) هێنا]. دیارە نووسەر مانای وشەی (پردیوەر)ی نەزانیوە چۆن گۆ ئەکرێ بۆیە جارێ ئەنووسێ (پەردیوەر)و جارێکیش بە (پردیوەر)ی زانیوە، بڕوانە ل (171)ی کتێبەکەی.

**پەخشانی پانزەهەم:**

بابزانین یەکی لەم دوو ڕستەیە لە چی دەدوێ کە دەڵێ:
[میر واتش: هەفت ڤە هەفتەوانە ڤە وێم بدەرەن تا وێم وەی مەخلووق بلەمێن. داڤید واتشان قەدیم پەهلەڤان تو هەر ڤە ئەزەل (ئیرادەت) هەنەن].

ئەوەی مەبەستمان بێ لەم دوو ڕستە پەخشانەدا وشەی (ئیرادەت)ە، کە وشەیەکی عەرەبییەو واتاکەیشی بە مانای (توانا، هێز) دێ، بەڵام بابزانین سەرانسەری ئەو دێڕەی کە هاتووە تیایدا دەڵێ (داڤید واتشان قەدیم پەهلەڤان تو هەر ڤە ئەزەل ئیرادەت هەنەن)ی چۆن لێکداوەتەوە، ئەمیش دەقی وەرگێڕانەکەیەتی بە سۆرانی: [داود وتی: کۆنە پاڵەوان، تۆ هەر لە ئەوەڵەوە (بیانوو) دەگری]. نازانین لەبەر چی وشەی (ئیرادەت) بووە بە (بیانوو)..

ئایا ئەمە ڕاستە؟! پاشان ئەو (داڤید واتشانرە، توخوا مانای ئەوەیە کە بوترێ (داود وتی)؟!

بە ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە! بڕوانە ل 177

**پەخشانی شانزەهەم:**

ئەو دێڕانەی کە هاتووە لە پەخشانەکەو تیایدا دەڵێ:

[میر لووا ڤە یانە سەید محەمەد ئاما، واتش! یا داڤید ڤە یار حیساڤێمان بکەرە. داڤید ڤات: باچە پیر موسی ئەو دەفتەر دارا]. لێکدانەوەی بە سۆرانی بەم جۆرە هاتووە لە لایەن هەورامانییەوە [میر چووە ماڵەوە، سەید محەمەدو هاتەوە وتی: یا داود بە یار حیسابمان بکە داود وتی [لاچۆ]؟، پیر موسی ئەو دەفتەردارە]. دانەری کتێبی کاکەیی خۆی بە یەکە سواری ناو زمانی (هەورامی گۆران) دەزانێ! جێگای داخە وشەی (باچە = Baca = بڵێ)ی کردووەتە (لاچۆ)؟!، کە بەو جۆرە پەخشانەکەی هەموو بە هەڵە لە یەك داوەتەوە.

دەبینین مامۆستا هەورامانی مانای (باچە)ی هەر جارێ نە زانیوە.. دوو بارە هاتووە لەم دێڕە هەر بە مانای (لاچۆ)ی لێکداوە تەوە، فەرموون ئەمەیش ڕستەی دووەمی پەخشانە کە.. کە وشەی (باچە = Baca = بڵێ)بووە بە (لاچۆ)، [پیر موسی هەم ڤات (باچە) ڤە بنیامین ڤات یا بنیامین ڤە یار حیساڤێمان بکەرە].

کە لێکدانەوە سۆرانیەکەی دا بەم جۆرە دەڵێ [پیر موسی

- شی وتی؛ لاچـۆ]، کە ئەوەنـدەی ئاسمـان و ڕێسمـان جیاوازی لە نێوانی وشەکانی (باچەو لاچۆ) هەیە. ل 178.

**پەخشانی نۆزدەهەم:**

(سوڵتان ئارمای کەرد: هەفتەوانە دووزاتش موجەڕەدەن وە میـر هەم ئەز پارسـان حەق نەدارۆ. فەقـەت شیعـە ڤە سننی کەسـانێ ویش ئیقـرار باوەڕۆو ئانـە بەش بۆویـون سوجدەی پیری بکەرۆ. شمشێر ئاوردە پەی عالی پارسان پەی چوار نەفـەر لە بەش کەرد). بەم جۆرەی وەرگێـڕاوەو لێکـداوەتـەوە (سـولتـان فەرمـووی: هەفتـەوانـە دوو زاتی موجەڕەدن بە میر، ئێستـەش پارسـان حەقی نییە. بەڵام سوننـەو شیعـە بۆ خۆیـان بڕیـار یان بهێنن، ئەوەی بەش بەجێ دەهێنێ، سوجدەی پیری دەبا، شمشێر ئاوردەی بۆ عالیو پارسان و بۆ چوار نەفەری هەفتەوانە دابەش کرد).

وا دیـارە دانـەری کتێبی کاکـەیی گەلێ بە پەلـە بووە بۆ لێکدانەوەی هێنانە بەرهەمی کتێبی (کاکەیی) چونکێ زۆر بە پەلە پەل شتی لێکداوەتەوە وەکو ئەم پەخشانەی ئێرە کە ئەو مەبەستە ناگەیەنێ! فەرموون لەگەڵ وەرگێڕانەکەی ئێمە [سـولتـان فەرمـووی، دەستـووریدا: هەفتـەوانە دوو زاتی موجەڕەدن، وە میر هەم ئەو مافی بەسەر پارستانەوە نەبێ. بەڵام شیعـەو سوننی (ئـەو کەسـانە)ی خۆیان باوەڕ بهێنن، ئەوی (بـەش = موعجیـزە) ببینێ با سوجـدەی پیـری بکا. شمشێـر ئاوردە (بینـەرانی موعجیـزات)ی بۆ (عـالی)، پارستانیش بەسەر چوار کەسا دابەش بوون] ل 181.

**پەخشانی بیستەم:**

(عالی ئارماش کەرد پەی شەمە هەم حاشا بکەرەن ڤە کەسانێ هەنەن بەعد لە ئی دەورە مەیو ئیقرار باڤەران. ڤە ظهورێ زات ڤە وێم مەهمان مەکەری تا ڤەعدەی هەزار هەن هەم زاتێ وێم هەم زاتێ سوڵتـانی عالـەم یەکـڕەنـگ مەکەروم، ئەو ڤەخت نیشانەش هەنەن.

ئانـە حضـوری هەزار هەن بایـەد چیهـار نەفـر هەم ئەولادشـان وە قودرەت تەمـام موریـدان شەمـە بوڤـەن ئینە ئەولاد هەم ژە نوور مەسازی تابو وە پیرشان وەك کەشکۆڵێ ئاورد وە ئەولادشان سازنا کەردش وە پیری ئەو چوار نەفەرە ڤە چوار نەفـەر هەم زوریـەتشـان زیـاد بی). مامـۆستـا هەورامی لە واتا سۆرانی یەکەیدا بەم جۆرەی وتووە [عالی وتی بۆ ئێوە حاشا دەکەن، یەکێ هەیە لە پاش ئەم دەورەیە دێ، ئیقـرار دەهێنێ. زاتی خۆم بە میـوانی دەردەخـەم تا ماوەی هەزار جارێ.

زاتی خۆم و هی سوڵتانی عالەم یەکڕەنگ دەکەن. ئەو زەمـانـە (وەختـە) نیشانەی هەیە ئەوە لە ماوەی هەزاردا ئەو چوار نەفەرەو منالـەکـانیـان بە قودرەتی تەواو موریدی ئێوە دەبن منـاڵیـان بە نوور دەسـازێنم تا دەبێ بە پیـریـان و کەشکـۆڵی دەهێنێو منـاڵیـان دەسازێنێ بە پیری ئەو چوار نەفەرەو مناڵانیان]. ئێمە دەڵێین: [عالی دەستووریدا: بۆ ئێوە هاشا دەکەن، کەسانێ هەن لە پاش ئەم دەورەیە دێن، (ئیقرار، باوەڕ) بهێنن. وە لە پێشاندانێکدا (ظهورێ) زات بە خۆم میوان دەکەن تا کات و وادەی هەزار جارێ، دیسان زاتێکی خۆم و سوڵتـانیش عالـەم یەك ڕەنـگ دەکـەم. ئەو وەختە نیشانەی هەیە ئەوە.. ئامادە بوونی (هەزار) جارە. ئەو چوار نەفـەرەو ئەولادیـان دەبنـە موریـدی تەواوی ئێوە. ئەمـە منـداڵ لە نوور دەسـازێنم تا ببێ بە (پیـر)یـان، کەشکۆڵێکی هێناو منداڵیان سازاند وە کودیان بە پیری ئەو چوار نەفـەرە، لەو چوار نەفـەرەوە وە چەیـان زۆر بوو] ل 8. ئەوەی شایـانی باس بێ ئەم پەخشـانـەمـان لەسـەر ترانسلیترەیشنی پەخشانـەکەوە وەرگێڕاوە سۆرانی بێگومان دانەری کتێبی کاکەیی سەرو بۆری بۆ وشەکانی کردووەو بە ڕێنووسی ئێستای کوردی نووسیوەتەوە.

سەبـارەت بە سروودەکـانی ناو کتێبی کاکـەیی ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەینە بەر چاو:

سروودی ژمارە (2) لاپەڕە (197)، ئەو سروودەی کە دەڵێ:

«سەر وێم سانەن
عالینان عالی سەر وێم سانەن
تەصویرێ جامم هیچکەس نەڤەنەن
جەمشید بییەنان جام وێم پەنەن».

بەم جۆرەی لێکدراوەتەوە:

«سەری خۆم سوڵتانە
بەرزم، سەری خۆم سوڵتانە (خۆم سوڵتانم)
وێنەی ئاوێنەم (جامم) هیچ کەسێ نەی خوێندووەتەوە
جەمشید بووم جام بە خۆمەوە بەندە».

دەربارەی لێکدانەوەی دەڵێین: (سان) سوڵتان نی یەو مەبەستیش بەم جۆرەیە [سەرم سەنیوە (سەندووە)]، واتە تەواو ئازادیو سەربەستیم (سانەن = سەنەن = سەندووە، ساندووە). (عالی) ناوی پێش بینەکەیە کە فەرموویەتی (عالییەنان عالی)، عالیم عالیم ئازادیو سەربەستیم سەندووە. ئەو دێرەی [تەصویری (جامم)]، مەبەست لە (جام)، (ئاوێنە) نی یە! بەڵکو مەبەستی لەمانەیە (جامە، دۆن، کراس، بەرگ، قەوا). دێری چوارەمی سروودەکە یا دانەری کتێبی کاکەیی لێکدانەوەی بکات!

سروودی لاپەڕە (201)ی کتێبەکە، ئەو دێرەی:

(تیغم برانان چە هەقق مەنالی)، لێکدانەوەی هەڵەیەو بێژەری سروود مەبەستی بەم جۆرەیە (تیغم برندەیەو لە هەق دەناڵێنم)، نەك بەو جۆرەی مامۆستای هەورامانی فەرموویەتی (تیغم برندە یەو هەق لە بەردەمیا دەناڵێ).

بۆ زانین دانەری کتێبی کاکەیی لە کاتی گواستنەوەی سروودو پەخشانەکانی ناو کتێبی سروودەهای یارسان و دەفتەری رموزی یارستان بەشێکی زۆری بە هەڵە وەرگێڕاوەتە سەر نووسینی ئێستای کوردی بە تایبەت لە کاتی گۆکردنی وشەکان، هەرچەندە پەناشی بردووەتە نووسینە لاتینیەکە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان. لەوانە وشەی وەکو (بلۆ = Balu) بووەتە (بلوو) ل 160. یا (باچە = Baca = بلێ) بووە بە (لاچۆ)، یا (ماسنا = masena' = مەپاندن) بووە بە (ئاوسان).

(سان = سەندن) بووە بە (سوڵتان). (عابەدین) بووە بە (عابدین). وە (دۆنای دۆن) بووە بە (دووناو دوون). (پیر مووسێ) بووە بە (پیر موسا). (شەبەك) بووە بە (شاباك). (پیر ئیسماعیل کەوەڵانی) بووە بە (پیر ئیسماعیل گۆڵان). یان (مەولا عەلی) بە زەلام شەخصی زانیوە.

سێ خاڵی گرنگ دەخەینە پێش چاوی خوێنەری کوردی بەرێزو داوایان لێ دەکەین (ڕاست و هەڵە) لەم قسانەی کە ئێستا دەیکەین بفەرموون:

1 ـ سروودی ژمارە (3) سێ لاپەڕە (210) ئەو دێرەی (میکائیل ئاتش نەمیرو ڤە دەس)ی بەم جۆرە لە هەمان لاپەڕەدا لێکداوەتەوە کە [میکائیل وتی (ناوێرم)]، کە مانای (نەمیرو) بە واتای (ناوێرم)ی وتووە، هەر وەها لە لاپەڕە (45)ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (68)ی ساڵی (1984ز)یش بەم جۆرە وشەی (نەمێرو)ی سەرو بۆر بۆ کردووەو لێکداوەتەوە:

[نایێ. نەمێرو ڤە دەس) واتە (لە دەستم نایێ) یاخود (دەستم ناڕوا) یاخود (بە دەنگم ناگا)، یاخود (بە گوێم ناکا)]. وشەی (نەمێرو) ئەو هەموو لێکدانەوەی پێویست نەدەکرد... تەنها بیوتایە نەمێرو واتە (نایێ).. ئەی (ناوێرم)ی چۆن وت؟!

2 ـ لە پەخشانی شانزە لاپەڕە (178) وشەی (باچە) کە مانای (بلێ) یە دوو جاری کردووە بە (لاچۆ)، کەچی دەبینین هاتووە لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی هەمان ژمارەدا بە جوانیو شینەیی وشەی (باچە)ی لێکداوەتەوە! ئەمەش ئیسپاتی ئەوە دەکات پەلەی کردووەو زوو زوو ئەو خەرمانە زلەی شەن کردووە...

3 ـ بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد هەموو بزانن و ئاگاداربن ئەو سرودو پەخشانانەی کە لە کتێبی (کاکەیی)دا بڵاو کراونەتەوە بەشێکیان ناڕاستەو هەڵبەستراوەی شاعیرانی شارەزوورن، وە بەشێکیان هەڵەیەو دوورە لە ڕاستیو نیشان ناپێکی وە هیچ مافێکیان بە سەر کاکەییەوە نییە. هەروەها

هەڵـەکـان دەدرێنـە پاڵ دانەرانی یەکەمی نوسراوەکان وە لە کاتێکدا بەرێز مامۆستای هەورامانی وەریگێراوەو لێکدانەوەی کردووە بە سۆرانی بە داخەوە هەڵەکانی ئەوانیشی وەرگێراوەو لێکداوەتەوەو ئەم کتێبە (کاکەیی)یەی ئێستای بۆ هێناوینەتە بەرهـەم. بۆ ئەم قسـانـەشمـان باچـەنـد هەڵـەیـەکی تری ڕێزمانیو ناوو شوێن بهێنینەوە:

لە لاپەڕە (88)ی کتێبی (کاکیی)، عابەدین مەرەمۆ:

1 ـ مەلالەینە پێ خۆشە.
2 ـ بەزمی مەردان پێ خۆشە.
3 ـ بنیام ساقی لەو هۆشە.
4 ـ سەریان لە ژێری کەوشە... تادوایی.

مامـۆستـا گەر (مـاچـۆ) زمـانـەکـەی نەزانیوە.. نازانین سۆرانی‌یەکەی بۆچی بە چاکی شی نەکردووەتەوە؟!

فەرمـوون با پێکـرا چاومـان بخشێنینـە ئەو چوار دێڕەی (عابەدین)و چەند هەڵەیەك دەربێنین:

1 ـ دێـڕی یەکـەم، وشـەی (مـەلالـەینە) کە کۆکراوەی (مـەلا)کـانـە. ئەم وشەیە بەگوێرەی گۆ کردنی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە بەم جۆرەیە (مەلالینە) نەك (مەلالەینە).

نیوە دێڕی دووەم کە بریتی‌یە لە (پێ خۆشە) زۆر هەڵەیە چونکێ لە زمـانـی (مـوکـری)دا ئەگـەر یەکێـك بڵێ نوسـراوەکـەت بێ عەیبـە، ئەوا دەڵێ: (نـوسـراوەکەت بێ خەوشە) کەوابوو وشەکە (بێ خەوشە)یەو پێ خۆشە نی‌یە.

2 ـ نیوە دێڕی دووەم دیسان ئەبێ بوترێ (بێ خەوشە).

3 ـ نیوەی دووەمی بەو جۆرە نی‌یە.. (لەو هۆشە)، بەڵکو بەم جۆرەیە (لەو حەوشە).

4 ـ نیـوەی یەکـەمی، ووشـەی (سـەریـان) کە لە ڕاستیـدا (سیـڕڕ) یانـەو لە ژێـری کەوشـە، وابزانین سەری فریشتەو ئەولیا ناخرێنە ژێری کەوشەوە.

_مامۆستا هەورامانی لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (68) 1984 دەڵێ: جێی دایکـزاد (مسقـط الـرأس)ی سوڵتان ئیسحاق دێی (داودان)ە، واتا لەو دێیە لە دایك بووە.. لە وەڵامدا دەڵێین بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو قسەیە با بروا تەمـاشـای پەخشـانی ژمارە (10)ی بڵاوکراوی لاپەڕە (169)ی کتێبەکەی بکات، کە ئیسحاق لە (بەرزنجە) لە دایـك بووە نەك لە دێی (داودان). داودان جێی دایکزادەی پیر میکائیل (داودانی)یە.

مامـۆستـای هەورامـانی دەڵێ: (دایـەراك) کچی (میر محەمەد)ی جافە، وەکو زۆربەی نووسەران و توویانە ئێمە دەڵێین: بە پێی دەست نووسە کۆنەکانی کاکەیی (خاتوون دایـەراك) کە دایکی (ئیسحـاق)ەو خێـزانی شێـخ عیسێی بەرزنجەیە کە بە ناوبانگە بە دایە (ڕەزبار) کچی (حوسێن بەگ)ی جافـە کە بە ناوبـانگـە بە (حـوسێن بەگ جڵد یان جەرد) نەك (میرمحـەمـەد). دیـارە نووسەر بە وردی کتێبی (دەفتـەری ڕەمـووزی یارسـان)ی نەخـوێنـدووەتـەوە کەوا گەورەتـرین سەر چاوەیـە بەدەستیـەوە بە تایبـەتی بۆ دانـانی کتێبەکەی بە ناوی (کاکەیی)یەوە کە لە لاپەڕە (16 ـ 17) باس کراوە. هەر وەهـا لە لاپـەڕە (29)ی دەفتـەری شندلاوێی هەمان سەرچاوەدا لەم تاکە خشتەدا هاتووەو دەڵێ:

**کاکام ئیبراهیم سەرخێڵ بی نەو خاك**
**(حوسێن بەگ جەرد) بابۆی دایەراك**

نووسـەر ناوی شێـخ (عیسێ = عیسـا)ی بەرزنجی لە لاپەڕە (39، 40، 41)دا نووسی‌وە شێخ (عیسی) بەڵام لە لاپەڕە (170)دا نوسراوە شێخ (عیسا).

لێـرەدا بە پێـویستی دەزانین ئاگـادارتـان کەینـەوە کەوا پەرۆژەیەك ها بە دەستمانەوە بۆ دانانی کتێبێکی مێژوویی هۆزی کاکەیی بە هەموو ئەدەب و نوسراوەکانیانەوە بۆ ئەوەی خۆمـان بەم ئەرکـە پیـرۆزە هەستین و خۆمـان خۆمانتان پێ بناسێنین، ڕاستـە وتـویانە خاوەن ماڵ خۆی لە یەکێکی تر چاکتر دەزانێ چی لە ناو ماڵەکەی‌دا هەیە.

# شەوێکی مەیخانە نەمرەکەی ئۆرۆک

خالد جووتیار

شوورەکـــان ناوە، ناوە دیـــارن، چەنـــد لادیـــوارێکی
سەربـــان رووخـــاوو سەر بەیـەك کردوو، ووردە ئیسقـانی
مرۆڤی شێـواو، دەنگێـك لەودیو، تروسکایی‌یەکی مۆر،
شوورەو لادیوارو، سەرو ئەندامەکانی مرۆڤەش، زێدەیان
دەکرد، دەبوونەوە مرۆڤ، لێك دەبوونەوە، هەر هەندەیان
لێ دەبیسترا...

سەرت لەسەری من هەلمەشاخێنە بێزارم دەکەی
رقم لەخۆم دەبێتەوە، خۆت لەو گێژاوە لامەدە
بالوول نخوا..
ئەوانەی ئازاریان دەدەی، خۆشت دەوێن
ترس، رق، دڵنیابوون، خۆشەویستی
ئارامیی تۆن.
برو لەسەر ئەو بانە دانیشە خۆت بکە مرۆڤ
ئەوەی لە دەستت نایێ
رقم لەو چاوانەش دەبێتەوە، رووناکیان پێ دەبینم
جارێ خۆمم پێ نەدیبووە، هەی بەرەنگان نەچوو
رەنگی خۆت بینیووە

● سبەی ئێرە دەکەمە جێ پێلەقەی خۆم
وەرە بنکەمە دووا قوومە ئارەقی سەرخۆشان
سوتەکە جگەرە، بەجێت دێلم
شەو نی‌یە خۆم بەجێ نەهێلم
کە پێکەنیت هەر بگریێ، بۆ هەر گریانی پێ بکەنە
ئەو بازنەیە تێك دە، بانەبیە چوار وەرزەی ساڵ
دەستم نغرۆی ئەو قولایی‌یە دەکەم
توانای خۆ بارکردنم نەما..
چەند جاران خۆم فڕێ داوە، باشەوێکیش
سەرم هەڵدەمە سەر لاشەی تۆ
کابزانم گێلەکانیش تێر خەم دەبن
شێتەکانیش وەردەگەڕێنە گیانی خۆ

بەدەستە خۆم با
ئەو ئاوەدانیەم نەدەدیت دەنا..
دەتکەم بەسەگ، بەخۆم، بەخۆت
شوورەی ئەوشارە برۆنزیە نەبا
شەوان شەوو رۆژان رۆژ بوو، لە دایك دەبوون
دەمردن،
بەو دونیایە پێ دەکەنین و دەیگریاندن
نهێنی‌یەکە کاس تری کردی
ئەبکیدۆ دەستی لێ نەوەشاندبای
هەستت بە لەخۆ مەزنتری نەدەکرد

«شوورەکەی ئۆرۆك بەزەبری تۆ ڕاست بووەوە یان نا..
بەدوای سانـەی مێـژ وو نووسـان ناکـەوم، ئەوان بەوەسیقە
دڵ و دەروون و خەیـالاتی مرۆڤ دەخـوێنـنـەوە خۆشیـان
تووشی کرمی خۆرزی کردن دەکەن، پاشای ئۆرۆك بوان
ناوت لەسەر شوورەکە نەدەخوێنرایەوە.

خەلك لەبوون و نەبوونیشت دڵنیانەبووە، نازانن ناوێرن
بڵێن، بنیادەمی‌یان خواوەندە.

ترسێ، سامێ، شاگەشکە بوونێ دایهێنای دونیای
عەبەسیانەی..

بەرەڵلای ئەو دونیایە بووی، بۆ هەرتاکێ
دژێکت راست کردەوە، لێ گەڕابای
تاکیش بمابا.. ئارامی دەگرت، لێ ڕادەهات
ئەو لاپەراسووەی لێ نەدزرابا
هەموو شتێك خۆی بوو، ئێستاش هەر
سواری لاپەراسووەکەی خۆی دەبێتەوە
لە بیری چووە، وەختەکێ هی خۆی بووە
کەست بەکەس نەچواند، لەوەترسای
خەڵکی بەناو یەکدی‌کەون، خۆی بدیبا

خەوتووە، ئاوزنگان دەدا،
هەتا پێی تێدا بوو هەڵدەهات
ئەوانیش لێیان دەشێوا، گۆڕستانێکی خامۆش بوو
شەو بالینگانی کچەکان لە کوێبوو
چیت پێ دەکردن، چیت لێ دەکردن
کێ کۆشی خۆی بۆ ئەنکیدۆ هەڵمالی
شەش رۆژو حەوت شەوان گەوزین،
«یەکتریان لستەوە» مژیان، لەرزۆك بوو
تاهێزی لەگیانی بڕی، بەهۆشتر بوو، خۆی دەبینی
هەژانی دونیای خەمێکی نابەڵەدە
کۆنە برینێ، کولایەوە.. لەدەست خۆشی بەرەڵلابوو
نەیزانی خۆی راپیچی ئۆرۆك دەدا
شوانی بەرازو کێوی‌یان، گەردەلوولێ
تیکی سووراند، هەردوا ئار ی لێ دانەوە
رەوینەوە

«دەردە مەزنی‌یە!! هەلاتنە لە چۆلەوانی خۆی، یان داستانی باوەڕی سۆمەرستانە، هەر ئەوەندە، لەخەمی ئەودونیایە گەورە تربووی، سنوورت بۆ خۆت دانەنابا بەقەد رژیشتن و ئازارەکانت لەخۆت هەڵگەڕایتەوە، ئەو لەخۆ ترسانەت نەبوا...

دەڵێ... بوونە چەند پارچە خشتێکی نووسراوو...
کوپەلە زێرو ئیسقان و بڕیارتان دا..
دوڵە مەرگێك هەڵبژێرن... بوونەکێ؟
چەند دەنگێکی تێکەڵاو
مردنیش لێگەڕابا.. خۆخۆر نەبوان
دەبوونە ئاو..
بۆ کوێ رۆیشت.. کەس نەیزانی بوونە نهێنی
گرێ،
لە بەرایی ... مەی و نەمری،
مەرگەساتێك، تارمایی سەفەرە سەختەکەی
لە بارێك برد
لەسەر مەرگی خۆت دەگریای، تارمایی خۆت
هەراسان کرد،
بەدەنگی تەپڵەکەت چەندان لێك ترازان
بەنیوەە چڵی جێیان هێشت، تارماییت
هەر بەدیاریانەوە بوو،

«ئـەوکـوێـیـە قوڕەی دەستی ئۆرورۆچ کێشـەیەکی بۆ مرۆڤاتیش نایەوە، خەمێکی واسەربەقوڕیش نەبا لە سادەیی خۆمان دەتواینەوە».

دەردە دڵ لێرە بڕی کردین.. هەموویان
بەدوای دەنگی تۆهاتن
لە تۆزی سەرشێتانەت وون بوون
گیانی نەمریشیان لە شوورەکە پەڕاندەوەو
زەندۆڵێك قووتی دان.. دیاربوو
کچە مەیگێڕەکە بەدیاری یەوە بوو
«هەتا ئاواش بووین.. هەرمابوو» وایێ دەچێ
یەکتریان نۆشی بێ
سەرت بەلاشەی ئەولێ قەوماوە دادە
ولاتێ بە خۆیەوەی ناگرێ
ماڵێ تاسەی غەریبی ناشکێنێ
لە سەرمان بقەسرێ، بەگەرمان بتوێتەوە
بە خەڵکی هیچ وولاتێ ناچێ
کە ئاوری دایەوە مابوو، سۆماییشی دابێ
جارێکی‌کە لێ‌ناگەڕێن
لەوتەکیە هەناسە ساردە حاڵ بگرێ، دەترسن
ئێرە مرۆڤی لێ ژیاوە، شوێن پێیان بەسامە
لێی دەترسن.. مرۆڤ لەخۆشی
نهێنی‌یەکی لە دەردی خۆی گرانتر مەستی‌کرد
نەشی دەتوانی واندکا
ئەو تارمایی‌یە نورانی‌یە لێت ناگەڕێ

چەند جارێ بێرە داهاتبووی، کەوتبووی
جێ دەستی خۆت دەناسیەوە
پێکەنینێ دەیگرتی ئەویش تووشی خۆی بووە
ڕەمی ئەو مەیخانەیەش هیلاکیم مەست ناکا
مژدەی کەسێکی ماندووی، بێزاری وەڕس بوونی!!
دەری ئەو مەیخانەیەش والآبێ
بە دەنگی ئەوغەبییە سەروەشێنم
لێم نزیك بنەوە،

«ئەوەتای بەڵام لەخۆشت دەگەڕێی، لەخۆت گەڕێی وون دەبێ، نهێنی ئەو گەردوونـە کۆتـایی نایـەت، ئەوە هەمـووشتێکت زانی، بەچ دەژی، مل لەبـەر ملی خۆت نەنێی، بەهێمنی وون دەبی،

بووە تای مەستان و دیاربوو تادەهات
روونتر دەبوو، دەبینرا، تەرمی من
لەبن ئەو تەمە حەشاردەن، دەنگی دەم
دەرەوێتەوە، . . . لێ گەڕێ یەکدی مەناسنەوە
بەخۆت هەڵگەڕێ. . ئاوێری،
لەپڕ گلۆر دەبیتەوە، لەیەکەم هەنگاویش
هێوەتر دەچی. . دێیتەوە
دەڕۆی. . . روناکیەك لەو ئاسۆیە هەڵدێ
خۆت لەو دونیایە وەردە
ئاکاری مەرگی خۆت سووتاند،
تەرمەکانیش جیان بەڵام کێ دەیانناسێتەوە

«تـاشە بەردەکـەی هەڵکـۆڵی، چنگی لەخۆی گیربووەوە یەکـدیـان ئەنگـافت، هەنـدەی نەمـا بەنهێنی نەمـریش دەروون و ژانی مرۆڤ بەرەو ئاسمانی شاگەشکەیی بەرێو لە خۆشیـان نەیـدەزانی کەی دەستی لە شووره گەردەن کێلەکەی گیردەبێ و ئۆتونابشتیم لێ گەڕابا بیرمان لە نهێنی مردنێ. . دەکردەوە، هەناسەی ڕاگرت بووەوە ئەو پارچانەی لێی پەیـدابـوو، تەمێکی عەردان گیـر دۆڵ و لووتکەو دەشتـایی یەکـەی لوول دا نهێنی یـەك ئاودیـوی کردەوە، گەشایەوە فراوانتر بوو، وون دەبوو، هەندەی نەمابوو خۆ لە سەفـەرێکی بێ هودەبدا. . گیرایەوە، لە ئۆتونابشتیم وابێ لەوی نەمـرتـرنی یـە، ناوە ناوە روحـەکـەی لەو خەڵکە دەستاندەوە، خۆی بەمردوو دەدیت، چەند ئازاری روحی خۆی داوە، بۆ نەمریش دەتاسا.

لەو جێیەوەڕس بووم، کەس نەما بۆی نەگریم
ئەو چارە نووسە خۆم هەڵمبژارد

ـ حەزی بە ئازاردانی خۆیـە، لێی پەشیمـان بوو بەڵام تازە دەستی لەخەمی ئەو سروشتە وەردا تێکەڵ خەمی دونیا بوو، نهێنی نەمـریش کەوتـە بەینی خۆی گلگـامش، پەی پێ نەبرد، هەر ئەوەندەی بیری لێ کردەوە هەتا ئێرەی هێنا، لەوە زیـاتـر بچوویـا لێ دەشێوا، هەر هەندەی بۆ چرپاند، مانەوەی هەتا هەتایە لە نەمریت وەڕس. دەکا.

تیشکێکی‌ترە، روحێکی‌ترە، لە خوگەڕانە
خۆی نییە. . کاروانێك جێی هێشت
خۆی دەنگە دا
دەرگای لە سەردڵی خۆی ڕاهەژاند
لە خۆی ترسا، بوەتەم و لەبەرچاوی خۆشی
وون بوو، بەکەسیشی نەووت

لە هەمـووکـەس دەگـەی، کەسیش تێت ناگـا بەڵام خۆشت دەوێن، دەست لە خۆت بوەشێنـەوە شێتـان ئاسـا ئازاری خۆت بدەو ئازاریش بەکەس مەگەیەنە.

---

(1) ئیحای شیعرێکی کاك جەلال بەرزنجی یە
(2) هەمان شاعیر

# «سەجادی» لە ئامێزی فرمێسک و ئاگردا

«قوبادی جەلیزادە»

شەوی نەورۆزی/ 1985

هەتا دوێنێ لەقەراخی بێدەنگی‌دا
شاعیرێ بووم
بەتەوژمی گردە شەپۆلی سەرشێتی
هیچ دەریایێ،
هەڵنەقەنام..
کەچی ئەمشەو هۆرەی عیشقت،
بوو بەقەتاری قورینگی شەونخونی‌و
بۆ سەر گۆڕی دوورە دەستت
هەڵیپێچام..!

★ ★ ★

ئەی گەوهەری نێو جەشارگەو
کەڵکە بەرد
ئەمشەو لەباخەڵتا نرکەی،
شاعیرێکی بریندارم
هاتووم لەدەورت گەڕێم و
گەرمە شینت بۆ بگێڕم
بگریم وەك ئەو دەروێشانەی
لەسەر مەزاری حسێن دا،
بەلادادێن.. لەحەژمەتا
هاتووم ئارامگەی غەریبیت گوڵ باران کەم
بنوشتێمەوە بەسەریا وەکوو گومەز
باسکەکانم بکەم بە کێل.

ئاوی‌یەکەم کەڵە سەربازی نەمری،
لێ‌هەڵکەنم..
بەزمان، بەلێو، بە دووباڵم
گەردی خەفەت،
لەسەر سینگی جەوهەر دارت
ڕابماڵم..

★ ★ ★

هۆ سەجادی..
هۆ ڕێبوارە هێمنەکەی،
کاروانی ڕێی شەوو هەتاو
سەرهەڵبڕە.
ئەمشەو ژوانی لوتکەو گڕە.
سەرهەڵبڕە.
ئەو شۆڕەسوارە دایساوە، پیرەمێردەو
لەگەڵ کەوتنی تروسکەی زەردەپەڕا،
بەهەورازی گردی یارە هەڵدەزنێ..
سەرهەڵبڕە..
ئەمشەو هەور بەهمەنی‌یەو
بەفر سوورە.
ئەمشەو وڵاتی شاعیران،
بابەگوڕگوڕی عیشقێکی بێ سنوورە..
ئەوە حەزرەتی نالی‌یە
لەژوور سەرتا بەکوڵ دەگری
ئەوە دوو باڵی حاجی‌یە
لەگەردنی کێلی ئارامگەی غەریبیت

نابێتەوە..
ئەوە خانی دڵ بەخەمە
هەروەکوو مۆم بەدیارتەوە (گلپە دەکاو)
داستانێکی نوێ دەنووسێ
سەرهەڵبڕە..
ئەوە «ژین»و «گەلاوێژ»ن
پرچ درووێنە دەکەن و
ڕەوسەی شین و
سەردولکەت بۆ هەڵدەرێژن
★ ★ ★
دەستێکم چەپکە نێرگزەو
دەستێکم گڕ
هاتووم ئەمشەو لەچووزەرەی شیعری گڕدا،
ئالای سەوزت بۆ هەڵبکەم
ئەمشەو لەنێو گڕو گلپەی..
مەشخەڵانی کۆی دەروونتا،
بەتاسووخی نەورۆز دەکەم
جێت ناهێڵم..
تا خاك وخۆڵی گۆڕەکەت
وەك وەکاشەو ئەبابەیلێ،
بۆ نەوەی نوێی نەزرگرتوو،
پیرۆز نەکەم
★ ★ ★
هۆ سەجادی..
ئەمشەو شاعیر، رشتەی مرواری فرمێسکەو
بەگەردنی گڵکۆتەوە،
خەناوکەیەکی نامۆیە.
ئەمشەو نەورۆز... بێ بۆنی کەواو سەڵتەکەت،
ئازارێکی نابەڵەدەو
کزەی جەرگێکی بۆ سۆیە.
ئەمشەو بێ‌تۆ..
چیا دەگری
ئاگر دەگری
نەورۆز دەگری

# بۆحەسیب قەرەداغی ی

## شاعیر

«محمد امین پێنجوێنی»

شاعیری فەرهەنگی خەمم!
(دەماوەندی) سەربەتەمم!
شیعرەکانت شیری تەمەنی
منال و..
قووتی گەورەی ژەم بەژەمم
هۆ هاوڕێکەی
بیابانی گێژەڵووکەی
لمی داخم..!
گوڵە سوورە گەشاوەکەی
ڕەگ لەخاکی قەرەداخم
ئەی ئەو دۆستەی بەدزیەوە
رازو چپەم لادرکانی
لۆمەم مەکە..
سەرم قاڵو مێشکم دەرزی ئاژن ئەکرێ
خۆێشت بەحاڵم ئەزانی..
تۆ ئەزانی کەوا من چیم لەدڵ دایە..!
وێنەی هەڵبەستەکانی تۆو
گوێلێ ساچمەی سوورەوەبوو..!
مشتێ درکی ووردی تیایە..

# ئەمان جانێ

صبریە هەکاری



ئەمان جانێ
تو ب خودێ‌کەی
ژ جانێ من دویر نەکەڤە
چاڤ تەمری.. چاڤ تاری‌بو
ب ریا تەڤە
بەختێ تەمە
وەکی هەرجار تو وەرەڤە
روژا روهن ل من شەڤە
بەختێ تەمە
ب زڤرەڤە... ب زڤرەڤە

★ ★ ★

ئەمان جانێ..
ئەزێ ژاربوم
تە ئەز هێلام ب نیڤا ریڤە
ئاشتی خوازبوم... دل برینبوم
تە هێلام ب وان بریناڤە
برینێن من..
پیچەک ساخبون
ئەڤرو تە تێک ڤەدانەڤە
بوچی جانێ دژی منی
بوچی جانێ دل ئاسنی
ما نزانی؟
دل شەمالکە دێ سوژیتن
بەریا تەڤە
چاڤێت خو وەز دێ دەرینم
کەمە دو ستێر هەلاویسم
ب هنداڤ تەڤە
ب هنداڤ تەڤە

★ ★ ★

ئەمان جانێ...
تە ناهێلم بو بیانیا
تە ناهێلم بو نەزانا
ژ وی هلوڤە
وەرە دەستێت خو بدەین ڤێک
وەرە ملێت خو بدەین ئێک
دا ئاڤاکەین خانیکێ خو
دا بکێلین زەڤیکا خو
دا نوی بکەین ژیانا خو
زاروکێت خو
راکەینەڤە.. راکەینەڤە.





# وەنەوز

شیوەنی دوا هەناسەی
سەرە مەرگی چرایەکی بێ تیشك
بووە زەردەخەنەی هەڵاتنی خۆری ئەوینت
منیش لە گەرداوی قوورگی بیابانێکی ووشك
بوونە شەپۆلی تینووی ڕوباری پاکی ئەو عەشقەی
کە کفنی زەردی بیرەوەری تاڵی بڕیوە.
گەڵای وەریوی بەرخەزانی لێك دابڕانیش
بووەرەگی تەڕی درەختی بەیەك گەیشتنەوەی نەمری
- نێو ئامێزم، لانە تاراوی پەپوولەی
کۆچی بێگەڕانەوەی نیازی تۆ نەبوو
دڵۆپ دڵۆپ ئارەقی چۆڕاوی
ڕەنجی برسیەتی و تینوویەتیم خستە سەریەك
تا پەرستگای عەشقم سەرکەش تر بێ
لە ئاستی مەرگ دا بوومە بەربەست...
کەچی گلۆر بووینەوە بەرەونشێوی سەرگەردانی
«لێرەش لە شوێن هەنگاوی یەکەمەوە دەچەقم.
پێش ئەوەی چاڵی بێ ئامانی وون بوون
تا دوا هەنگاوی چاوە نواری، هەڵم لووشێ!»
- جەستەی من گۆرستانی گیانم نیەو بەس
گۆڕی سەدان چیرۆکی ئەوین و
لێك دابڕانی نامۆیی و هەوەس
بۆتە پەیامی شیعری بێ ڕیاییم
لەنێو سەدان دیواریش بێ دەنگ هەڵبڕە
باهەنسکی گۆشە گیریت نەتکاتە کینەی خۆلەمێشی
کوانووی حەزمەتیم..
دەنگ هەڵبڕە، چونکە دڵت جێ ژوانی وەنەوزی
شەو نخونی نیە
هێشتاش وەستە ماندووەکانت، پردی ڕووخاونین
باری غەمی سەرکۆلی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی
لێ گوزەر دەکرێ
لە ئاوێنەی بێ گەردی چاوەکانتا مەروانە
بۆ تارمایی خۆری گیراوی خۆشبەختیم
من لە مێژە پرشنگی خۆرەتاوی زەردەخەنەم
لەسەر لێوی دوێنێ ی کابوسم ئاوابووە،

فەرەیدون سامان

# توو لە ڕێیەک.. تاریک... تاریک
## دوای دوازدە ساڵ

## سەما... هەنگوین... برین

پەخشانە
شیعر:
بکر حسن

هەنگاوە تەزیوەکانم... هەڵدەگرێتەوە..
بۆ کوێم دەبەی.. هەنگاوە تەزیوەکانم؟!
گشتیان دەنا سمەوە
ئەوانە، درەختە کانن!!
جێژووانی لاتە عاشقانن.
ئەوەش چرە داربی‌یەکانی «کانی سار کێیە»
ئەمەی ئەم لاوەش
سەر خەرمانەکەی «مامە وسوێیە»
شەمامەی بان دڵانیش
لای ئەو بەریانە
ماڵی مروەتی‌و بەهێ چاو جوانە
ئەو رووناکی‌یە گەشەش
هەناسە چاوکاڵەکەی ئێوەیە



ئەوا دەگەمە هەوارو هەوارگە..
هەناسەیەک دەست بەسەرو قژمدا دێنێ
دەستی دایکمە.. و
بە موستیلە ژەنگاویەکەیدا دەیناسمەوە
تەپ و تۆزی دوانزە ساڵ ی
وونبوونم دەتەکێنێ
فرمێسکی ڕۆح هەنگوینی دەمی ماسیانەو
برینەکان دەهەژێنێ
غەمێ سوێتر
دەوەرێ نێتە
هەناوە ماندووەکەمەوە.
گەرووی گەرمی ڕێبوارە
گەرووی سووتاویشم
تاساو... تاساو
خۆزگەی ئاوی کانی سارکێ‌و
کانی بەهێ‌یەتی.
ڕەنگی زەردو سوورو
ئەرخەوانی
ئاوی چاو دەبا
ڕەنگی کوڵوانە سوورمەیی‌یەکەی دایکمە
وەسیەت بێ
ئەوەک نەگەمە لاتان
تو خوا...!...!... بەباڵای کفنەکەما بیدروون
با ڕەنگی گورستان نەگۆڕێ
ڕەنگە ئەر خەوانی‌یەکەی
لێ نە تۆرێ.

سەما

هەنگوین
برین
سێ شتە خۆشەویستەکەی دایکمن
سێ شتە خۆشەویستەکەی دێیەکەمن
دەفتەرەکانم نەسوتێنن
براکانم..
باڵە برسانا نەمرن.
سەما
هەنگوین
برین
نهێنی عیشقی دڵەگەرمەکەی دایکمن
نەیدرکێنن
با کانی‌یەکان وشك نەکەن
لە تێنوان دا نەخنکێن.
گەر ویستیشتان
تیشکی خۆر بۆ درەختەکان بهێننەوە
بەفر بەهەناسەتان بسوتێنن.
گەر ویستیشتان
درەختەکان زیندوو بکەنەوە
لە شەمشەمەکوێرە بپارێنەوە
ئاگروو ئاوو تاشەبەردتان
یەك لەوی تر
بۆ جیا بکاتەوەو
وەك خەڵکی دێ شارەزا بن
ناوی گشت کانی‌یەکان و
مروەتی‌و بەهێ چاوجوان
بەگۆرانی بڵێنەوە: -
بەهێ ئاسکی شاخانە
مرووەت ئاگری چاوانە
سارکێ دەوای لالانە
شەمامە خر کەرانە
شەماڵی نێو مەمانە
هەوای سەر ئەو لووتکانە
پاوانەی بەهێ خانە
مازووی ئەودار مازووانە
دەك ئەم چاوانە کوێر بێ
بە ئاگری ئەو چاوانە
دەك ئەم گوێیانە کەر بێ
بەخرەی ئەو پاوانانە

---

● شەمشەمەکوێرە.. لێرەدا وەك شتێکی علمی بەکارهاتووە. وەك دووشت.. شتی‌یەکەم وەك ئەوەی ئەو باڵندەیە کە ڕووناکی بەنەفرەت کردووە، سوودێکی چاك بە دەورووبەری ژیانی مرۆڤایەتی دەبەخشێ.. ئەویش بەوەی کە تۆووی درەختان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازێتەوە.. زۆر دارستان کە نەبوون... ئەوان دروستیان کردووەو.. زۆر دارستانیشیان چڕوپڕ کردووە..

شتی دوو هەمیش وەك ئەو وێنە شیعریەی لێرەدایە.. شەمشەمەکوێرە ڕادارێکی وای هەیە... کە جێگای چاوەکانی بە زیاترەوە بۆ گرتوتەوە بۆ نمونە لە شەوی تاریك و ئوونەکدا دەتوانێ خۆی لە زۆرشت و زۆر دڕندە بپارێزێ ئەویش بەو بەشەی کە لە مێشکیدا هەیەو بەهۆی هەستی‌یەوە.. کە دەنگێك دەردەکا.. دەیدا لە شتەکەی بەرامبەری‌و... یەکسەر لە شتەکەوە یان لەو - تەنە - وە پێچەوانە دەبێتەوە بۆ کەللەیی‌و لەوێدا شی دەبێتەوە.. یەکسەر خۆی لەو جۆرە شتانە لادەدات و بەسەلامەتی دەردەچێ.

● ئەو پارچە شیعرەی دوایی.. - فولکلۆر - نی‌یەو خۆم ووتوومە. لەبەر ئەوەی کە ناوەرۆکی بەخشانەکە.. خۆی بەسەرما فەرزی‌کرد بیڵێم -

## دوو تابلۆ

نایف نانەکەلی

خۆشەویستم
ئێستا دوورم
تۆزو گەردی ڕێی غەدیبی
تەمێکی وەك خۆڵەمێشی
لەسەر چاوانم خستووە
ئەو ڕێ دوورەی لە نێوانمان
هەزاران جار درێژترە، لەو کلافەی
دایکم بە تەشی ڕستووە
ئێستا دوورم
نە باڵدارێ.. نە ڕێبوارێ نادۆزمەوە
کەمێك هەواڵی تۆی پێ بێ
ئێستا دوورم
کچێك نی‌یە ماچی کەم و
بۆنی بای کوێستانی لێ بێ.
خۆشەویستم
ئێستا دوورم
ئێوارەیەو لەسەر شۆستەی
شێوە تەڵخی ئەم شارەدا
لە گیرفانم هەڵم گرتووە
نامە ـ و ـ ناسنامە ـ و ـ گەردەلوول[1]
حەزم لێ‌یە بەم ئێوارە
دوا شیعرم لەسەر زەرقی
گەڕانەوەم بکەم بە پوول
شیعرێك... شیعرێك
دوا پێناسەی غەریبی بێ
شیعرێك... شیعرێك
وەك منالێ ناو منالدان
هێشتا دایکی نەبینی بێ..

(1) مەبەست لە ـ گەردەلوولی‌سپی
دێت دیوانێکی ـ لەتیف
هەڵمەت ـ ی شاعیرە.

## دڵی ساوام

ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری



دڵی‌ی ساوام..
بەم پایزی عومرە
ژەکی لێوتی.. تیر مژتوە
ڕۆژی ئاوام...
لە (ئیجە)ی چاوتا
یادگاری.. ئەوینداری
منی ئاوارەی ناشتوە
★
باخی شیعرم...
بەرۆژی رووت.. هاتەبەر
پشکووت..
بۆیە.. پیت و وشەو دێری
★
گرو دەگرن لە دووت
کۆنە برینی زامەکانم
ئاوری سویی‌ی چاوەڕوانی
تێ بەرداوم..
بوخچەی ژانی نامەکانم
لە هەواری.. ژوانی دوێنێ
چۆکی مەیلی پێ‌داداوم..
★
لەبەر بەژنی چناری ئەو
سەری بەفرم هەڵیناوە
لەژێر سایەی بناری ئەو
ڕەگی خۆزگەم دەریناوە
لەسەر ڕوخی کەناری ئەو
کەشتی‌ی تەمەن لەپێ‌ناوە
★
بە گۆچانی دیوانەی شەمە
ڕێی‌ئەبڕم و ئەبڕمەوە
وا قولنگی فەرهاوی خەمە
هەڵ دەگرم و دەگرمەوە..
لەسەر گۆڕی کاکە مەمە
بەیتان دەچڕم... دەچڕمەوە
وەکو (لاس)ی بێ وێنەمە
بۆ خانزادی شۆرە سوارە
تەمەنی خۆم... بەدەستی خۆم
دەبڕمەوە
★

# کزەباو شەقام
# و
# نێرگز

شیعری:
بەرزان هەستیار

- 1 -

ڕەهێڵەی شەوێ بەهارم..
گەڵێ بەخوور دائەبارێم،
بەجەرگی دەیجووری خەما ئەچمە خواری
دێمە خوارێو
وا حەز ئەکەم،
هێندەی تاریکیی ئەم شەوەم..
کۆرپەی شیعر
بۆ ئەوینی پڕ خەندەو سوێ..
لەدایك بێ

★ ★ ★

ئەو کاتەی ئاسمان ژان گرتی..
کۆرپەیەکی خنجیلانە نۆبەرەی بوو،
لەباوەشی، دیلانێی شیعری شەوێکما..
ئارامی گرت
بۆ بەیانی،
کەخۆر هەڵهات و تیم ڕوانی،
گشت ئەندامەکانی گیانی
بوو بوون بە دێڕو گۆرانی.

- 2 -

وا سپیدە گلێنەی نێرگز ماچ ئەکات،
ئەم کزەیەش شۆڕە بێیەکان ئەلەرزێنێو
سەریان ئەکات بەکۆشی نسێی زەویدا،
ڕۆخی شەقامێکی کپیش..
لەگەڵ جریوەی کێشکەکان،
مرۆڤێکی مات و بێدەنگ بەرێ ئەکات،
کزە هەر دێو
«جەستەی بەردیش ئەتەزێنێ»
بەڵام نەمن هەراسانم لەکزەباو
نە شەقامیش لە من بێزار،
چونکە سەرم بووەتە گۆڕەپانی گەورەو
تۆش هەر گڕی،
عەشقی خۆتی تیا خۆش ئەکەیت
ئێستاکەش وا بەژنی شۆخی ئەرخەوان و
بالاکەی تۆ..
مەنزلگایان گیانی منە

★ ★ ★

تێبینی:

بەشی یەکەمی ئەم هۆنراوەیە لە ژمارە (626)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ڕێکەوتی 1982/2/25دا بلاوکرایەوەو بەڵام بەشی دووەمی لێ قرتێندرابوو. بۆیە ویستم ئەمجارە لە گۆڤاری (بەیان)دا بلاوی بکەمەوە..

(ب. هـ)

# لە چرکەی خەمێکی نوێدا

نووسینی: ئەحمەد قادر سەعید قەڵادزێ

وەك ئاونگی، پەشم ڕەنگی بەهار
بۆنم کردی، چێژم کردی
لە ناو فەرهەنگی ووشەی ناسکدا
خۆشەویستیم بۆ هەڵبژاردی
چاوم لێك نا
لەو دیو جیهانی بینینەوە، دیەی
شۆرە سوارێکی بەرەو ئاسۆ لە ئاوزەنگە دەدەی

★ ★ ★ ★ ★

دەروونم دەشتێکە،
ئەوەندەی چاو بڕکات پان و بەرینە
ئەسپی خۆش ڕۆی تۆش، لەناوێکدا
ئەو دڵی دەروونەم تەی دەکات
هەستی هیوام دەجۆشێنێ
بەخێرایی دەیگرێنێ
لەبەر دەمتا
ئەشکی قەتیس ماوی چاو
کزو مات و واق وڕماو
دوای کەمێك، تك، تك دەرژێتە
دەفری خەمەکانم و لەگەڵ هەر دڵۆپێکدا
بوونێکی نوێ
دێتە ئاسۆو لەباوەشیم دەگرێ
دوا جار فرمێسکەکان لێلایی چاو دەرەوێنن
تا خەم و خۆر بەیەکەوە سەر هەڵبێنن.

# ئەی کچی خـ...
# ئەی چرای دیـ...

تۆ ترۆپکی، سەختی چ بەرزە عیشقێکی
مرۆڤە مەزنەکانیش
لەدامێنتا، هەڵە لەرزن..!
- ئەڵێن عەشق
لەگەڵ مردنی مرۆڤدا،
ئەبڕێتەوە...
بەڵام عەشق و ئەوینی من
دوای مردنیش ئەژێتەوە..
عەشقی من کۆتایی نایە
عەشقی من وەك بەهار وایە..

★ ★ ★

ئەستێرەکان شەرمەزارتن
لە شەوی دڵی منیشا،
ئەکوژێنەوە..
ئیتر هانا بۆ کوێ بەرم
خۆچاوی من چاوی ڕۆژە
ئەی بۆ چاوی ڕۆژیش نابێ،
بەچاوی من...!
- چۆن باسی عەشقت بۆ بکەم
هێشتا عەشقت
شەوێکی کپ و خامۆشی
ئەنگوستە چاوی زستانەو
چی نهێنی دنیا هەیە

# ...واوەندی جوانی..

## ...وانی شەو «1»

«فاروق فتاح»

لە باوەشیا:
ئوقرە دەگری... دالدە دەدری...!
- بۆ باسی غەمت بۆ بکەم
چاوەکانی تۆ دایانگای،
غەم و عەشقت
تۆ خۆت غەمی..
تۆ خۆت عەشقی...!
چاونێرکس گیان:
من چرۆی عەشقێکی نوێم و
لەباوەشی خەونەکانتم
لەخۆشیتا
قاقاتم و..
لە خەمیشا
گریانتم..!

(4)

هەست ئەکەم ئەم دڵە بچوکەم
ووردە.. ووردە گەورە دەبێ و
تۆش لەناویا:
گەورە دەبی و.. گەورە دەبی
بشێ ئاخۆ:
هەموو گیانتم بێ بە دڵ
بشێ ئاخۆ:
هەموو دڵیشم بێ بە تۆ..!

(1) نیوە بەیتێکی شێخ نوری شێخ صالحە

# لەو چاو

# شین

زەمان کاکەیی

- هۆ نازدارەی دڵ رفێن!
ئەوا ئەمجارەش
بوێستانی دڵە شەیداکەم
شارۆ دەدەم
کەپری تەنهایی‌م
لەسەر تەپۆڵکە یەکی
دوورە دێ،
هەڵدەدەم
نیزیك هەوارگەی شوانکارەیەکی
بەجێ ماو
بلوێرێکی شکاو
ئاوازێکی خنکاو
کەوێکی دەنگ تاساو
شارە مێروویەکی برسی
شەلەژاو
گوری مندالێکی «شەوە»
بردووی بێ باوە(*)
- هۆ نازدارەی چاوشین!
ئەوا ئەمجارەش

## لاوان

جوجکی یادەکانم
لەبەر پەرپوڵەی ماچەکانت
چینە دەکەن
شەوگاری ژوانی بێکۆتامان
ئەگێڕنەوە..
بۆ مەڵ
بۆئاو
بۆدار
بۆ بزەی سەر لێوی
دوو دڵدار

- هۆ نازدارەی سەنگین!
ئەوا ئەمجارەش بەهارەو
منیش گۆرانیەکی
تازەم پێیە..
هۆنراوەیەکی تازە..
هەگبەی دڵداریم لەسەر شانەو
بەرەو ڕچەو ڕێگاکانی دڵت
ڕێگام گرتووتە بەر..
چاوم بڕیوەتە کەوێکی دەنگ خۆش

لە زۆزانی خەندەتا
من ئەزانم ڕەوە هۆنراوەی
باخلی تۆیە..
دوێنی تا درەنگی قاسپەی دەهات
ئیستاش پۆل روویان لەمنەو
رووی منیش لە تۆیە
ئەی نازدار

بێباو: بێباوك

# سێ شیعری چیا

سەلاحەدین ساڵح مەجید

(1) یاخی مەبە»
خۆ تۆ داری سنەوبەر نیت...!
دەس نەگاتە بەرزی باڵات
یا تۆ چێنکەی قەد چیا نیت
لە دوورەوە شین بنوێنی..
ئەی ئیتر.. بۆ..؟
کاتێ کە نەمامی حەزم بۆڵ بۆڵ
بەرسیلەی ئارەزوو ئەگرێو،
دادی خوێ ئەهێنێتە لات
ئەی بۆچی تۆش لاولاو ئاسا
نام ئالینێتە... قەدو باڵات

★ ★ ★

(2) (خۆرێکی‌تر)
هێشتا ڕۆژ ئاوا نەبوو بوو



تەمێ هات و دەستی نایە مل هەتاوی
گەش و جوان
بۆ بەیانی ئاسمانیش ڕقی لێ‌هەستاو
خۆرێ گەش تری داگیرسان.

★ ★ ★

(3) (هێلانە)
وانەزانن گەر هێلانەی خۆشەویستیم بڕوخێنن
ئیتر وولاتی عەشق و دلداریم بەجێ دێلم..
کۆچ ئەکەم و عەشقم ئەکەمە تۆپەلە بەفرو،
ئەیدەمە دەم کزەبای بەهاراو ئەتوێنمەوە..

ئەی وولاتی بەفرو چیا تۆم خۆش، ئەویست
بە عەشقی تۆش ئاوارە بووم
ئێستاش هەواری خاڵی دلداری چەند ساڵەمم
زیاتر خۆشی‌ئەوی لە جاران
خۆشم ئەوی چوار وەرزەی ساڵ
کڕیوە بێ بەفرە باران
هەر دێمەوە باوەشی وولاتی عەشقی دێرینم
ئەیکەمەوە بە جێگا ژووان
بە هێلانە
بە نیشتمان.

# گوهەرێك لە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان دا:

# "جولەکەی زرێبار"

chalakmuhamad@gmail.com

○ غفوری میرزا کریم ○

هەر لەبەرەبەیانی مێژدووەوە مرۆڤی کورد لە خەباتێکی سەختی دژوواردایە بەرامبەر سروشت و دیاردەکانی هەمیشە بو دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانی و کومەلایەتی وەبەرەوپێش چونی کاروانی رزگاری و سەربەخویی

بی‌ووچان لە کوشش دابوە. لەم ری‌رەوی کاروانی نەسرەوتی پیش کەوتن دا بەسەرهاتی جەرگ برو قەوماوو رووداوی دل تەزین و گرنگ و مەزن سەرکەوتن و زال بون

بی‌وێنە وژیرکەوتن و شکستەیی ناهەمواری لە گشت مەیدانەکانی کومەلایەتی وەئابوری ورۆشنبیری‌دا بەخووە دیوە، سەرجەم لە ناوجەرگەی ئەم ئالوگورەو تاوتووی

هەلسوکەوتو هەلبەزو دابەزەدا کومەلی تاقی‌کردنەوەی ژیانی بەچەند ووشەیەکی رەسەنی کورتی پوختەی بە پیزی پر مانای هونیوەتەوە وەخستوتیە ناو گەنجینەی زمان و فەرهەنگی کوردی‌یەوە کە لە ئەنجام دا خەرمانێکی لە پەندو

ئاموژگاری‌و قسەی نەستەقی دلگیری سوودبەخشی کاریگەری لە ناو کەلەپووری نەتەوایەتی‌دا بو بەجی‌بەهشتوین کە ئەمرو لە سنگی کومەلانی خەلکی دا پاریزراوەو لەدل و دەروونی یاندا نەخشی بەستوە کە

خەلکی ئاخافتن دا بۆ خۆش کردنی بازاری قسە هەژاندنی بیرو میشك گەشاندنەوەی دل و دەروون بە کارامەیی لە ناوئاخنی رستەدا لە جیگای دیاری‌کراودا بەکاری ئەهینی ورازو نیازی خوی پی ئەپیکی.

رستەی «جولەکەی زرێبار»یەکیکە لەو رستە نەستەقانەی کە کومەلانی خەلکی لە ئاخافتن دا بۆ مرۆڤی ترسنوك بی‌وزە بی‌توانا پرکیش نەکەر لە ئەنجام دانی فەرمان دا

بەکاری ئەهینی بۆ وینە دەلیت ئەگەر یەکی ووتی فلان کەس ناویری بەم شەوی مانگە شەوە بە هەرووتەدا سەرکەوی بو ستیەك.. یەکیکی دەم راست لە وەرام دا

دەلیت: بوە بە جولەکەی زرێبار یا ئەگەر یەکێکی تر ووتی: فلان کەس ناوێـری بەم پایـزەی بی ئاوی‌یە لە سیـروان بات و بپەریتەوە. . لە وەرام دا پیاویکی زانا دەلێت: دیارە جولەکەی زرێبارە!!؟

یا دەڵێن فلان کەس وەکـو جولـەکـەی زریبـارویە خوی بەسەر زینی ئەسپە شی‌یەوە ناگری.

بەم چەشنە پیاو یا ئافرەتی زاناو دەم راست و دنیا دیدە زور بە کارامـەیی وبـەبـاشی ئەم وشەیە لە جیگەو شوینی تایبەتی‌و دیاری‌کراودا بەکار ئەمینی هینی.

جا بازانین ئەم وستـەیـە کە لە دوو وشـە پیـك هاتـوە «جـولـەکـەو زرێبـار» ریشەی میژوویەکەیان بوکەی؟ یا بو کوی؟ ئەگەریتەوە.

ریشـەی بوون و باس و خواستی جولـەکە ئەم کەمایەتیە ئایینی‌یـە لە کـوردسـتـان دا ئەگـەریتـەوە بو ئیمپـراتـوریـەتی ئاشووری 911 ـ 612 پیش زایینی بەدیاری کراوی بو ئەو

دەم وروژگـارەی کە ئاشـوریـەکان تاوو هەلمەتیان بردە سەر فەلـەستین و داگیـریـان کرد کە لەئـەنجام دا لەگەڵ تالان و بردوودا ژمـارەیـەکی زوریـان لە جولـەکـەکان بەدیل لەگەڵ

خویاند هینا کە بەشیکیان لەکەژ و کیو ناوچەی کوردستان دا نیشتەجی کرد کە لە دوایی‌دا بە دریژایی میژوو ئەم بەشە جولەکەیە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەدا بە ئاشتی ئەژیان وە

چالاکـانـە بەشـداریـان لە هەموو مەیدانەکانی کومەڵایەتی وئابوری‌دا لەگەلیاندا وەك برا ئەکرد. ئەم کەمایەتیە تاسالی 1950 هەر لەوڵات دا مابونەوە.

بەڵام لە دوایـی‌دا بەپـیـلانـی ئیستعمـاری جیهـانی‌و صهیونیەت زوریەیان وڵاتی عیراقی‌یان بەجی هیشت وە لە فەلەستینی داگیرکراودا نیشتەجی بوون.

بەپیچـەوانـەی وڵاتانی تر جولەکەکانی کوردستان ناویان بە کەمایەتیکی بی دەستەلاتی داماوی گوشەگیر لە ژیانی

کومـەلایـەتی دوورەو پەریز وەستـاو لە کیشەی کومەلایەتی‌و رامیاری‌وڵات دەرچوەو ناسراوە ئیتر ئەم باروو دوخە تایبەتی‌و

پلە نزمیـە کومـە لایەتی‌و هەلویستی گوشەگیریەی لە هەموو مەیدانیکدا رەنگیکی تایبەتی رشتوەو کاریکی وای‌گیراوە کە

جولـەکـە لە ناو کوردەواری‌دا بە ترسنـوك ناوبەری کە لە ئەنجام دا ئەم پەندەو قسە نەستەقە بەرامبەر دروست بیت و وەبچیتە ناو گەنجینەی کەلەپووری میللی‌یەوە.

پاشـان بابینـە سەر شی کردنـەوەو باسی کردنی ووشەی زرێبار گوڵی زرێبار کەوتوتە ناوچەی پان و بەرینی دووصەد

دیی مەریـوانـەوە بەوینـەی حەوزێکی گەورەی پر لەئاوە لە نیوان دوو شاخی بەرزدا هەلکەوتوە کە ئەم بەرو ئەوبەری بناری شاخەکان هەموو بەدیهات ئاوەدان کراوەتەوە.

وەکو ماموستا زیوەری شاعیر لە یادداشتەکەی‌دا دەڵیت: پانایی گولەکە 1000 دریژایی 500 گەز ئەبی‌و هەر چوار

دەوری بە زوونـگ و زەلکـاو تەنـراوە ئەم گولـە لە مەیـژانی ئابـــووری‌دا کەلکیکی ئەوتـــووی نیـــە تەنهـــا راووچی بو

راوکـردنی باڵنـدە یا بو کوکـردنـەوەی هێلکەی قازو مراوی سوودیکی لی‌وەر ئەگـــری بویـــە مامـوستـا زیـوەر ووشـەی مەریوان لە بەر زوری مراوی بو مراوی‌ڤان ئەگەرینیتەوە.

بەراستی ئەفسـانـەو باس و خواست لەسـەر زریبـار زور هەیە کە لە ئەنجامی لیکولینەوەو تاقی‌کردنەوە دەرکەوتوە کە ئاوی سەرچـاوەی زەلم لە ئاوی گولی زریبـارەوە پەیدابـوە.

واتە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە مرۆڤی کورد توانیویەتی بەبیری تیژیەوە بە قولنگی سەرشانی ئەو کێوەی کە کەوتوتە

نێوان مەریوان و شارەزۆرەوە کون بکاو ئاوی زرێبار بۆ دەشتی وشکی وبرنگی کاکی بەکاکی شارەزۆر ڕابکێشێ.

ئیتر ئەم پەندو قسە نەستەقە «جولەکەی زرێبار» ئەگەرێتەوە بۆ داستان وەقەومارێکی دیاریکراو کە تا

ئەمرۆش ئەو ئەفسانەیە لە ناو گەنجینەی کەلەپووری میللیدا ماوەتەوەو لەسەر زاری کۆمەڵانی خەلکییە کە ئەمەش کورتەو پوختەی باسەکەیە.

لەگۆی زرێبار دوو گۆڕ هەیە یەکێکیان بەگۆڕی دەرویش ناو دەبری دووەمیان پێ دەڵێن گۆڕی جو. وباوە کە گوایا

ئەم جێگەو شوێنەی زرێبار کاتی خۆی شارێکی گەورە بوە بەڵگەش ئەوەیە کە لە دەورو بەری ئەم گۆلە زۆر دراوی

کۆن دۆزراوەتەوە جگە لەمەش خەلکی بە تەمەنیش ئەیگێڕنەوە کەلەوە وەختی ئاوکەمی ونیشتە[illegible] ئاودا

مەلەوان زۆر جار لوتکەی کنیسەو خانو بەرەیان بەدیی کردوە.. وا باوە کە جارێکیان دەرویشی دەبی بە میوانی

ئەم شارە دانیشتوی شار بەقسەی ناشیرین ئەکەونە ویزەی ئەزیەتێکی زۆری ئەدەن هەرچی خوا[illegible]ەزنەکا پێ ئەکەن

ئیتر ئەوەندە کفرورەپ کاری نارەوای لە گەلیا ئەکەن ناچار دەرویش ئەکەویتە دووعاو نزا تا خوای گەورەش بە دەنگ

هاوارو نزایەوە ئەچێ شارەکە بە ناخی ئەرزدا ئەباتە خوارەوەو ئەیکا بەم گۆلی زرێبارە. وەتەنها لە قەراغیەوە گۆڕەکەی دەرویش ئەهێلیتەوە کەوا ئەمرو هەر ماوەو لە

بەرچاوە.

زرێبار لەزستان دا یەك پارچە سەرەکەی بە سەهوول ئەیبەستی مرۆڤ بەسەڵتە زەلامی یا کاروان ناوێری، بەسەریا بڕوا زات ناکەن هەنگاوی بنێن بەراستی بەتاقی کردنەوەی زەمانە دەرکەوتوە کەرێوی لەبەر وریایی و زیرەکی لەم مەیدانەدا توانیویەتی ببیتە رابەرو پشەنگی مرۆڤ بۆیە تا ڕێوی بەسەر زرێباردا نەروا هیچ کەسی پرکێشی ناکا بەسەریا بڕواو بپەڕێتەوە. هەروەها لەو زەمانەدا جولەکە ناویان بە کولگیر بەوردە والافروش دی بەدی دەرچوبو بۆیە جاری لە جاران جولەکەیەك بەوردە واڵە کەیەوە لەگەڵ کاروان بەسەر سەهوولبەندەکەدا ئەپەرێتەوە پاشی پەرینەوە زەلامێك ئەیەوی قەشمەری و گالتە بە جولەکەکە بکا بۆیە رووی تێ ئەکاو دەڵێت:

تو ئەزانی کاتی بەسەر سەهوولبەندەکەدا ئەرویشتی ئەگەر بهاتایە سەهوولەکە بشکایە تو نقووم ئەبوی و ئەخنکای ئەوسا قوڕ بەسەر چیت ئەکرد؟. جولەکە بەبیستنی ئەم قسەیە یەکسەر ورە بەرئەدا و زراوی ئەچی گورج لە جێگای خۆیدا بەلادا دیی[illegible]گیانی دەرئەچی کە لە ویدا دەست وبرد گۆڕێکی بو هەلئەکنن و ئەینێژن کە لە دواییدا ئەو گۆڕە بەناوی گۆڕی جولەکەوە ناوبانگی دەر ئەچی کە لە ئەنجام دا ئەم رووداوە ئەبیت بە دیاردەیەکی گرنگ وە تایبەتی وەکو پەندی لە ناو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان.. بلاو ئەبیتەوە وەجیگەی دیاری کراوی لە دل و دەروونی خەلکیدا ئەکاتەوە سەرچاوەکان.


1 - ڕۆژنامەی ژیان 505 سالی 1936.
2 - ملامح من التاریخ القدیم لیهود العراق احمد سوسە.
3 - گوڤاری گەلاوێژ ژمارەی 11/12 سالی (3) 1942.
4 - گەنجینەی مەردان یادداشتی زیوەر کە محەمەدی ملا کریم بە چاپی گەیاندوە.

# خوێنەری خۆشەویست..

لە یادی (17) ساڵەی تەمەنی درێژی گۆڤاری بەیانی پڕشکۆدا شایانە گەرمترین پیروزبایی لەخۆمان و لەخوێنەران بکەم و بەم بۆنەیەوە چەند وشەیەکی پێویست ئاراستەی خوێنەرانی ئازیزی بکەم. وە لە کانگای دڵەوە ئاواتی سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ گۆڤارەکە بخوازم تاکو هەمیشە گەشاوەو رازاوە بێت لە سایەی عیراقی خۆشەویست و شۆڕشی 17 ـ 30ی تەمووزی بەرزو بەرێزدا.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەو راستەقینەیە دەست نیشان بکەین کە وەکو رۆژ بە ئاسمانەوە گەشدارە. ئەویش ئەوەیە کە گۆڤاری بەیان نوبەری بەخششی شۆڕش و ـ نۆنوخشەی بەرهەمی زۆرو فراوانی شۆڕشە بۆ رۆشنبیریو ئەدەبی گەلی کوردمان. ئەوبوو کە یەکەم ژمارەی لەتشرینی دووەمی ساڵی 1969دا هاتە دی دەرچوونی گۆڤاریکی ـ رەنگاو رەنگ و بەنرخ و قەشەنگ و هێژای کوردی لەو سەردم و دەورەدا کە چەندەها ساڵ بوو رۆژنامەگەری بەڵکو ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی بەگشتی تووشی نەهامەتیو سستی هاتبوو. چاوی خوێنەرانی رۆشن کردەوەو گوڕوگەرمییەکی بێ هەمتای بەهیوای نووسەران بەخشیو موژدەی دوارۆژێکی گەشی بەناو خەڵکا راگەیاند.

لە راستیدا بەردەوامی گۆڤاری بەیان لە گەشەکردن و مانەوەدا راستی بەڵێن و وەفاداری شۆڕش پیشان ئەدا بەرامبەر بەبووژانەوەو پێگەیاندنی ئەدەب و کەلەپووری کوردیمان.

خاڵی دووەم کە حەز ئەکەم لەم پێشەکییە کورتەدا دەست نیشانی بکەم ئەوەیە کە ساڵی 1970 تەنیا (3) ژمارەو ساڵی 1971 (1) ژمارەو ساڵی 1972 (2) ژمارەو ساڵی 1973 (4) ژمارە لەم گۆڤارە کورییە دەرچووە کە چی لە ساڵانی 1974 بەولاوە تا ئەمڕۆ هەر ساڵەی لە (6) تا (12) ژمارەی لیدەرچووە. ئەمەش هەوڵ و خوێن گەرمی کاربەدەستان و هاریکاری نووسەران و خوێنەران ئەگەیەنێت.

مایەی شانازیمە من لە ژمارە (44)ەوە بووم

## مصلح جەلالی

بەسەرپەرشتکاری گشتی گۆڤارکە لەوساوە تا ئێستا پەیوەندیم بەم بەرهەمە نازدارەوە نەپچڕاوەو چی لەتوانامدا بوویێت بۆ پێش خستنی ئاستی بەیان و زیادەخزمەتی وشەی سەرفرازی کوردی دریغیمان لێ نەکردووە. وناچارین هەمیشەبەشوێن ئەوەدا عەوداڵین کە بیگەیێنینە لووتکەی بەرزی. بەپێی ئەو نەخشەیەی لەم دواییەدا دیاریمان کردووە هەوڵ ئەدەین گۆڤارەکانمان رێژەوی تایبەتی خۆیان وەربگرن بۆیە بەئومێدی ئەوەین (بەیان) لە ـ بواری پسپۆری ئەدەبیو ریچکەی تایبەتی خۆیدا دەق بگرێت و لەلایەن دەرچوونی مانگانەو بەرێکوپێکییەوە لەلایەن ناوەرۆکی پێشکەوتوخوازو مرۆڤپەروەرییەوەو لە لایەن روخساری جوان و رەنگینییەوە هەنگاوی باڵاتر بهاوێت و ببێتە نموونەیەکی گەش و بەهرەمەند.

**خوێنەری خۆشەویست:**

وا 17 ساڵە (بەیان) مەیدانی نوێ کردنەوەو نوێخوازیو ئەدەبی پێشکەوتووەو تۆماری شیعرو چیرۆك و شانۆیی نووسەرانی کوردە هەروەکو پەنجەرەیەکیش لە رۆشنبیریو ئەدەبی گەلاندا کردوتەوەو نموونەی جوانی لێ هەڵبژاردوون. (بەیان) بە ووتارو رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو بەباسی مێژووی کوردو زیندووکردنەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردی شانازی دەکات. هەمیشە سنگی خۆی کردوتەوە بۆ هەموو خاوەن قەڵەمێکی بەهرەدارو خاوەن سەلیقەو پێگەیشتوو.

لە رۆژانیکیشا کە عیراقی خۆشەویستمان کەوتە بەرمەترسی لێشاوی کۆنەپەرستانی قوم و تەهران پێویستی بەرگریکردن لە خاکی نیشتماندا خۆی بەسەرگشت رۆڵە بەشەرفەکانی عیراقدا سەپاند. گۆڤاری (بەیان) لە ئەدەبی جەنگ و نەمری قادسییەی صدام دا بازووی لێ هەڵ ماڵیوتوانی جوانترین بەرهەمی نووسەرانی کورد پێشکەش بکات.

ئیتر سلاوو رێزوئاواتی گەش بۆ ووشەی پاکی کوردیو گۆڤاری بەیانی ئازیز.

## دەربارەی سەرەتای نوخشەی دەرچوونی گۆڤاری (بەیان)




**دکتۆر (اکرم فاضل) ئەم بیرەوەری و پیرۆزبایی یەی بۆ ناردوین:**

ساڵێك پێش 1970 یەكێك لەفەرمانبەرانی وەزارەتی كشت و كاڵ لەگەڵما گفتوگۆی كردو پێی ووتم كەوەها وەزارەتەكە دەیەوێت گۆڤارێك بەكوردی بلاویكاتەوە بەچەشنێك ئەوان ـ واتە وەزارەتی كشت وكاڵ ـ بابەت و ناوەرۆكی گۆڤارەكە ئامادە ئەكەن و وەزارەتی راگەیاندن ئەركی چاپدان و بلاوكردنەوەی ئەگرێتە ئەستۆ، منیش ئەم داخوازی یەم بەوەزیر گەیاند ئەویش وای بەچاك زانی كە وەزارەتی راگەیاندن خۆی كاروباری دەركردنی گۆڤارەكە بگرێتە ئەستۆ، ئەمە جێبەجێ كرا..

لەپێشدا ناوی (بەغداد) بۆ گۆڤارەكە هەڵبژێردراو فەرمانبەرێكی كورد لەئێستگەوە بۆی هێنراو سەرۆكی نووسینی گۆڤارەكەم پێ سپێردرا ـ سەرەرای ئەوەی كوردی نازانم ـ چونكە وەزارەت باوەڕی پێم هەبوو لاكەی تریش منی بەدڵ بوو. ئەو فەرمانبەرەی لەئێستگەوە بۆی هێنرابوو پێشنیازی كرد ناوی گۆڤارەكە بنرێ (بەیان) وەزارەتیش ئەمەی قبووڵ كرد. چەند ژمارەیەك لەگۆڤارەكە دەرچوو، لەوەزارەت داوام كرد بابەتی ناو گۆڤارەكە هەموو كوردی بن لەباسی زانست و ئەدەبەوە تافۆلكلۆری تێدابێت و ونووسەرانی گۆڤارەكەش كوردبن. بەڵێنم بەخۆم دا لەخۆمەوە ووشەیەك لەم گۆڤارە بلاونەكەمەوە، هەروەها داوام كرد (لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی) وێنەو ووشەی هیچ لێپرسراوێ لەناو ئەم گۆڤارەدا بلاونەكرێتەوە تاوەكو گۆڤارەكە بێتە گۆڤارێكی كورد لە هەموو كاروباردا ـ ئەمە بەپێی ئەو هەل و مەرجەی ئەوسەردەمە ـ.

كاتێك بۆم دەركەوت ئەو فەرمانبەرەی كە لەئێستگەوە هێنراوە ناتوانێت كاروباری ئەم گۆڤارە بەرێوەرێت داوام كرد بگۆردرێت، ئەوەبوو مامۆستا مصطفی نەریمان هەڵبژێردرا ـ كەپشكنێربوو لەوەزارەتی پەروەردە ـ زۆر بەباشی كاروباری گۆڤارەكەی جێبەجێ ئەكرد. یا ساڵی 1975 یان لەوەپێشتر بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری كوردی داوای گۆڤارەكەی لێ كردم منیش لێی كشامەوە چونكە ئەو شوێنە جێی شیاوی خۆیەتی..

.. ئیتر لەیادو بیرەوەری باش بەولاوە هیچ پەیوەندی یەكی ترم بە گۆڤارەكەوە نەماوەتەوە.

○ دكتۆر أكرم فاضل ○

# گۆڤاری بەیان و

## گۆشەیەکی بیرەوەریم



**کاکەی فەللاح**

هەر کە لە دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەوە داوام لیْ‌کرا شتێـك دەربـارەی گۆڤـاری (بـەیـان)و بیرەوەری‌یەکانم بنووسم کە بۆ ماوەی سالیك 74 ـ 975 یەکێك بووم لە بەرێوە بەران و بنەماڵەی ئەو گۆڤارە، لەیادی ئەمجارەیدا. بمەویْ‌و نەمەویْ، لەبەر شەپۆلی بیرەوەریدا، مرۆڤ تاس ئەیباتەوەو لەم بوارانەدا ناچارە خۆی بۆ هێزێکی نەهێنی‌و تارادەیـەك تەلیسماوی شل بکـات و وردە وردە، بکشێنەوە بۆ دواوەو ئەوەندەی بتوانیْ تاڵە دەزوە ئاڵۆزاوەکانی بیرەوەری‌یە چرو پرەکان کەمێك جیاو یەکالاّ بکاتەوەو دیسان کەمێکی تریش خولیـاو ئارەزووی ئەم چەشنـە باس و مەبەستانە رابین و بیْ‌دەنگ بکات.

سەرەتای بیرەوەری‌و کارولیْ‌پرسینەوەی گۆڤاری (بەیان)م دەگەرێنـەوە بۆ وەلاّمـدانـەوەی ئەو پرسیـارانەی کە مامۆستا (جەمال بابان)ی نووسەر ئاراستەی کردبوم دەربارەی ژیانی ئەدەبی‌و رۆشنبیریم، بەنیـازی ئەوەی لەگـەڵ نووسـەران و شاعیـرانی دیکـەدا، بیکـات بەپرۆژەی کتێبێکی خۆی ئەو سەردەمـە مامۆستـای ناوبـراو کرابـوو بەبـەرێوە بەری ئەو دەزگـایـە، منیش ئەو سەردەمـە خاوەن ئیمتیـازی رۆژنـامەی (ژین) بووم لە سلێمانی، بەلاّم لەبەر ئاوو هەوای ئاڵۆزی ئەو کاتە دوای چوار ساڵ دەرکردنی رێکوپێکی رۆژنامەکە، دەرکـردنی رۆژنـامـەکـەم وەستـاندبوو، بۆ ئەوەی نەبێت بە کوتـەکی دەستی هیـچ لایـەك و بیْ‌گـەردی‌و نیـاز پاکیەکەی نەشێوێنت، بەم پیْ‌یەو، لەبەر ئەوەش کە لە گەرمەی ژیانی رۆژنـامـەگـەری‌و سەرقـاڵی‌ی سەرومری (ژین)ەوە لەژێر خواست و سووربوونی ناوبراودا، پاش ئەوەی کە وەك وتم

رۆژنـامـەکـەمم. وەستـاندبوو، بریارم دا روویکەمە بەغداو دوای مامۆستا جەمال بابانی بەرێوو بەر دوەم مووچەخۆری ئەو دەزگایە بووم کە ئەوسا دائیرەکەمان لە هۆلێکی گەورەی وەزارەتی رۆشنبیـری‌و راگـەیـانـدنـدابـوو. . . بەو هۆیـەوە ئاگادارو بەشداری هەموو کارە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی دەزگـاکـەم، وەك ناو نانی ئەو بەرێـوەبـەرێتی یەبە (دەزگای رۆشنبیـری‌و بلاوکـردنـەوەی کوردی)، ئەگـەرچی من رام لەسەر ئەوە بوو لە بریتی وشەی (دان). (مەڵبەند) بێت نەك (دەزگـا)، کـە وشـەیـەکی پیشـەیی‌و تەسکـە، لەگـەڵ سەرپـەرشتی پرسیارو تاقی‌کـردنـەوەو دامـەزراندنی زۆر لە دەرچـووەکـانی بەشی کوردی‌ی کولیجی ئادابی ئەو ساڵـە، کە ئیستاش زۆریان لەو دەزگایەدا بەردەوامن لەسەر خزمەتی زمـان و ئەدەب و ژیـانی رۆژنـامـەگەری‌ی کوردی. . جگە لەوەش، لەپاڵ بەرێوەبردنی رۆژنامەی (هاوکاری)دا، کرام بەئـەندامی لیژنـەی گۆڤـاری (بـەیان)، بۆ ماوەی نزیکی ساڵێـك مامۆستـایـان جەمال بابان و مستەفا نەریمان و من بەرێوەبەرو لیْ‌پرسراوی ئەو گۆڤارە بووین، لەسەر دەمێکی هەتـا بلْیْ‌ی ناسـك و تووشـدا. . بۆ حەق و ئینسـاف و مێـژووی رۆژنـامەگەری دەیلێم کات وسەردەمێکی خۆش و بەخـزمـەت و دیموکراتیانەمان لە گەڵ ئەو گۆڤارەو نووسین و ناوەرۆك و نووسـەرەکـانیـدا بەسەربرد، بەو پەری دلسۆزی‌و خۆشـەویـستـی‌و مانـدوو بوون و هەسـت کردن بە لیْ‌پرسینەوەوە، لەسـەر بنچینـەیەکی رێـك و پێـك، هەر

کەرەسەو بابەت و نووسینێکمان بۆ بهاتایە بۆ ئەو گۆڤارە لەپێشا من، سەبارەت بەوەی کە نیمچە تەرخانێك بووم بۆی، بەوردی بێلایەنگیری تەماشام دەکردو بریاری خۆم بەنووسین، بە (ئا)یان بە (نا)، لەسەر دەنووسی و ئیمزام دەکردو ئنجا دوو براکەیتر لە نۆرەی خۆیاندا رای خۆیان لەسەردەداو بەپێی زۆرو کەمی دەنگ بلاودەکرایەوە، یان پشت گوێدەخرا.

جارجاریش، بەپێی پێویستی و گروگرفت و لێدوانی پێشنیارو پەسندکردنی رێگای دروست بۆ چارەسەرکردنی تەنگە و چەلەمەو پێشخستنی گۆڤارەکە، کۆبوونەوەی خەست و خاوەن پروگرامێ...ن سازدەکردو ئەنجامی بەرێو جێو دیاریان بەدەستەوە دەدا.

ئەوەندەی من بزانم نەك لەبەر ئەوەی یەکێك بووم لە لێپرسراوانی ئەو سالەی گۆڤاری (بەیان)، بەلکوو بۆ حەقیقەت و مێژوو دەلێم، گۆڤارەکە، لەو بارو دۆخەی ئەوساشدا، لەو ماوەیەدا توانی ئەرکی پێ زانراوی خۆی بەجێ بگەیەنێت و ئێمەش هەر سێکمان تا رادەیەکی باش سەربەست و گونجاو ئامادەی ئەرکە رۆژنامەگەرییە پیرۆزەکە بووین.

دیاردەیەکی تریش، کە من لە رۆژنامەی (ژین)ی لەمەر خۆمەوە بردبووم، ئەوە بوو کە ناوی هیچ خاوەن بەرهەم و نووسینێکمان لە پۆستەی خوینەراندا بلاونەدەکردەوە تەنها سەردێر (عینوان)ی نووسینەکانمان دەنووسی و بلاو دەکردەوەو لە ئەستۆی من بوو. ئەممان کرد بەرەو شتێکی چەسپاوی گۆڤارەکەو تارادەیەکی زۆریش لە جیهانی رۆژنامەگەری کوردیدا ئەم رێرەوە سەری گرت و چەسپا.

جگە لە کۆبوونەوەی لیژنەی سەرەکی بەرێوەبردنی گۆڤارەکە زۆر جار لە ژووری (بەیان)دا کۆرو کۆبوونەوەووت و وێژی گەرم لەگەل ئەم نووسەر یان ئەو شاعیرو ئەم چیرۆکنووس و ئەو لێکۆلەرەو رۆشنبیردا کراوە، هەر یەکەیان لە ژیانی رۆژنامەگەری و رەوتی گۆڤارەکەداو، رێبازی ئەو دەزگایەدا جیگا دەستی دیارەو جێی شانازیمان بوون.

# حەڤدە مۆم بۆ بەهەشتی بەیانی



● طاهر صالح سعید ●

لەبری ئەوەی حەڤدە مۆم بکوژێنینەوە حەڤدە چەپکە گولمان بەست لەژووره چکۆلەکەی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردیدا بەدیار تیشکی حەڤدە مۆمەوە دانیشتین ئەوجا رووی گەشی - بەیان - مان ماچ کرد.

ووتمان: جەژنت پیرۆزو یادو بیرەوەریت پیرۆز تر..

حەڤدە سال ژیان بەسەربردن لەگەل ووشەدا بەشێکە لە مەزنێتی‌یە گەورەکەی کاروانی فرە رێگاو یەك مەنزلی ژیان.. چونکە ووشەو بیرکردنەوەی رەسەن لە هەر کوێیەك بێت نەمری خوی دەپارێزێ.

- بەیان - ی ئازیزیش بەدرێژایی ئەم تەمەنەی هەمیشە مینبەری دەنگی رۆشنبیرانی کورد بووە گەلێ جاریش دەستی دەنگە ساواکانی گرتووە بۆپێگەیاندن و گۆش کردنیان هەر بەو مەبەستەش لەبری - بەیان - خۆی رومان کردە چەند برادەرێکی دێرینەیی و داوای بیرەوەری و پێشنیایان لێکردن.. مامۆستای ئەدیب «دلشادمەریوانی»ووتی: گۆڤاری «بەیان» سالەهایە کەم یان زۆر لەبواری ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا رۆلی خۆی دیوە لەم سالانەی دواییدا لەلایەن دەزگاکەیەوە کۆششێکی شیاوکرا بۆ پێشخستن و تەخەسوس پێکردنی، کە گۆڤارەکە تایبەت بێ بەبەرهەمی ئەدەبی. ئەم هەنگاوە هوشیارانە یە بۆ ئەوە نرا - بەبروای من - کە گۆڤارەکە ببێتەمینبەرێکی ئەدەبی بۆئەدیب و نووسەری کورد. واتە پێویست بوو دوای ئەو هەنگاوەی بەیان هەنگاوی دووەم لەلایەن ئەدیبان و

نووسەرانی کوردەوە بنرایە بەناردنی بەرهەمی ئەدەبی چاك و بەپێز، چونکە لەم قۆناغەدا کە هەموو گۆڤارە کوردیەکان لەژمارەی پەنجەی دەستێك تێناپەڕن، ـ بەیان ـ وەك گۆڤارێکی ئەدەبی موتەخەسیس دەستکەوتێکی کەم نی‌یە بەدەست ئەدیب و نووسەرو ڕوناکبیرو خوێنەری کوردەوە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی فەرزدەکا: ئایا بۆ گۆڤاری ـ بەیان ـ هەتا ئێستا لە ئاستی‌خەون و خۆزگەمان دانی‌یە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ـ بەڕای‌خۆم ـ دەڵێم:

1 ـ کەم تەرخەمی هەندێك لە کارگوزارانی گۆڤارەکە لەلاکردنەوە لە ئەدیب و نووسەری ناسراو. سەرەڕای ئەوە دواخستنی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی دەینێرن.

2 ـ زۆری هەڵەی‌چاپ کەوا لەهەندێك نووسەری خاوەن ئاست دەکەن ئەو هەڵانە بەگوێ پێ نەدانی کارگوزەران بزانن لەئاستی ئەوان، بۆیە ئیتر واز لە مامەڵەکردنی گۆڤارەکە دەهێنن..

3 ـ زوو زوو ئاڵ و گۆڕکردن بەسکرتێری نووسینی گۆڤارەکەو هەندێك لەنووسەرانی کە ئەمە وادەکا، لەو دەستی‌یەدا بەرهەمی زۆرکەس بفەوتێ یان سکرتێری گوێزراوە نەیداتەدەست سکرتێری نوێ. دەشێ‌وێنەی تری ئەو بەرهەمەش لای خاوەنەکەی نەبێ بەمە: ئەدیبان و نووسەران حەزەردەکەن لەگەڵ گۆڤارێکی ئەرشیف نار زامن دا

لەکاتێکدا گەر ئەو کەم وکورتی‌یانە چاربکرێن. ئەوا «بەیان» بەو بابەتە پوخت و بەهێزانە تیای‌دا بڵاودەبێتەوە، دەبێتە سەرچاوەیێك بۆ جم وجۆڵ هێنانە بە ـ گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» چونکە بابەتی ئەدەبی‌ی چاك و پێشکەوتوو ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی ئەدەب دەبزوێنن بۆ لەسەر نووسینیان. دیارە ئەو بابەتانەش ڕوودەکەنە ـ ڕۆشنبیری نوێ هەر لەبەر ئەم هۆیەشە هیوام وایە لێپرسراوانی دەزگاکە گرنگی‌یەکی تایبەت بەر بەیان بدەن. چونکە هەر فەرتەنەو کێشەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری‌کە ـ بەیان ـ دەیێتەوە دوای خۆی کورد ووتەنی: ڕیشی ـ ڕۆشنبیری‌نوێ ـ دەگرێتەوەو ئەوی پێ بەهێزو پڕ بابەتی چاك و پوخت دەبێ واتە ـ بەیان ـ دەتوانێ کاربکاتە سەر چاك بوونی ئاستی ـ ڕۆشنبیری نوێ ـ ش.. لەدوا ووتەم دا دەڵێم: ئەو سەرنج و پێشنیارانەی کردوومن گەرچی جێ‌بەجێ‌کردنیان هەروا ئاسان نی‌یە، بەڵام لەدەست دەزگاکە دێ‌و هیوادارم ـ بەیان ـ مان بۆ بگەیەنێتە ـ کە هیچ نەبێ ـ نزیك ئاستی کاشکاو خۆزگەکانمان. داوای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بۆ دەکەم.

پاش ئەو مامۆستای هێژاو ناسراومان کاکەی فەللاح ووتی:

لەو ڕۆژەوەی گۆڤاری «بەیان» چاوی بە دنیا پان و بەرینەکەی ئەدەب و ڕۆشن بیری کوردی‌دا هەڵهێناوە. ڕۆڵی دیارو ئاشکرای خۆی لە مەیدانی بایەخ پێ‌دان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی‌دا بینیوە. بۆیە ئەدیبان و نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی ئەو گۆڤارە هەمیشە بەدەنگی‌یەوە چوون و هاوکاریان لە تەك دا کردووەو بەتەنگی‌یەوە هاتوون. هەوڵی سەرخستن و پێش خستنیان داوە، شوێن و جێگای تایبەتی لە دڵ و دەروونیان دا بووە.

جا بۆ ئەوەی گۆڤارێکی‌وا لە باریدا بێت وەك پێویست بە ئەرکەکانی سەر شانی هەستێت و، دیسان بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارە قەشەنگ ترو ڕازاوەترو بەسوودتر بگا بە دەستی خوێنەرانی. پێویستە هانی هەموو خاوەن قەڵەمێکی پاك و بێ‌گەردو ڕەسەن و دڵسۆز بدرێت تا زیاتر لە دەوری کۆبینەوە. چونکە گومان لەوەدا نی‌یە کە هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیەك ناتوانێت بەئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت گەر یارمەتی‌و هاوکاری لەگەڵ دا نەبێت. هەرواش پێویستە پەرە بە لاپەڕەکانی بدرێت و لەهەڵەو ناتەواوی بپارێزرێت.

لە دووایش داو لەیادی شانزەساڵەی تەمەنی «بەیان»دا چەپکە گوڵی ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئەو گۆڤارەو، بۆ هەموو ئەو ئەدیب و نووسەرانەی تاریکی لەبەر دەم میللەت دا ڕۆشن دەکەن و، لەپێناو پێش خستن و پێش کەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەم گەلە خۆگرەدا دەسووتێن.




# بەراوردێك نێوان بەیانی ئەوساو بەیانی ئێستامان

○ مصطفی نەریمان ○

گۆڤاری (گەلاوێژ 1939 ـ 1949) تەمەن درێژترین گۆڤاری کوردیمانە، گۆڤارەکانی ترمان هیچ کامیان لە پێنج شەش ساڵ بەولاوە تەمـەنیـان نەکـردووەو هەر بە ساوایی سەریان ناوەتەوەو چاویان لێك ناوە.

ساڵ رۆیی و ساڵ هات ئاشتی باڵی کێشایە سەرکوردستان، لەبەرەبەیانی ئاشتیدا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسۆوە سەری دەرهێناو ناوی (بەیان)ی بۆ هەڵبژێردرا، پێی و قدومی هەر لەسەرەتاوە خێربوو، بەیان لەتشرینی دووەمی 1969 دەرچوو ژمارە دووی کەوتە شوباتی 1970 دوابەدوای ئەو بەیانی یانزدەی ئادار بڵاوبووەوەو لە ژمارەکانی دواییدا خۆی نواندو رەنگی دایەوە، هیوای رۆشنبیران لەو هەل و مەرجە بە (بەیان) بوو پشتیان گرت و لەدەوری کۆبونەوە، بەڵام دەزگای ئەو حەلەی پێی ی نەکرا لەو هەل و مەرجە شۆرشگێرییە کەڵك وەربگرێ لەسێ ساڵدا هەشت ژمارەی بۆ بڵاوکرایەوە، بەرێوەبەری گۆڤار نووسەرو دۆستێکی عەرەبمان بوو ئەویش (دکتور ئەکرەم فاضلە) داوای لێ کردم کاروباری ئەو گۆڤارە بگرمە ئەستۆ تا بکەوێتە گرو تەوژم بچێتە ماسولکەکانیەوە، منیش بەدەنگیەوە هاتم لەژمارە (9)ی ساڵی 1973 بوومە سکرتێری نووسین، دەزگای (بەیان)ی ئەو سەردەمە دکتور

ئەكرەم و من بووین، دكتۆر ووشەیەك چی‌یە كوردی نازانی‌و دڵسۆزی ووشەی كوردی‌یەو خۆیشی لەوەزارەت گۆڤاریكی فەرەنسی‌و كاروباری‌تری دەربردەرێوە، واتە هەر خۆم و خۆم بووم، كەرەستـەم كۆتـەكـردەوە، ئەچـوومـە چاپخـانـە، تصحیحم ئەكـرد، كەتـەواوئـەبـوو ژمـارەكـانم وەرئەگرت و ئەم هێنایە وەزارەت لەوێ ئەوی بۆ دەرەوەی بەغداد چی‌بوایە ئەمنارد، خواهەقە كاك (محمد عارف)یش هاتە دەنگمانەوە تصمیمی گرتە ئەستۆ، بائەوەش بڵێم ئەوسا من لەوەزارەتی پەروەردە پشكنێـربـووم رۆژی نەرۆژی یەك دوو سەعـات ئەچـوومـە وەزارەتی راگەیاندن و هەربەرێی چاپخانەوەبووم بەم حاڵـە بەتـاقی‌تـەنـهـا پێنـج ژمـارەم لەسـاڵانی (1973و1974) دەركـرد، دەزگـای هاوكاری دانرا مامۆستا جەمـال بابـان هەوڵی‌دا گۆڤـاری (بـەیـان) گوێـزرایـەوە ئەو دەزگـایـە، خۆی‌بـوویـە سەرنـووسـەر، بەم حاڵەش پێكەوە لەساڵانی (1974 ـ 1975) یانزدە ژمارەمان دەركردو هەر بەسكـرتێـری مامەوە، لەوساڵەدا یەك لەسەریەك مامۆستایان (كاكەی فەللاح و خوالێ‌خۆشبو محرەم محمد ئەمین) بوون بەنـووسـەر لەبـەیاندا خۆیشم هەرمامەوەو كاك محرەم بوویە سكـرتێـر بەوحـاڵە لەساڵانی (1975 ـ 1976) ژمارەكانی (26) تا (35) مان پێكەوە دەركرد، بەسەریەكەوە لەساڵانی (1973 ـ 1976) لە بیـسـت و شەش ژمـارەی بەیـان كارم كردوەو دەورم گێراوەو ئیتر پەیوەندیم نەما، بەڵام وەك نووسەرێك پشتیگری هەموو رۆژنامەو گۆڤارە كوردی‌یەكانم.

لەم دوایی‌یـەشـدا پاش دەساڵ واتە لەساڵی (1984)وە داوام لێ‌كـرا بگـەرێمـەوە ناو (بـەیـان) هیـچ یەك ودووم لێ‌نـەكـردو قەڵـەمبـازێكی پیرانەم بۆداو ئەمە شەش حەوت ژمارەیەكە وەك نووسەرێك كاری تیادا ئەكەم.

بەیانی ئێستـا واتـە بەیـانی ساڵانی هەشتاكان، لەگەڵ بەیانی ئەوسا واتە بەیانی ساڵانی نیوەی یەكەمی هەفتاكان فەرق و جیوازی‌یەكی زۆری هەیە.

ئەوسا دوو سێ كەس ئەم گۆڤـارەیـان بەرێوە ئەبرد ئێـسـتـا شەش حەوت نووسـەرو دووسێ مصـحـح و دووهونەرمەند كاری تێدائەكەن، ئەوسا ژمارەی لاپەرەكانی نێـوان (32 تا 48) بوو ئێـسـتـا خۆی لە نەوەت و سەد لاپـەرەئـەدا ئەوسـا سێ چوارهەزاری لێ چاپ ئەكرا ئێستا دەدوانـزدە هەزاری لێ‌چـاپ ئەكـرێ، ئەوسـا مزی نووسەر پێنج شەش دیناربوو ئێستا لە دەپانزدەش تێ‌پەریوەو هەندێ جار ئەگـاتـە سی‌و چل دینارێـك، بەڵێ ساڵی 1974 نۆ ژمـارە لەبـەیـان دەرچوو ساڵی 1975 دوانزدە ژمارەی تەواو ئیتر لەوەپێش و لەوەوپاش تا هەشتاو سێش دوانزدە ژمارەی لەسـاڵێكـدا پڕ نەكـردوەتەوە بەڵام لەم دووساڵەدا ژمارەكانی ساڵانـەی دوانـزدەیـەو مانگی ژمـارەیـەكی تێرو تەسـەلی لێ‌دەرئـەچێت، قسـەی خۆمـان بێت ئەوسـا بەیـان وەك چێشتی مجێـور یان كەشكـۆلی دەروێش وەهـابـوو هەمـوو بابـەتێكی ئەگـرتـەخـۆی ئەمە شیعرەوئەوە چیرۆك ئەویتریان باسی كشت وكاڵ ئەكات و لێكۆڵینەوەو مێژ وو سەرگوزەشتەو هەمـوو بابـەتێكی تێـدابوو، بەڵام ئەمە سێ‌ساڵە لەخزمەتی ئەدەبـدا خۆی گرتـوەتـەوە پسپـۆرە بۆ ئەدەب بەهـەموو لق و پۆپەكانیەوەو بەس.

بەڵێ ئەوسا بەرێوەبەرانی بەیان بە ژمارەكەم بوون بەڵام كوڕی ئەدەب و لەزەمینـەی نووسین و ئەدەبـەوە چاویـان هەڵ هێنـابـوو (جـەمـال بابـان، محـرەم محمـد ئەمین، كاكـەی‌فـەلـلاح، لەتـیـف هەڵـمـەت، صلاح شوان) هەریـەكـەیـان ناسـراوێـك بوون لە دنیـای ئەدەبداو خاوەن عەزم و جەزم و توانـابـوون ئێستـا ئەوەی تێدایە ئەوانەی لەم گۆڤارە كارئەكەن جگە لە بەشێك لە ناوەكانی سەرگۆڤارەكە ئەویتـریـان تازە لەنـاو تەختـایی ئەدەبـدا خەریكن ئەسپی خۆیان تاوبدەن، لەگەڵ ئەمەشدا چست و چالاكی‌یان پێوە دیارە، دڵسۆزی‌یان لێ‌ئەبارێت تا ئەم جۆرە دڵسۆزی‌یەش ئەگەر هەمیشەیی بێت پاڵ ئەنێتە مرۆڤەوەو وای‌لێ‌ئەكات كە شەوبـداتـە دەم رۆژەوە تاوەكـو شتی نوێتربخاتەكایەوە خۆ بنیـادەم هونـەری لەسك دایكـەوە نەهێناوە چاوی هەڵیناوەو هەوڵی‌داوەو فێربوەو زیاتر فێربوەتا ناوبانگی بلاوبوەتەوە.

بەبۆنەی لەدایك بوونی گۆڤاری «بەیان»



# ووشەی پیرۆز لە خزمەتی رۆشنبیری کوردی دا

○ یاسین طە ○

● دەرچوونی گۆڤارە خنجیلانەکەی ـ بەیان ـ بەرووداوێکی گەورەی ڕۆژنامەگەریو ڕۆشنبیری کوردی دائەندرێت، کە زۆرترین نووسەرو رۆشنبیرو شاعیروچیرۆك نووسی لە دەوری خۆیداکۆکردەوە، وەکو هەنگاوێکی دیاری بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی.

لاپەڕە ڕەنگینەکانی گۆڤاری ـ بەیان ـ هەر لە یەکەم ژمارەیەوە تا ئەمرۆ والاّ بووە بۆ خامە پاکەکانی کورد، بەڵکو بووە تیشکێکی ئاشکرا لە بەردەم کەلەپووری کوردیو مەیدانێکی فراوان بۆ بلاّوکردنەوەی بەرهەمی فیکری.



ئەگـەر بێت و بەم تەمـەنـەی گۆڤـاری ـ بەیـان ـ دا بچینەوە کە یەکەم هەنگاوی لە 1969 ەوە دەست پێ دەکـات، بەتـەواوی هەست بەم ئەرکـە پیرۆزە دەکەین کە لەم چەند ساڵەی تەمەنیدا توانیویەتی بەئەنجامی بگەیەنێت.

ـ بەیـان ـ ی نازدار، بەرهـەمی لاوانی گەیـانـدۆتـە خوێنـەران، گەلێـك دەنگی بەخـوێنـەران نـاسـاندووە، لەپـاڵ چیرۆکی نوێو رەخنـەی زانستی دوور لە رقی کەسـایـەتـیو شیـعـری تەرو پاراوی کوردی کە لە ژمارەکانی گۆڤاری ـ بەیان ـ ئەدرەوشێتەوە.

● ئەوەی هەستی پێ دەکـرێت ئەو رێـبازەیـە کە ـ بەیـان ـ گرتـوویـەتی‌یـە بەر ،واتە رێبازی ئەدەبی، کە بێ‌گومان رێبازێکی پسپۆری تەواوە لە خزمەتی ئەم لایەنەدا.

یەکێـك لە خاڵـە هەرە گرینگـەکـانیش ئەوەیە کە ـ بەیـان ـ لە ئەنجـامی ئەم هەنگـاوانـەی کە ناویـەتی، خۆی بە تەواوی لەدڵی خوێنـەران نزیـك کردوتـەوە، تەنانەت ئێستا ژمارەی. خوێنەرانی گۆڤارە کە بەتەواوی لە زیاد بووندایەو خەڵك بە تاسەوە چاوەڕوانی هاتن و پێشوازی‌کردنی ژمارەی تازەیە.

رێـك وپێکی دەرچـوونی ئەم گۆڤـارە بەلایـەنێکی زیندوو دائەندرێ، چونکە کاتی دەرچوونی هەر گۆڤارو رۆژنـامـەیـەك بەکـارێکی گرینگ دائەندرێت لە رووی بەردەوام بوونی ژمارەی خوێنەران و رەواجی ئەو گۆڤارو رۆژنامەیە.

ئەمـرۆ لە هەمـوو سووچێکی کوردستـان ،بـەیـان، دەخرێتە بەر باخەڵی کچ و کوڕانی کوردەوە، دەکەوێتە جانتـای رۆشنبیـرانـەوە، ئەمـەش جوانترین دیارییەکی خنجیـلانـەی دەزگـای روشنبیـریو بڵاوکـردنـەوەی کوردی‌یــە بۆ خوێنــەران کە هەمـوولایـەك باوەشی بۆ دەکـەونـەوە ـ یادی لەدایك بوونی ئەم گۆڤـارە ئازیـزە، یادی لە دایك بوونی چەپکە شلێرەیە کە بۆنی بڵاوە لە ناو هەمـوومـانـدا، یادی لەدایـك بوونی ئەستێـرەیەکی پرشنگدارە، لە ـ ئاسمانی رۆژنامەگەری کوردی‌دا کە رۆژ بە رۆژ رووی رووونـاکی دەگـەشێـتـەوە. لە یادی لەدایــك بوونی ئەم خونچـە ـ گەشـە، پیـرۆزبـایی لە خۆمان و لە کارگێرانی ئەم گۆڤارە زێرینە دەکەین کە بە شەونخـونیو هیـلاکی دەیگـەیەنـە دەستمان و بە ئۆقرەو ئازاری پیرۆز لاپەڕەکانی دەکەنە سێبەری خۆشەویستی بۆ گەشانەوەی هەر ووشەیەکی راستگۆو دەیکەنە چەپکە نێرگز بۆ هەموومان.

# یادی بەیان



**صلاح محمد**
**سلێمانی 1985/11/6**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ بەسەر جەژنی لەدایك بوونی گۆڤاری ئازیز (بەیان)ی خۆشەویستدا چیم لە دەست دێت لە چەپکێ نێرگزو گوڵاڵەی هەستێکی پاك بەرامبەر ئەو گۆڤارەی کە شوێنێکی تایبەتیو باشی بۆ خۆی تەرخان کرد لە دڵی ڕۆشنبیریو کوردو کتێبخانە پیرۆزەکەیدا کە بەردەوام وەك ڕووبارێکی بێ گەرد دەرژێتە ناو دەریا شینەکەی ئەدەبومێژووەوە ئەویش بە هەوڵ و شەونخونی ئەدیبان و نوسەران و هەموو ئەو کارگێرە دڵسۆزانەی کە بەردەوام لە هەوڵداندا بوون و لە هەوڵدا نەوەستانی ئەو کاروانە پیرۆزە.

بڕوابکەن بە هەموو قەناعەتم ئەم گۆڤارەم خۆش دەوێ لەبەر ئەرکی پیرۆزیو لایەنێکیش وەك والاکردنی ئامێزی بۆ شیعرەکانم.

دەڵێم گۆڤاری بەیان نزیکترین گۆڤار بووە بە ئەزموونی شیعریمەوە، لەبەر ئەوە من وەك مرۆڤێکی ئەمەکدار ناتوانم ڕای خۆم بشارمەوە بەرامبەر هەڵوێستی بۆ شیعرەکانم، لە کاتێکا سەرەتای بڵاوکردنەوەم بووەو ئازیزەکانمی دەگرتنە باوەشی بەم دەست بەسەرا هێنانە شیعرییە زیاتر هەستم بە لێپرسراوی دەکرد بەرامبەر نوسین و بڵاوکردنەوە.

لەبەر ئەوە هەمیشە هەست دەکەم کە زۆر نزیکم بەماندووبوونی کارگێڕانیو لەناخەوە خۆشم دەوێن. تەمەنێکی درێژی سەوز هیوای گەورەمە بۆ (بەیان)ی ئازیزو حەزدەکەم هەمیشە شان لەشانی لوتکە بداو ئەستێرەی پیرۆزی ووشەی جوان جوان لە سنگیا بدرەوشێتەوە. خۆشم دەوێو حەزیش دەکەم بم بەخشێت کە بڵێم زیاتر بایەخ بەڕەخنەبداو هانی خاوەن پێنوسانی پاك بدا لەم بوارەداو جار ناجارە «دوریات»ی هەبێ بۆ شیعرو چیرۆك و شانۆنامە دواجار.

هەموو ساڵێك، گۆڤاری بەیان
بەرەو لوتکە

# ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری بەیان

- شێرزاد عبدالرحمن -

## ڕاپۆرتی هەولێر

### ● کۆڕێك بەیادی ڕەفیق چالاك ●

هەنگاوێکی پیرۆزە، کە هونەرمەندو نووسەرو مێژوو ناسانی ئێمەش، بە ڕێزو نوازشتەوە، یادیان بکرێتەوەو لەگەڵ یادەکەدا پەنجەی وەفاو خۆشەویستی بۆ ژیان و بەرهەم کۆششیان درێژبکرێ، ئەخوازەڵڵا بۆ هونەرمەندێکی وەك «ڕەفیق چالاك» کە لە زۆربەی کۆڕەکانی ژیانا هەنگاوی گەورەی ناوەو لەدوای خۆیدا ئەرشیفێکی گران بەهای بەجێهێشت..

بەیادی ئەو زاتەوە، ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر، میوانداری نووسەر «کامەران ڕەفیق»ی کرد بۆ خوێندنەوەی باسێك کە تەرخان بوو بەیادی ئەم هونەرمەندە.

کاك کامەران لە دووتوێی باسەکەیدا کە لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد خوێندیەوە، بەتێرو تەسەلی دەربارەی ژیان و بەرهەمی چەند ساڵەی پڕ کۆششی مامۆستا ڕەفیق چالاك دووا، ئەمەش بریتییە لە پێش کەش کردنی چەندان شانۆگەریو نواندن و نووسین و کارکردن لە بواری ڕۆژنامە نووسیداکە لە هەموو لایەنێك دا هەرکارامەو داهێنەر بوو، هەروەها ئەو ژیانەی کاك ڕەفیق - ی نووسەر تێیدا ژیاوەو گێڕانەوەی سەرگوزشتەو یادگارو نووسین و بیروڕاکانی لە بواری شانۆدا.

کاك کامەران لە نووسینەکەیدا وەکو دەست نیشانی کرد، متمانەی کردبووە چەندین نووسین و یادگارەکانی مامۆستای نەمر، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بەژیانیەوە هەیە، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە گفتوگۆی والا دەربارەی پێش کەش کراو ئەو ڕۆڵە فراوانەی دەربڕی کە مامۆستای نەمر لە کاروانی ڕۆشنبیری کوردیو پێشخستنیدا بینبوبەتی.










● «شاری ئەوین».. لە شاری هەولێر ●

«شاری ئەوین» ناوونیشانی ئەو شانۆگەریی‌یە بوو کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە هەولێر پێش کەشی کردو ماوەی چەند رۆژێك بەردەوام بوو.

ئەم شانۆگەریی‌یەی هونەرمەند تەلعەت سامان، لە رووی ناوەرۆکەوە، بریتی‌بوو لە دووبەرەکی لەنێوان هێزی چاکەو خراپە، یان رووناکی‌و تاریکی، ئەم مل ملانێ‌یەش بەدرێژی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوامە.

بیرۆکەی شانۆگەری «شاری ئەوین» لە مەسەلەیەکی



کەلەپووری کوردەواری هەڵهێنجراوە، بەڵام وانەبێ هەروابە شێوەیەکی سەردی بێت، بەڵکو نووسەر دەستی داهێنانی هاوچاخی تێدا بەکار هێناوە بەو شێوەیە کە لە خزمەتی سەردەم و کێشەی مرۆڤ دا بێت لە پێناو گەیشتن بە خەون و خۆزگەی دواڕۆژ تەلعەت سامان لەماوەی ئەو بەرهەمەوە، دەیەوێ خۆشەویستی لە ئەندازە بەدەری مرۆڤ بەخاکەوە دەربڕێت، هەروەها دەرخستنی رووی تاریکی کە رێ لەو هەنگاوە دەگرێت و نەمان و بنبڕکردنی هەموو شێوەیەکی چەوسانەوە کەرێ لە ئاواتەکانی مرۆڤ دەگرێت، ئەوەتا لە زمانی پاڵەوانەکانی هێزی چاکەوە زیاتر لە دیمەنێك نیشان دەدات و زیاتر لە رستەیەك دەڵێ کە بانگی ئەو خۆشەویستی‌یەی تێرا رەنگ دەداتەوە.

تەلعەت سامان، بەبەکار هێنانی رەمزی جوان، رووبەرووی کۆمەڵێ پرسیارمان دەکاتەوەو زیاتر لە هەڵوێستی تۆمار دەکات.. ئەمەیان سیمای دیاری شانۆگەریی‌یەکە بوو، بەڵام ئاخۆ، خۆی وەکو نووسەرو دەرهێنەری شانۆگەری «شاری ئەوین» چی دەڵێ: -

- «هەمیشە لەخۆم دەپرسم، لەتۆ، لەئەو.. دەپرسم، گەرمن تێرم، بۆتۆ برسی بکەم.. گەرتۆ پێ‌دەکەنی، بۆمن

دگرێێنی؟

گەر ئێوە هوشیارن، بۆ دەرگای زانستمان لێ دادەخەن.. ئا ئەم حاڵەتە لە ناخی شاگردی - بیرلێدەر - پەنگی دەخواردەوە، کاتێك بەترسە پیرۆزەکەیەوە بەرەنگاری ئەژدیهابوو، بەلام لەگەل خەنجەری یەکەمدا کە لە جەستەی ئەژدیهایدا.. دوکەلێکی زەردی چلکن ئاسمانی داگرت.. وەلامەکان لەنێو تیشکێکی بەفریندا گەشانەوە... ئەژدیها نالاندی.. من چیم ئەگەر ئێوە تێکرا بیربکەنەوەو یەك هەلوێست بن؟!».

لەم شانوگەرییەدا ئەم براو خوشکانە بەشداربوون =

**بیرلێدەری دانا = غازی غفور**
**شاگردی بیرلێدەر = نەوزاد رمضان - ولید معروف**
**بازرگان = جلال احمد**
**ئاغا = ئاسایش عثمان**
**میر = شکرالله شێخانی**
**شالیار = بکرمعروف**
**کچی‌میر = دلپاك تاهر**
**دلدارەکە = باسط رەنجدەر**
**کچەگول فروش = شلێر احمد**
**زانا = ئازاد مولود**

دانیشتوانی شار = «ئەحمەد حەیران - قاسم نوری - جمال اسماعیل - عثمان حسین - بەلام کارە هونەرییەکان = بەرێوەبەری شانو- بکرمعروف، دیکور - دارا محمد علی، ماکیاژ - مؤید فقێ، موسیقا - جوهر باپیر، رووناکی - ابراهیم حکیم، فوتوگراف - محی الدین تاهر، بەرێوەبەری بەرهەم - فارس سعدی‌و رسمی جلال و گەلێك لایەنی هونەریتر.

## ● شیعرو... دوو کوری رەخنەیی ●

یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەستی‌کرد بە وەرزی روشنبیری‌و باسی شیعرو کێشەی شیعری کوردی بووە نوێبەرەی وەرزەکە..

لە دوو هەفتەدا، دوو برای نووسەر لە دوو باسی رەخنەیی‌دا یەکتریان گرتەوە، یەکەمیان بریتی‌بوو لە بابەتێکی نووسەر غفور صالح و دووەمیان دەربارەی دیوانەکەی شاعیر نوزاد رەفعەت «نیگەرانی» کە کاك محمد خضر پێش کەشی‌کردو بریتی بوو لە دنیای شیعرو تواناو داهێنانی شاعیر لەم مەیدانە فراوانەی شیعردا، هەروەها شێ‌کردنەوەو هەلسەنگاندنی بەرهەم و تاقی‌کردنەوەی شاعیر وتێ روانینی تایبەتی نووسەر لەم بوارەوە.

باسەکەی نووسەر غفور صالح بە ناوونیشانی «شیعر شارەزاییە»بوو کە کاك صلاح شوان پێش کەشی‌کردو نوێشکێکی لەژیان و بەرهەمی غفور صالح - ی چیروك نووس خوێندەوە.

بابەتەکەی کاك غفور صالح هەرچەندە کورت بوو، بەلام پەنجەی خستە سەر گەلێك لایەنی زیندوو،



لەوانـەش، شارەزایی شاعیـر لە مەسـەلەی شیعرو چۆنیەتی نووسینی چامـەی نەمـرو ئەرك و پەیامی شاعیر. . . ئەوەبو ناوی لە شاعیرنا «ئاگردز»، ئەو ئاگرەی کە «پرۆمشیۆس» لە پێناوی‌دا بە تاشـە بەرێکیانـەوە بەست و هەڵـۆکـان کەوتنە خواردنیو ئەمەش لە میثولوجیای گریکدا هاتووە.

کاك غفور لە باسەکەی‌دا هاتەسەر چەند لایەنێکی‌تر. . لەوانـە، قۆنـاغـی شیعـری کوردیو باسی بزووتنـەوەی رووانگەو دەست نیشان کردنی هۆیەکانی هەرەس هێنانیو دەست کێشان بۆ تاقی‌کردنەوەی شیعرو شارەزایی لای‌کەڵە شاعیرانی ئەم دنیایە. وەك رامبۆ، ئەلیۆت، سان جۆن پێرس، لویس ئاراگۆن.

پاشـان هاتـە سەر وێنـەی شیعرو نەشارەزایی هەندێ لە شاعیرە لاوەکان، کە لە تاقی‌کردنەوەی شیعر قاڵ نەبوون، پاشان هەوڵ دان بۆ لەدایك بوونی شیعری نەمرو چامەی نەمر، لە کۆتـایشـا، چەنـد برایـەك هاتنـەقسـە، لەوانە = حەسەن جاف، فرید زامدار، عبدالخالق سەرسام، صلاح شوان، محمد خضرو. . . تاد.

**● پیشانگای ئیسماعیل خەیات و. . زیاتر لە هەڵویستەیەك ●**

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە هەولێرو لەیەکێ لە خانـووە کەلـوپـوریـیـەکـانی ناو قەڵای دێرینی هەولێـر، پیشانگای تایبەتی هونەرمەندی ناسراو ئیسماعیل خەیاتی کردەوە. . .

ئیسمـاعیـل خـەیـات، دنیای تایبەتیو دەنگە و روخسارو تێرامـانی خۆی هەیـە بەرامبـەر بە بوون و شتـەکان، بۆیە هونەری ئەم هونەرمەندە زیاتر لە قووڵ بوونەوەیەکی دەوێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ بچێتـە ناخیـەوە، کە دنیـایەکی تایبەتی‌یە، دیـارە زۆریش داهێنـەرانـە شۆربوۆتـەوە بە ناخی مرۆڤ و سرووشت و پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان هەڵوێستی ئیسماعیل خەیات، لەو هەنگاوە تازەبوونەوەدایە، کە زۆربە هیلاکیو



سەلیقـەوە باسی دەکـات و بریتی‌یـە لە نەخشـەکێشانی پاشـەرۆژ بە دەسـت پێ‌کـردنـی هەنگـاوی تازەو گەڕانی بەردەوام بۆ تازەکردنەوە. . .

ئەمـرۆ، ئیسمـاعیـل خـەیـات، بووە بە یەکێـك لە پێشـرەوانی بزووتنـەوەی هونـەری تەشکیلی عیـراقی. . بەتـایبـەتی لە دیارخستنی شوێن پێ‌ی تەقـەڵـلای چەنـد سالـەی بۆ بەرەو پێشـەوە بردنی تەشکیلی کوردیو زەوقی بینـەری کوردو قووڵ بوونـەوەو تێرکـردنی بەنیگـای جوان و دەنگی موژدەبەری سبەینێ.

● ئیسمـاعیـل خـەیـات لە سالی 1944 لە شاری خانـەقیـن لە دایـك بووەو لە سالـی 1966 خانـەی مامۆستایانی تەواو ـ کردووە.



پیشانگا تایبەتی‌یەکانی ئیسماعیل خەیات

- 1965 لە هۆلی مۆزەخانەی نیشتمانی بەغدا
- 1966 لە هۆلی کۆمەڵەی تەشکیلی عیراق
- 1969 لە هۆلی قوتابخانەی گوێژە لە سلێمانی
- 1970 لە هۆلی بەشی ناوخۆیی سلێمانی
- 1973 لە هۆلی زانکۆی سلێمانی
- 1975 لە هۆلی زانکۆی سلێمانی
- 1975 لە هۆلی قوتابخانەی گوێژەی سلێمانی
- 1975 لە هۆلی زانکۆی سلێمانی
- 1977 لە هۆلی سانەوی کوردستان لە سلێمانی
- 1979 لە هۆلی قوتابخانەی گوێژە
- 1982 لە هۆلی «الرواق» بەغدا
- 1983 لە هۆلی «الرواق» لە بەغدا
- 1984 لە هۆلی «الرشید» لە بەغدا

- جگە لە پیشانگا هاویەشی‌یەکانی لەگەڵ هونەرمەندانی کوردو پیشانگای ساڵانەی کۆمەڵەی تەشکیلی عیراق و پیشانگای هونەری عیراقی‌ی هاوچەرخ و پیشانگای کۆمەڵەی «البد»و پیشانگای هونەری سەرتا سەری عیراق و پیشانگای «البینالة»و پیشانگای کۆمەڵەی تەشکیلی لە «دیمشق»و هەردوو ئەو پیشانگایەی کە کۆمەڵەی تەشکیلی بۆ «تخطیط وگرافیك» کردیەوەو ئەو پیشانگایانەی کە بەبۆنەی کردنەوەی هەردوو هۆلی واسطی‌و رەشیدەوە نیشان دران و پیشانگای ڤیستیڤالی «واسطی» بۆ جاری دووەم سێیەم لە هۆلی مۆزەخانەی نیشتمانی‌و پیشانگای گرافیکی عیراقی هاوچەرخ لە هۆلی «ئۆرفەلی» لە بەغدا.

دواجار، ئەم پیشانگایەی کە کۆمەڵێکی زۆری هونەر دۆستان بەتاسەوە هاتنە بینینی.

## گۆڤاری بەیان

## باوکی شنە - ئامادەی کردووە

### «غەریب پشدەری‌و ئەزموونی شیعری»

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی لەسلێمانی.. لە چوارچێوەی چالاکی‌یە ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌یەکانیدا کۆڕێکی بۆ مامۆستا - غەریب پشدەری - سازکرد سەر لەئێوارەی ڕۆژی 10 - ی تشرینی یەکەم لەباخچەی یەکێتی گشتی قوتابیان و لاوانی ڕانیە - دا خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون بەتایبەتی ئەو گەنجە شیعر دۆست و ئەدەب پەروەرانەی قەڵادزێ ئەمە جگە لە قوتابیانی کوڕو کچی قوتابخانەکانی ڕانیە.. سەرەتا بەڕێوەبەری کۆڕەکە برای نووسەر کاك «ئازادمە حمود مستەفا» بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەوە بەخێر هاتنی ئامادەبووانی کرد بەتایبەتی ئەو برایانە کە لە یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لقی سلێمانی‌یەوە ئەرکی هاتنیان کێشابوو هەروەها ئەو خوشك و برایانەی کە لە قەڵادزێ‌وە ئامادەی کۆڕەکە بوون.. پاشان کاك - ئازاد - لەوە دوا کە پێویست بەناساندنی مامۆستا - غەریب پشدەری - ناکات چونکە جگەلەوەی وەك شاعیرێك لەناوچەکەدا ناسراوە خۆی مامۆستایە لەم ناوەو لەدایك بووی شارە ئازیزەکەی - قەڵادزێ - یە، دوای ئەم سەرەتایە مامۆستا - ئەحمەد قادر سەعید - ی ئاشناو دۆستی زۆر نزیکی «غەریب پشدەری» سەرباسێکی پەخشان ئامێزی دەربارەی «ئەزمونەکەی مامۆستا غەریب» پێشکەش کرد هەروەکو لەلاوە دەربارەی «نوقڵێ» دووا... چونکە ئەو «نوقڵێ خانمە» لە ئەزموونەکەی مامۆستاشدا زۆر نیۆ زەدە دەکرا کە دیاربوو ئادەمزادێکی گەلەك مەزن و گەورەیە لەژیانی تایبەتی شاعیردا.

ئنجا ماموستا «پشدەری» هاتە سەر خوێندنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی سەرەتای لەئامێز گرتن و عاشق بوونی بەشیعر دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی حیکایەتی «مەجنون و لەیلێ» کە لەلایەن باوکییەوەو بەمەبەستی شەو گوزەراندنەوە بۆ «غەریب»ی کڕیوە چونکە ئەو تاکە خوێندەوارێکی نێوخێزانەکە بووە. پاش ئەوەی «غەریب پشدەری» خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و بەمەبەستی بەردەوام بوون دێتە سلێمانی ئەم غوربەتە فریشتەی شیعری لەلا خەملیوتر دەکا بەتایبەتی کە هەر لەو ماوەیەدا بابی کۆچی دوایی دەکاو ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانەکەیانی دەکەوێتە ئەستۆ ئەمەو زەمانە بەخەم و دەردوکێشەکانیەوە باڵی فڕین دەداتە فریشتەو دێتە نێو کۆڕو کۆمەڵ و خەڵکییەوە.. «ماموستا غەریب» بۆ باس کردنی هەر لایەنێك چەند شیعرێکی خۆی بەنموونە دەهێنایەوە ئینجا نۆرە هاتە سەر دنیا بەرفراوان و سەوزەکەی «نوقلێ» کە بەشێکی زۆرو شوێنێکی دیاری لە ئەزموونەکەی ماموستادا هەبوو..

**باری سەرنجی ئامادەبووان:**

● جگە لەوەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئامادەبووانەوە هاتبو، ماموستا دڵشاد محەمەد ئەمین چەند تێبینی یەکی ووردی دەربارەی کێش و سەرواو یەکێتی بابەتی هەندێك لە شیعرەکانی پێشکەش کرد کە لەڕاستیدا سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا.. خاوەن باسیش وەك پێویست وەڵای هەندێك لایەنی دایەوە..

## میهرەجانی شەشەمی شیعری مەربەد

**باوکی ئاسو**

لە 1985/11/26دا میهرەجانی شەشەمی شیعری مەربەد دەستی پێ کرد... لەم ڤیستیڤاڵە گەورەیەدا پتر لە هەزار شاعیرو نوسەرو رەخنەگرو رۆشنبیر بەشداریان کرد.

میهرەجانی ئەم جارە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ میهرەجانەکانی لەمەوبەردا هەبوو، چونکە بۆ یەکەم جارە کە لەم میهرەجانی شەشەمەدا نرخێکی تەواو بە توژینەوەو رەخنەی ئەدەبی بدرێت و ئەم لایەنە بەهاردارە لە پەراوێزو پاڵدمدا دانەنرێت و فەراموش نەکرێت.

لەو کۆڕانەشدا رەخنەگری پسپۆر و شارەزا بەشداریان کردوەو بەڕێوەیان بردووەو سەرۆکی دانیشتنەکانی ئەو کۆڕانەش لەم بەرێزانە پێك هاتبوون: د. محسن الموسوی جبرا ابراهیم جبرا /د. عزالدین اسماعیل /د. سلمی الخضراء /د. محمد باقر علوان /د. عبدالمحسن طه بدر... گەلێ توژینەوە دەربارەی هاوچەرخێتی شیعرو- کەلەپورو شیعرو- شیعری جەنگ و شەپۆلەکانی رەخنەی شیعری هاوچەرخ و... پێشکەش کراوە گەلێ توژەوەری وەکو د. سلمان الواسطی و د. عبدالواحد لؤلؤە و فاضل ثامر







د. اعتـدال عثمـان و د. افغـان القـاسم و حاتم الصگـر و د. صبري محـافـظ وطراد الكبيسي ود. عناد غزوان. . . . بەشداریان کردووە، باسەکانیان گەلێ بە پیت و تێروتەسەل بووە کە سەری ڕەزامـەنـدی بە بەشـداران جولانـدوە . . . . دانیشتوانی کوڕەکان

لەمەوبەر «واتا لە پێنج میهرەجانی رابردوودا» توێژینەوەو ڕەخنـەی ئەدەبی لای لێ نەکـراوەتـەوەو بە پەشـموردەیی ماوەتەوەو بەڵام لە میهرەجانی ئەم ساڵدا ڕەخنەی ئەدەبی لە بەرزەکی بـانـدا خۆی نوانـدو جەسەری بە میهرەجانەکەوە لکـاو لێ‌ی نەبـووەوە داوای ئەوەش کرا کە لە داهـاتـودا شەقڵ و مۆری ڕەخنـەی ئەدەبی بە خەرمـانی شیعرەوە دیار بێت و خەرمـان بەرەکـەتی لێ بکـات و ڕەخنـەکـانیش بینە







هۆی ئەوەی کە خێـرو بەرەکـەت بە مەڵـۆو شاراو خەرمـانی ئەم لقەی وێژە بدەن (کە شیعرە) ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە ئەم هەمو پسپۆڕو شارەزاو ڕەخنەگرانە یەك بگرن و بە بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکا پەیوەست بن و گفت و گۆ لەسەر توێژینـەوەکـان بکەن و تارا لەسەر لایەنی پەناوەکی باسەکان لابدەن، ئەم یەکگرتنانەیان خۆی لەخۆیدا سود بەخشەو پتر بونەوبەرامە بە هەنگوینی شیعرو شیعرەکانی مەربەد ئەدەن کە پێشکەش ئەکرێن. .

مەربـەدی ئەم جارە. . . با بڵێین ئەم مەربـەدە نوێ‌یە بەربڵاوبوو و چاوئەندازە بە شیعرو بەرهەمی پوختە ڕازاوەبوو



توانی خۆی بسەپێنێ‌و . . . چۆن لەبواری شیعرو ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی سەپاند ئاوهاش مانای جوانی‌و بێ‌گەردی‌و ژیارو دادپەروەریتی بەدەستەوە دا . . .

ڤیستیڤاڵی شەشەمی شیعری مەربەدی ئەمساڵ گوێ سەرکەوتنی بردەوەو شیعرەکانی نزار قەبانی‌و محمود دەرویش و د. سعد الصباح . . . وایان کرد کە ئامادەبوانی ئەم میهرەجانە ئەشەتەنبیلا بۆ ئەم سەرکەوتنە نجۆن و بە گوڕو تینو تامەزرۆییەوە گوێ بۆ شیعرەکانی مەربەد بگرن و بیریان بە ئەرمەغار بەرەو مەربەدی داهاتو ڕەوت بکات و . .

بۆ مەربەدی ئەمساڵ قەناتێکی تەلەفزیۆنی وئیسگەیەك و ڕۆژنامەیەکی تایبەتی تەرخان کرا . . ئامادە بونی مجر العلوم و بەیاتی‌و عبدالمعطی حجازی‌و کەڵە شاعیرەکانی تر پتر میهرەجانەکەیان ڕازاندوە.

بە ئامادەبونی خلدون الشمعةو عثمان المخلافی ونهاد التکرلی وفیصل جاسم پتر میهرەجانە لە گەرم بوو.

شاعیرەکانی قاهیرەو کوێت و قطر ولبنان وجەزایرو تونس و مەغریب وسودان وسعودیة ویەمەن ومیرنشینە عەرەبەکان و ئەردەن مۆریتانیا بە دەنگی ئەم میهرەجانەوە هاتن و شیعرو تۆژینەوەی ئەدەبی‌و ڕەخنەیی خۆیان پێشکەش کرد . . . ئەم میهرەجانە وا دەنگی دایەوە کە وڵاتانی جیهانیش بایەخێکی لە ئەندازە بەدەری بدەنێ شربل داعزی شاعیرو ئالن میناركوس - ی شاعیر . . لە فەرەنساو د. . روجر هاردی نوسەر . . . لە لەندەن و ئیفور ئاسیانی شاعیر لە یەکێتی شورەوی‌و لویس ئەلبەرتوکیسیوو جوسیە بولیدۆی شاعیر لەفەنزویلاو جولیا فیلزو . . . لە ئەمەریکاو د. ئەکیدە و د. ماکینوی نوسەر لەیابان و هیلەری نوسەر لە جەرمەنی یەکگرتوو خدریکو ئەربوسی شاعیرو . . لە ئەسپانیاوە خۆیان بەختەوەر ئەدایە قەڵەم کە میوانی ئەم میهرەجانە بوون . . . لە خونەرەی بەرێز ئاشکرایە کە شاعیرو نوسەرو ڕۆشنبیرو ڕەخنەگری لای خۆشمان ئەم هەلە لەدەس نادەن و چ بە شیعر خوێندنەوە یان بە ئامادەبوون . . . بەشداری تیادا دەکەن . . . یەکێتی نوسەرانی کورد لە سەرجەمی ڕۆژەکانی میهرەجانەکەدا ئامادەبونی خۆیان نواند . . .

**د. نافع ئاکرەیی سەرۆکی یەکێتی‌و**

**کاك سەعید یحی خطاط سەرۆکی لقی هەولێرو**

**کاك محمود زامدارو صلاح شوان و کاك ممتاز حیدری لە هەولێرو مامۆستا محمد أمین پێنجوێنی سەرۆکی لقی سلیمانی‌و مامۆستا محمد صالح دیلانی شاعیرو کاك ئازاد عبدالواحد و ئازاد محمود لە سلیمانیەوە.**

**سەرۆکی لقی دهۆك و هەندێك لە ئەدامانی ئەم شارەش وەکو کریم فندی وعبدالرحمن مزوری‌و انور محمد صالح و.**

لە بەغدایشەوە مامۆستا محمد بدری - جێگری سەرۆك و حسین جاف و د. بدرخان سندی‌و مامۆستا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبری‌ی‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌و د. احسان فؤاد بەڕێوەبەری گشتی‌ی خوێندنی کوردی و فؤاد حمەخورشید و عثمان حمد و سگڤان عبدالحکیم و محمد سلیم سوارەو جمال سلیمان و مختار فائق و محمد حسین زەهاوی‌و عبدالله حسین و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌و موسیٰ صمدو جەمال خەزنەدارو رؤوف حسن . . . (ئەو بەرێزانەی کە ناویانمان لە لەیاد نی‌یە ئەبێ بمانبەخشن) ئامادەبوون . . .

خوشکە سەرگول تەیموریش بە کامیراکەی وێنەی میوانەکانی ئەگرت و.

لەم مانگەدا هونەرمەندانی تیپی شانۆی ڕۆشنبیری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر





تەمسیلی یەکی تەلەفزیونی بە ناوی (مەلەکان•دەگەڕێنەوە باوەشی یەکتر. .؟) بۆ تەلەفزیونی تەئمیم تۆمار دەکات نوسینی ناظم دڵبەندو دەرهێنانی ناصر حسن ی هونەرمەند ئەم چیرۆکە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخانەمان دەکات. . وێنەکانیش لە زانکۆی صلاح الدین و ئوتێلی سەری ڕەش و نەخۆشخانەی گەورەو ناوبازار تۆمار دەکرێت و ئەم هونەرمەندانەش بەشداری تێدا دەکەن محمد سعید ابراهیم ـ دڵپاك طاهر ـ ابراهیم حکیم ـ چەتۆ حسن ـ شلێر احمد ـ بکر معروف ـ علی احمد ـ دڵنیا علی حسین ـ گەلاوێژ طاهر ـ جلال احمد ـ ئاسایش عثمان ـ خلیل بابەو محمود حمد وەك میوانی بەرهەم. . .

تیپی نواندنی سەر بە دامەزراوی گشتی ی سینەماو شانۆ چیرۆکی تەمسیلی ـ ئاسکە تۆمار ئەکان.

حیدر عبدالرحمن ئەم چیرۆکەی نوسیوە. . کاك سەعدون یونس ـ ی هونەرمەندیش دەرهێنەری چیرۆکەکەیە. . .

ئەکتەرەکانی بەرهەمە:

صفوت الجراح/ طاهر عبدالله/ شیرین صابر/ جەوهەر باپیر/ سەوسەن سعدون/ سیروان عثمان/ غازی غەفور/. . .

جیاوازی چینایەتی و کیشەی هاوچەرخ لە بوتەی ئەم

### چیرۆکە تەمسیلی یە

### شانۆگەریی بۆ منداڵان

تیپی ئەتەوایەتی سەر بە دامەزراوی گشتی ی سینەماو شانۆ پرۆڤە لەسەر شانۆگەری ـ گوڵی نهێنی ئەکات نوسین و دەرهێنانی ئەم بەرهەمە هی (لطیف نعمان)ی هونەرمەندە کاك حیدر عبدالرحمن گۆریەیەتی و تەرجەمەی کوردی کردووە.

ظاهر عبداللەو شیرین صابر ومؤید غازی غەفورو جەوهەر باپیرو سعدون یونس و. . دەور لەم شانۆگەریەدا ئەبینین کە بۆ منداڵانی کورد پێشکەش ئەکرێت.

لەژێر چاودێری بەڕێز محمد محی الدین جیداری





ئەمینـداری گشتی ی رۆشنبیــری و لاوان بەڕێوەبەرایـەتی رۆشنبیری ی لە دیوانی ئەمینداریتی گشتی ی رۆشنبیری ی و لاوان دا پیشـانگـایـەکی رازاوەی بۆ کتێبی کوردی سازداو گەلێك کتێبی بەنرخی کوردی لەو پیشانگایەدا نیشان درا کە جێ ی رەزامەنـدی هەمـو نوسـەرو ئەدیب و تەمـاشاکەرانی کورد بوون.

**کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد/ لقی هەولێر شانوگەری شاری ئەویینی پێشکەش کرد.**

کاك طلعت سامـان - ی هونـەرمـەنـد ئەم شانـوگەریەی نوسیوە وخۆشیی بۆ شانۆی دەرهێناوە.

ئەم هونەرمەندانە لە نواندن دا بەشداریان کردوە:

غازی غفــور نەوزاد رمضـــان/ ولیـد معـروف/ جلال احمـد بەیـار/ ئاسـایش عثمان دانش/ شکرالله شێخانی/ بکر معروف/ دلپاك طاهر/ باسط رەنجدەر/ شلیر احمد/ ئازاد مولود...

نەخشەو جێبەجێکردنی دیکور: دارا محمد علی.

بەرهەمی داهاتویان شانوگەری راشۆمۆن - ە

چیرۆکی: ریونوسوکی ئەکوتاچارا

ئامادەکردنی: فی. ومایکل کانین

وەرگێرانی: عبدالله احمد داوود



دەرهێنانی: طلعت سامان.

*** * غابریل غارسیا * ***

غابـریـل غارسیا رۆمـان نوسێکی کۆلـۆمبی یەو لە کاتی خۆیـدا خەلاتی فۆبـل - ی پێ دراوە. رۆمـانـەکەی «100 ساڵ تەنیـایی» ناوبـانگی بە هەمـو لایـەکـدا پەخش بو. واخــەریکـە رۆمـانێکی تریش تەواو بکـات ئەم رۆمـانـەی دەربـارەی دوو دڵـدارو دڵ خوازن کە لە منداڵیـەوە لەیـەك دابڕوان و لە دەوروبەری 80 ساڵاندا یەکتری ئەگرنەوە.

*** * خەلاتی نۆبل**

ئەکادیمیەی سویدی بڕیاریدا کە خەلاتی نۆبل بە کلود سیمون - ی رۆمان نووس ببەخشێ.. ناوبراو ئەمەنی 72 ساڵەو دوانزەهەمین کەسە لە فەرەنسادا کە خەلاتی نۆبلی پێ رەوا بینرابێت. لەوانە رۆمان رولان/ ئەناتوڵ فرانس و هنری برگسون و ئەندریە جیدو فرانسوا مۆریاك و سان جۆن بیرس و ئەلبێر کاموتا سارتە کە خەلاتەکەی دایە دواوە.

*** * عەلی بابا لە کوێت دا**

عەلی بابـا کراوە بە چیـرۆکێکی شانـوگـەریی و لەسـەر تەختـەی شانـۆی کوێت دا پێشکـەش کراوە.. بەڵام دەس کاریـەکی تەواو کراوە (حافظ - ی کوێتی) ئەم بەرهەمەی بۆ شانۆ ئامادەکردوە.

محمــد جابـریش وت ووێـژەکـانی کردەوە بە شێـوەی کوێت - ی عبدالـرحمن عشل و احمـد جوهر وعبدالناصر دەرویش دەوریان تیابینیوە. عبدالله راشد ئاوازی بۆ هەندی گۆرانی ئەم شانوگەریە داناوە..

ئەحمەد عبدالحلیم - ی دەرهێنەریش روناکی بەچاکی بەکـارهێنـاوەو توانیـویـەتی ئەم بەرهەمە بە منداڵانی کوێت پێشکەش بکات.

گەرچـی بە شێـوەیـەکـی وا پێشکـەشی کردوە کە بۆ گەورەییش بشێت.













*** * نوسەرو رۆژنامەنوسەکانی فەلەستین لە شەویکی شیعر خوێندنەوەدا.**

یەکێتی گشتیی نوسەرو رۆژنامەنوسەکانی فەلەستین - لقی کوێت - شەویکیان بۆ شیعر خوێندنەوە تەرخان کردو کەلێ لە شاعیرە بەناوبانگەکانیان بەشداریان تیایدا کرد وەکو عبدالله ئەحمەدی شاعیرو محمود عبدالغفار ود. رجا سمرین و یحی برزق و ئەکرەم عەرەفات و باوکی فراس.. لەوێدا ئەوەیان رون کردەو کە شیعریش وەکو سەربار. ئەچێ بەگژی دوژمنداو بوری ئەدات وشەی شیعرەکانیشی کاری گوللەیان هەیە.

**# # یەکەمین ڤیستیڤاڵی هونەری میللی**

بۆ یەکـەمـین جارە کە شاری ئیسمـاعیلیـەی میسـر ڤیستیڤاڵێك بۆ هونەری میللی ساز بدات و لەم میهرەجانەدغ یەکێتی شورەویی و فەرەنساو ئیتالیاو مەجەر وعیراق وتورکیا وکوریاو..

گەلێ لە ولآتـانی تریش بەشـداریـان کرد.. تەختـەی شانۆی بەرهەمەکان کۆڵان و کوچەو بازاڕی ئەم شارە بو.. هەرخـەڵـکـی ئەم شارەش ئەرکـی سەرخسـتنی ئەم میهـرەجانـەیـان گرتە ئەستۆی خۆیان.. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە کۆنگرەیەکی زانستی بۆ هونەرە میللیەکان ساز بدرێت داوا کرا کە میهرەجانێکی شانۆیش لە هەمان شاردا ساز بدرێت.



**# # دەرهێنەرێکی فەرەنسا**

جان جاك بینیکس دەرهێنەرێکی سینەماییە لە فەرەنسادا دەرهێنـەری فلیمی «دیفـا»یە کە لەسالّی 1981دا چوار خەلاّتی سیـزاری پێدراوە.. وا خەریکـە فلیمی سێهـەم دەرئەهێنێت «37 پلەو دو لە بەیانیدا» ئەوەی شایانی باس بێت لە فلیمی دوهـەمیـدا کە ناوی (مـانـگ لە ئاوی شۆستـەدا) بۆ سەرنـەکـەوت.. ئاخۆ بلّێی لە فلیمی ئەم جارەیدا سەریکەوێت؟



**# # نوێترین فلیمی - عادل امام -**

نوێتـرین فلیمی ئەم هونـەرمـەنـدە ناوی (سلاّو ئەی هاوڕێ)یـە صلاح فؤاد چیرۆکی ئەم فلیمـەی نوسیوە هەر خۆیشی سینـارێـوکـەی ئامادە کردووەو، نادر جەلال - ی هونەرمەندیش بۆ سینەمای دەرهێناوە...

سعیـد صالـح وسـوسن بەدرو مصطفی متولیش لەم فلیمەدا دەوری سەرەکی ئەبینن.

سینەماو شانۆ بە تەمایە کە چیرۆکی تەمسیلی «عەرەبانە» بۆ تەلەفزیۆن تۆمار بکات.

کاك دڵشاد مەریوانی ئەم چیرۆکەی نوسیوە زاهیر عبداللە ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی لە ئەستۆ گرتووە کاك ناصر حسن ریش بۆ تەلەفزیۆنی دەرهێنێت ئەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە ئەم هونەرمەندانەن:

**شادان ئەحمەد**

**رزگار باهر**

**زەردەشت محمد**

**زەردەشت محمد**

**رازاوە عبداللە**

بەرهەمی فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانی شاکارە بەناوبانگەکەی «ئەبسن ی نەرویجی)بەو شانوگەریی (دوژمنی گەل) پێشکەش ئەکەن.

مامۆستا کەمال رۆوف هەتجیرە ئەم شانوگەریە دەرئەهێنێت قوتابیان و مامۆستایان لەم شانوگەریەدا بەشدای ئەکەن وەکو:

**ئەحمەد سالار**

**بەدیعە درتاش**

**فەرهاد شەریف**

**رزگار باهر**

**ماهر حەسەن و...**

ئەتروجەی کۆرسی یەکەمی دواپلەی خوێندنی پەیمانکە دەورەی «8» شانوگەریە.





مەڵبەندی لاوانی سلیمانی - تیپی شانۆی زریان شانوگەری گوڵی بەهارهات - ی پێشکەش کرد.

حسین یسری هونەرمەند بۆ شانۆی دەرهێناوە.

ئەکتەرەکان:

سۆران عثمان - سامان سیوەیلی

ئەکرەم محمد سلیمان/ سەرکەوت حمەسعید/ اسماعیل سعید 9/ کەسیش کۆرس بوون.

ئەم شانوگەریە لەسەر تەختەی شانۆی چالاکی قوتابخانەکان پێشکەش کراوە. یانەی هونەری بەشی

# بانگەوازێك

## بۆ کۆکردنەوەی لەمووبەرهەمی

## ع . و . نووری

(ع . و. نووری) ناوێکی گەورەیە لە جیهانی نیشتمان پەروەری‌و بەرهـەمی ئەدەبی‌و سیاسی‌و کۆمـەڵایـەتی کوردیـدا. لە زۆر مەیـدانـدا ناوی ع . و. نووری وەك ڕابەرێك و سەرامەدێك دێت، بەجۆرێك کە لە مێژووی نەتەوەکەی خۆیداپایەو جێگەیەکی دیاری هەیە.

نەسرین . پرشنگ . شەرمن
(کچانی ع . و. نووری)

تەمـەنی ئەو پیـاوە ناودارە لە چل ساڵ زیـادی نەکـرد، چاپکراوی بەجێ‌هێشت . . ئەمە چ بە کتێبی چاپکراوو چ
بەڵام بەپێـی توانـای خۆی‌و باری ئەوسـای وڵات وگەل بە وتاری زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا .
سامـانێـکی گەورەی نووسین و وەرگێـڕان و بەرهـەمی    ڕاستـە گەلی کوردو بیر ڕووناکـە پێشکـەوتنخوازەکانی

(ع . و. نـووری) یان لەبیرنـە چوّتـەوەو، لە موناسـەبەت و جیگەی خوّیدا ناوی ئەهێنن، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە کارێکی گەورەتـر بەرامبـەر بەو مروّڤـە بکـرێت کە تەمـەنی کورتی خوّی بەگەلی کوردو بەبیری پڕ لە گزنگی پێشکەوتن بەخشیو بە ئازارو ناسوّرەوە سەری نایەوە.

ئێمـە دەمێکـە بەتـەمـاین سەرلـەنـوێ کارێکیوا بکەین کەنـەوەی ئیستـاو تازە پێگـەیشتـوو بە ژیـان و بەرهـەمی (ع . و. نـووری) بناسێنین، چونکـە چ ئەو کتێبـانـەی ئەو کەچـل ـ پەنجا ساڵ لەمـەوبـەر چاپکـراون و چ ئەو ئەوو تاروانـەی لە ڕوٚژنـامـەو گوٚڤـارەکـانی ئەوسادا بڵاوکراونەتەوە هیچیـان لە بەردەستـا نەمـاون و تەنـانـەت جێی داخەکە لە کتێبخـانـە گشتیو تایـەتیـیـەکـانیشـدا بەدەگمـەن دەست بکەون و ئەمە وایکردبێ کە چەند نەوەیەکی کورد هەر لە یادکـردنــەوەدا ناوی (ع . و. نـووری)یـان بیستبێو هیچ بەرهەمێکی ئەویان نەخوێندبێتەوە.

ئێمـە، ژیـانـدنـەوەی ئەو بەرهـەمـانـەو سەر لەنـوێ چاپکردنەوەیان بە ئەرکی وەفاداریی خوّمان ئەزانین بەرامبەر بە یادی پیـروّزی (ع . و. نـووری). بەڵام وەك بوّمـان دەرکەوت هەر ئێمە تەنیانین لەم مەیدانەدا، بەڵکو گەلێك کەسی دڵسوّزی ترمان لەپاڵ خوّماندا لەم مەیدانەدا دی. لەم ماوەیـەی دواییـدا کە قوتـابیی بەڕێـزو دڵسـوّزی (ع . و. نـووری) براماـن پروٚفیسـوٚر دوکتـوٚر عیزەدین مستەفا ڕەسـووڵ بەیـەکجـاری هاتـەوە شاری سلێمـانیو لە بینیندا بوّمـان دەرکـەوت کە ئەویش دەمێکـە کەڵکـەڵـەی ئەوەی کەوتـووەتـە سەر کە چەپکـە گوڵی وەفـاداری پێشکـەش بە مامـوٚستـای قوتـابخـانـەو بیـری پێشکـەوتنخـوازی خوّی (ع . و. نـووری) بکـات و کوٚمـەڵێك لە وتارەکانی ئەوی لەو ڕوٚژنامانەوە وێنە گرتوٚتەوە کە لە هەندێ کتێبخانەی ڕوٚژاوادا پارێزراون و چەند جاریش بە نووسین لە دەرەوەو لە وڵاتدا یادی ئەوی کردووەتـەوە. لەبـەر ئەوە بڕیـارمـان وادا کە بە ئاریکـاریی یەکتـری ئەم پروٚژەیـە بەجێ بهێنین و پێشـەکی نووسین و لێکـوٚڵینـەوەی بەرهـەمـەکانی (ع . و. نووری) بەو بسپێـرین و بەرنـامـەیـەکمـان پێکـەوە بوٚ ئەو مەبـەستـە نەخشـەکێشـا. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا باوەڕمـان وایـە زوٚر کەسیتـر هەیـە بتـوانن یارمەتیمان بدەن و هەندێ زانیاریی تازەمـان بدەنێ، یا هەنـدێ بەرهـەمی (ع . و. نـووری) پێشکەش بکەن کە ڕەنگە دەست ئێمە نەکەوتبن. هەر لەبەر ئەوە بڕیـارمـان دا کە ئەم بانگـەوازە بڵاو بکـەینـەوەو داوای یارمـەتی لە هەمـوو کوردێکی دڵسـوّز بکەین و هیوادارین و لەوەش دڵنیـاین کە هەرکـەسێ یارمـەتیی ئەم پروٚژەیـەی پیبدرێت دەستی یارمەتیمان بوٚ درێژ ئەکات.

ئێمە بەم بانگەوازە داوا لە هەموو دڵسوٚزێك ئەکەین کە چ زانیاریو بیرەوەرییان دەربارەی (ع . و. نووری) لاهەیە، یا بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی ئەوشك ئەبەن، بەهوّی ئەم ناوونیشانەی خوارەوە بوّمانی بنێرن:

پێشەکی سوپاسی هەموو لایەك ئەکەین و مەبەستیشمان هەر خزمـەتی ڕێبـازو بیـری پیـروّزی (ع . و. نـووری)و گەلەکەی ئەوە.

# پانەی بەیان

## خوێنەری ئازیز

وا ئەم جارەش لەپانەکەمانا بەیەك دەگەنیەوەو پێتان رادەگەینین کە ئەم گۆڤارە باوەشی بۆ بەرهەمی پتەوو سوود بەخش کردۆتەوە. ئێمە زیاتر پێویستمان بە نووسینی لێکۆڵینەوەو بابەتی رەخنەگەری‌یە، پێویستمان بە چیرۆك و شانۆنامەو شیعری بەپێز داهێنەر هەیە، بەیان رۆژنامەی یەکتر ناسینەنیە، بەیان گۆڤارێکە هەموو جۆرە بابەتێك بەخۆیەوە ناگرێ، ئەگەر گلەییش بکەن کەبەرهەمەکان هەمووی بڵاونا ‌‌بەوە ئەوە رەوای هەق نیە، وەك ئێوە حەز دەکەن نووسینەکانتان لەناو بەیان دا چاوبکەنەوە، ئێمەش نامانەوێ ئاستی گۆڤارەکە بهێنینە خوارەوەو بەرهەمی کزو لاوازو ... بڵاو بکەینەوە، جا باکەمێك بەخۆمامدا بچینەوە ئەشتێك رەوای بڵاوکردنەوە نەبێ باهەر لای خۆتان بێ، تا میوەکەتان پێ‌نەگات و تامی خۆش نەبێ پێویست بەناردنی ناکات. ئیتر چاوەروانی بەرهەمی سەرکەوتوو و بەسوودین.

● بۆ کاك د.ع. ئەحمەد، چیرۆکی گرەو کەهی عەزیز نەسینەو کردووتە بەکوردی لەقالبی راستەقینەی خۆی دەرچووە، بەجۆرێ کەسانی چیرۆکەکەت لێ‌تێکچووە، خۆیان دوانن تۆ هاتوویی کردوونەتە سێ کەس، لەپاشان دەبێ ئەوەش بزانی کە چیرۆکەکانی عەزیز نەسین ئەوەندە کراون بەکوردی تاوایان لێ‌هاتووە تام و چێژی رەسەنی خۆیان وون کردووە، خۆ دەبوایە چیرۆکێکی ترت هەلبژاردایەو واقیعی ئێمەش بەچاوی بایەخ سەیر کرد بایە. ببوورە کە بڵاونەکرایەوە.

● بۆ خاوەن چیرۆکی «ئەوەی روویدا سەیر نەبوو، کاکی برا چیرۆکەکەت لە رووی هونەری چیرۆکەوە کزەو لاوازە، لەدواییدا بەوجۆرە بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوە نانێرێ کە لە هەردوو لای کاغەزەکە نووسیوتەو خەتیشت جێ نەهێشتووە، هەوڵ دە بەرهەمێ بەپێز ترمان بۆ بنووسی.

بۆ کاك هـ.ق.م وا پارچەیەك لە هۆنراوەکەت بڵاو دەکەنیەوە، هیواداریین بەردەوام بی لەسەر رێچکەی شیعر دانان و هەنگاوی گورج تر هەڵێنێ، تا هۆنراوەکانت بە تەواوی بڵاو بکرێنەوە، ئەمەش کۆپلەیەك لە هۆنراوەکەت:

شەوە... یا

گلێنەی چاوەکانتە

تەقێنراوەو، تیا خنکاوم

هەر چوار دەورم

رەش ئەنوێنێ‌و، هیچ نابینم

لەپر تەپەی، چرایەکی بەرامبەرم

تیشکی هاویشتە سەر روومو بزە گرتمی

تۆش وەك هەموو شەوێکی تر

چاوەکانت پێ ئەکەنین

لەوینەکەی پشت سەرمەوە.

● بۆ کاك و.ج نراوە، کاکی برا هۆنراوەکەت بۆ بڵاوکردنەوە دەس ناوات، ببوورە.

● بۆ کاکی گەرمیانی، هۆنراوەکەت هی ئەوە نیە بەتەواوەتی بڵاوبکرێتەوە، ئیقاعەکەی تێکچووە، ووشەکانت لە قیون و تەنیا سەروا ریز کردن لەشیعردا هەموو شتێ نیە وا بۆ هاندانت چوارنیەیەکی لێ بڵاو دەکەنیەوە کە چۆن لەپێناوی سەروادا دارشتنەکەت تێکداوە:

توورە مەبە لە من خامە

قەسەم بەشیعرو بەنامە

واخنکاوم من لەزەریا

ئەوینی من دەرد ناکامە

# بۆ خاوەن هۆنراوەی گەشەو ئێشکچی بێدارە

شیعرەکەت مۆرکی رەشبینی پیوە دیارەو کێشەکەی کۆنەو بیرەکەت لێ پچڕپچڕ بووە، ئێمە حەز ناکەین کە تۆ ئەو جۆرە رێبازە بگرێ. وا بۆ نموونە دوو دێڕت بۆ بلاو دەکەینەوە:

دەخیلتم بای شەماڵ ئیمرۆ ئەزانی چەندە بێدارم خەزان هات و کە خۆی هەڵدا نەما یەك گوڵ لە گوڵزارم کە شەو

ئێشکچی بێدارە سەری سورما لە وەستانم سەراپا ئەشکی خوێناوە هەراسان بێ سەرو شوێنم.

● بۆ خوشکە ش.ح. رەشید، ببوورە کەنووسینەکەتمان بلاونەکردەوە، بابەتی بەیان نیە، دەبێ ئەوەش بزانی کە رێنووسەکەت زۆر تەواو نەبوو، هەروەها ئەم بابەتە کۆمەلایەتیانە زۆریان لەسەر نووسراوەو ئێستا کاتی بابەتی ئاوا نیە.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «کورو دایك»، براگیان هۆنراوەکەت ئەو ڕووەی نیە خۆی لەناو لاپەڕەکانی (بەیان)دا بدوزێتەوە، لەڕووی بیرو ئەندێشەو دارشتنیدا لاوازە، ئەم جۆرە هۆنراوانە لە هی هۆنراوەی میللی ئەکەن نەك شیعری راستەقینە. ببوورە، چاوەڕوانی بەرهەمی بەپێزو سەرکەوتوت دەکەین.

● بۆ وەرگێری «مردن لە خۆت بابی مەبە» کاکی برا راستە وەرگێڕان کارێکی بەجێو سوود بەخشە، بەلام وەرگێڕانی هۆنراوەی ئاوانا کە بەم جۆرە سەیری مردن بکات، ئیتر وابزانم ژیان هەرچەندە سەخت و دژوار بێ هی ئەوەنیە کە مرۆڤ داوای مردن بکات و لێی بێزار بێ، لەڕووی دارشتنی بیری هۆنراوەکە لەگەل شاعیر نین و پەسندمان نەکرد، بۆیە بلاومان نەکردەوە. با شاعیری جیهانیش بێ.

---

● بۆکاك آ.ع.ك. ببوورە ئەوەی ناردووتە لە شیعر ناکات. نەهەستی بەسۆزەو، نە بیری بەپێزو پتەوەو، نەخەیالیش باڵی پێ ی گرتووی بۆ جیهانی فەنتازیو دارشتنی وێنەی جوان جوان.

---

● بۆ (و.ب.) ببوورە هۆنراوەکەت شیاوی بلاوکردنەوە نەبوو، قسەی ئاسایی بەو چیتر، جارێ ماوتە ببی بە شاعیر، زۆر پەلەمەکە، بەزورە ملیش نابی بە شاعیر، چونکە شیعر ئەوەندە بێ دەسەلات نیە بەئاسانی مل کەچ کات.

---

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «بوغەزبیکی»، ببوورەکە بلاونەکرایەوە، دوورە لە هونەرو مەرجەکانی شیعر، شیعر ئەگەر نەتهەژێنیو، تەزووت بەلەشی دانەهێنێو، وەك ئاوازی بەجوش و فروش تەلی دلت نەبزوێنێ، چۆن پێی دەوترێ شیعر، ئێمە بەوێنەی پڕ داهێنان و لایەنی

جوانناسی هەیە.

---

● بۆ خاوەن هۆنراوەی ترووسکەی ژان. ببوورە ئەمەی ناردووتە لە شیعر ناکات، لەرووی ئیقاع و بیرئەندیشەوە ناتەواوە، چاوەڕوانی بەرهەمی باشترت دەکەین.

---

● بۆ کاك بەهزاد. ببوورە جارێ ماوتە لەسەر زەمینەی شیعرا بوەستی. هێشتا خەریکی گروگاڵی. قاچەکانت باپتەو تر بن ئەوسا شیعر بنێرە بۆ بەیان.

---

● بۆ کاك ی.ع. هۆنراوەکەت لەقسەی ئاسایی دەکات، شیعر ئاوا نابێ، خۆزیا سێ لاپەرەی زلت پرنەکردبایەوەو چەند دێرێکی رێك وپێکی بەئیقاع و وێنەی جوانت بناردایە. هێشتا ماوتە ببی بەشاعیر، زۆر پەلە مەکە.

---

● «هێلم» هۆنراوەیەکە ماویەتی ببێ بە شیعر، با نەڵێینی شیعرەکە زۆر بێ و بۆرنەبێ، باکورت بێ و پوخت بێ.

---

● بۆ کاك ح.أ. جاف. براگیان ئەو ڕێچکەیەی گرتوتە شێوەی کۆنەو شاعیری ئەمرۆ پەیرەوی ناکات. پێویست ناکات خۆت بەو جۆرە سەروایانە ببەستیتەوەو ئەو وێنەیەی کە دەتەوێ بیکێشی بیخەیتە ژێر باری کۆتی سەروایەکان وا چەند دێرێکت بۆ بلاو دەکەینەوە:

یادگارم، بەربەستێکن
بۆ هەواری گەرمە شینت

گیان و سۆزی، هەڵبەستێکن
بۆ لانەی ئەرمی ئەونیت.

★ ★ ★

گەر زریان و بەفرو باران
وازبێنن لەزستانی دڵ

ماڵ دەنێمەوە وەك جاران
بەرەو خونچەو بەهاری گوڵ

---

● بۆ خاوەن (خەمێکی گەورە)، ئیقاعی شیعرەکەت تێکداوە، جۆرە لەنگی یەك سەرهەڵدەوا، وا کۆپلەیەکیشی لێ بلاودەکەنیەوە.

غەمێکی گەورە توێشووی
ڕێگای دوورو هەورازمە

داهێنانی پرچی کچێ، خەونێکی نوێ
ئارەزووو نیازمە

ستەمی دەستبەرداربوونی ئەم غەمە
گۆرانیو نیازمە

○ ○ ○ ○

# بۆ خاوەن هۆنراوەی گەشەو ئێشکچی بێدارە

شیعرەکەت مۆرکی رەشبینی پێوە دیارەو کێشەکەی کۆنەو بیرەکەت لێ پچرپچڕ بووە، ئێمە حەز ناکەین کە تۆ ئەو جۆرە رێبازە بگری. وا بۆ نموونە دوو دێڕت بۆ بلاو دەکەینەوە:

دەخیلتم بای شەماڵ ئیمرۆ ئەزانی چەندە بێدارم خەزان هات و کە خۆی هەڵدا نەما یەك گوڵ لە گوڵزارم کە شەو

ئێشکچی بێدارە سەری سورما لە وەستانم سەراپا ئەشکی خوێناوە هەراسان بێ سەرو شوێنم.

● بۆ خوشکە ش. ح. رەشید، بیوورە کەنووسینەکەتمان بلاونەکردەوە، بابەتی بەیان نیە، دەبێ ئەوەش بزانی کە رێنووسەکەت زۆر تەواو نەبوو، هەروەها ئەم بابەتە کۆمەلایەتیانە زۆریان لەسەر نووسراوەو ئێستا کانی بابەتی ئاوا نیە.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «کورو دایك»، براگیان هۆنراوەکەت ئەو رووەی نیە خۆی لەناو لاپەرەکانی (بەیان)دا بدوزێتەوە، لەرووی بیرو ئەندێشەو دارشتنیدا لاوازە، ئەم جۆرە هۆنراوانە لە هی هۆنراوەی میللی ئەکەن نەك شیعری راستەقینە. بیوورە، چاوەروانی بەرهەمی بەپێزو سەرکەوتووت دەکەین.

● بۆ وەرگێری «مردن لە خۆت بایی مەبە» کاکی برا راستە وەرگێران کارێکی بەجێ و سوود بەخشە، بەلام وەرگێرانی هۆنراوەی ئاوانا کە بەم جۆرە سەیری مردن بکات، ئیتر وابزانم ژیان هەرچەندە سەخت و دژوار بێ هی ئەوەنیە کە مرۆڤ داوای مردن بکات و لێی بێزار بێ، لەرووی دارشتنی بیری هۆنراوەکە لەگەڵ شاعیر نین و پەسندمان نەکرد، بۆیە بلاومان نەکردەوە. با شاعیری جیهانیش بێ.

---

● بۆ کاك أ. ع. ك. بیوورە ئەوەی ناردووتە لە شیعر ناکات. نەهەستی بەسۆزەو، نە بیری بەپێزو پتەوەو، نەخەیالیش بالی پێی گرتووی بۆ جیهانی فەنتازی و دارشتنی وێنەی جوان جوان.

---

● بۆ (و. ب.) بیوورە هۆنراوەکەت شیاوی بلاوکردنەوە نەبوو، قسەی ئاسایی بەو چێتر، جارێ ماوتە ببی بە شاعیر، زۆر پەلەمەکە، بەزورە ملیش نابی بە شاعیر، چونکە شیعر ئەوەندە بێ دەسەلات نیە بەئاسانی مل کەچ کات.

---

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «بوغەزیبیکی»، بیوورەکە بلاونەکرایەوە، دوورە لە هونەرو مەرجەکانی شیعر، شیعر ئەگەر نەتهەژێنی و، ئەزووت بەلەشی دانەهێنێ و، وەك ئاوازی بەجوش و فروش تەلی دلت نەبزوێنی، چۆن پێی دەوترێ شیعر. ئیمە بەوێنەی پر داهێنان و لایەنی

جوانناسی هەیە.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی تروسکەی ژان. ببوورە ئەمەی ناردوویتە لە شیعر ناکات، لەرووی ئیقاع و بیرئەندیشەوە ناتەواوە، چاوەروانی بەرهەمی باشترت دەکەین.

● بۆ کاك بەهزاد. ببوورە جارێ ماوتە لەسەر زەمینەی شیعرا بوەستی. هێشتا خەریکی گروگاڵی. قاچەکانت باپتەو تر بن ئەوسا شیعر بنێرە بۆ بەیان.

● بۆ کاك ی.ع. هۆنراوەکەت لەقسەی ئاسایی دەکات، شیعر ئاوا نابێ، خۆزیا سێ لاپەرەی زلت پڕنەکردبایەوەو چەند دێرێکی رێك وپێکی بەئیقاع و وێنەی جوانت بناردایە. هێشتا ماوتە ببی بەشاعیر، زۆر پەلە مەکە.

● «هێلم» هۆنراوەیەکە ماوەیەتی ببێ بە شیعر، با نەڵێینی شیعرەکە زۆر بێ و بۆرنەبێ، باکورت بێ و پوخت بێ.

● بۆ کاك ح.أ. جاف. براگیان ئەو رێچکەیەی گرتۆتە شێوەی کۆنەو شاعیری ئەمرۆ پەیرەوی ناکات. پێویست ناکات خۆت بەو جۆرە سەروایانە بیەستیتەوەو ئەو وێنەیەی کە دەتەوێ بیکێشی بیخەیتە ژێر باری کۆتی سەروایەکان وا چەند دێرێکت بۆ بلاو دەکەنیەوە:

**یادگارم، بەربەستێکن**
**بۆ هەواری گەرمە شینت**

**گیان و سۆزی، هەڵبەستێکن**
**بۆ لانەی ئەرمی ئەونیت.**

★ ★ ★

**گەر زریان و بەفرو باران**
**وازبێنن لەزستانی دڵ**

**ماڵ دەنێمەوە وەك جاران**
**بەرەو خونچەو بەهاری گوڵ**

● بۆ خاوەن (خەمێکی گەورە)، ئیقاعی شیعرەکەت تێکداوە، جۆرە لەنگی یەك سەرهەڵدەوا، وا کۆپلەیەکیشی لێ بلاودەکەنیەوە.

**غەمێکی گەورە توێشووی**
**رێگای دوورو هەورازمە**

**داهێنانی پرچی کچێ، خەونێکی نوێ**
**ئارەزووو نیازمە**

**ستەمی دەستبەرداربوونی ئەم غەمە**
**گۆرانی و نیازمە**

○ ○ ○ ○

# دواوشە

## ئاڤا خورتا سەر ئەڤراز دچیت

حەیف و موخابن هندەک ،بەلێ هندەک.. نەهەمی گەنج بها و نەرخێ پەیڤا کوردی‌یا پیرۆز کێم دکەن وئەو بخـو نزانن کو پەیڤـا خودانێ خو بلنـد دکـەت و بنـاڤ دەنگێ دکەت هەر ئەو پەیڤە خودانێ خو بن ئاخ دکەت..

پەیڤا کوردی پیرۆزە وەک کانیکەک زەلال ڤێجا هەکە ئێکی بڤێت خو بدەتە نیاسین مادێ چیت بەرا هاڤێتە کانیکێ دا شێلی بیت و خەلک بەحسێ وی بکەن؟

نەخێـر. شەیدا و ئەڤیندارێن پەیڤـا کوردی بێ دەنگی دنڤێسین و خزمەتێ دکەن نەوەک وی مروڤێ سێ گوتار بتنێ نڤێسینە د هەمی ژینا خودا توشی نەساخیا حرحرێ و سەرخوشیێ بی‌یە چنکو کەسێ نابینت ژ خو زانا و چێتر. نڤێسین و خزمەت هوسا نەینە.

ئەوێ تۆر و نڤێـسـینێت ژ تورڤـان و هۆزانڤـان و نڤیسەڤانێن کەنکەنە بکەتە گێلە شوک و گونەهبار بکەت و ئەو هێشتا ساڤا بو شیر ڤەدخار کا ڤان نەنیاسا چەوا خزمەتا تورێ کوردی دکر بدلسوزی و بقوربانی وهندە کەڤـرا گرێلگـەت ژ بەژن وکێشـانا وی مەستر دڤێت بزانیت کو رێکا پەیڤا پیرۆز هۆ نینە و ئەڤ بالڤەدانە بگومانە و خالەک کرێتە و هەر تڤا سەر ئەڤرازە.. چنکو بسپـور و خزمـەتکـارێت تورێ کوردی لبـەهدینا بچەند رێـزەکـا ناشکێن و ناڤێ وان نزم نابیت.. بەرو ڤاژی هەر ئەو بەر بگوزەکا خودانی دکەڤیت و نڤیسینا تژی مژ و موران وەک راڤـا چەکچە کیـلانا بشەڤە.. مەروناهی دڤێـت و تیـروژ کێت بینـاهیێ بلا مە بنیـاسن وژێ نەترسین و شەرمین نەبین.

پەیڤـا کوردی ددل و هنـا ڤادا دژیت دنـاڤ خوینێ رێڤـە دچیت و باوەر نەکـەن گەردەنـا مە ئازاکـەت هەکە ئەم دراست و پاقژ و دلسوز و خوگوری کەر نەبین ژێرا چنکو ئاڤا خورتا پێدڤی‌یە سەر ئەڤراز بچیت.

**سگڤان عبدالحکیم**

بەیان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى



**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

نرخی (200) فلسە

دار الحرية للطباعة